محەمەد وەسمان

بنەماکانی

# ژیاندۆستی

هەولێر- ٢٠١٩

* ناوی کتێب:بنە ماکانی ژیاندۆستی
- ئا:محەمەد وەسمان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠١٩
- چاپ:سنوور-هە ولێر
- دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: زریان سابر
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٥٩٦ )ی ساڵی (٢٠١٩) پێ دراوە.

ژیاندۆستی

## پێڕست


بەشی یەکەم

- بەها مرۆییە هاوچاخ وزانیارییە

ئەزموونەکییەکان -١١

- لە کۆڵەگەکانی شارستانییەتی -١٨

- لەبارەی ئازادی -٢١

- تیرۆر دڕندەیە دەبێت بنبڕبکرێت -٢٦

- لەبارەی ژیان و مردن -٣١

- بیرهات - ٥٠

- هەندێ قسەوپەند - ٥٢

بەشی دووەم

- بیری ئەفسانەیی - ٥٧

- سەرمایەداری لەهەڵوەشانەوەدایەو
بەرەو ڕووخان دەچێت ٥٨-
- لە نێوان بیری ئەفسانەیی و هۆشپەسندیدا ٦٣-
- چاخی بارودۆخ وبەرهەم هێنانی
ناهۆشمەندانە ٦٥-
- لەپەراوێزی جەنگی بازرگانیی
جیهانیدا ٧٦-
- سەرمایەداری دەردە یا دەرمانە؟ ٧٩-
- لەنێوان بیری جادووخوازی و بیری
هۆخوازیدا ٨١-
- رۆشنبیرە وردەبورجوازییەکان خەون
بەرزگار کردنی جیهانەوە دەبینن ٨٨-
- هەڵوەشانەوەی چینی وردە بورجوازیی ٩١-
بەشی سێییەم
- لەبارەی دیموکراسی ١٠١-

- لە بارەی عەلمانییەت
وبێلایەن کردنی دەوڵەت ١١١-
- لەبارەی هاووڵاتیی بوون ١٥٤-
- لەبارەی رۆشنبیرو لایەنگریی دیموکراسی ١٦٨-
- لەبارەی دەوڵەتی دیموکراسیی لیبراڵی ١٩١-
- لەبارەی مافەکانی مرۆڤ ٢١٣-
-سەرچاوەکان ٢٦١-

# (١)

## بەها مرۆییە هاوچاخ

## وزانیارییە ئەزموونەکییەکان

بەهاکـــان ئەوپێـــوەرانەن لەسـێبەری ئەوانـــدا ئەوبڕیـارانە دەدرێـن، کە تـاکەکەس دەیانـدات بـۆ پەسندکردن ،یان پەسندنەکردنی بابەتێکی کەسی، یا شـتێک، یـا ڕووداوێـک، یـابیرۆکەیەک، لەرێگـای هەڵسـەنگاندنی بەکـاریگەری زانـین وشـارەزایی وپێکهاتەی ژیاریی کەتێیدا دەژییێت.

کەواتە وەک پێـوەرێکە خواسـت و ڕووکـاری مـرۆڤ ئاراسـتەدەکات و رەفتـاری دیـاری دەکـات بە: رەزامەندی، یا رەتکردنەوە، یاهاوسۆزی، یا بێبـاکی و پشت تێکردن.

## ئاستی یەکەم

لەسەر دەمی ئەمڕۆماندا، دووبازنەی گەورەی بەها مرۆییە هاوچاخەکان و زانیارییە ئەزموونەکییەکان، بنچینەی شارستانییەتی هاوچاخمان پێکدێنن.

**یەکەم-** بەها مرۆییە هاوچاخەکانی ئەمڕۆ لەسەر تاسەری جیهان رەفتاری مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن، وەک: مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ئازادییەکان، ئاشتی و یەکسانی، ناتوندوتیژی، ئازادیی بیروباوەڕو ئازادیی دەربڕین و ژیاندۆستی .. هتد.

**دووەم-** زانیارییە ئەزموونەکییەکانی لەرێگای بەجێهێنانی بەرنامە زانستییەکانەوە پەیدابووە لە بوارە سروشتی و مرۆییەکاندا و سەرباری شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیایی زانیاریی هاوچاخ، وادەکات مرۆڤی هاوچاخ لەسەر تاسەری جیهان خاوەنی هەمان بەها و هەمان زانیاریی ئەزموونەکی بن.

ئەوەیش وادەکات لە بیرو وشیاری و رەفتارو کردارو گوتاردا هاوئاست وهاوشێوەبن.

ئاستەکانی دیکەی دەرەوەی ئەم ئاستە، ئاستی بەها مرۆییە هاوچاخەکان و زانیارییە ئەزموونەکییەکان و ژیاندۆستی، بازنەی دیکەن خاوەن بەها و زانیاری دیکەن.

هەر نوێسازی، یاچاکسازی لەنێوئەم بازنانەدا دەبێت یەک ئامانجیان هەبێت، ئەویش نزیک بوونەوەیە لە ئاستی بەها مرۆییە هاوچاخەکان و زانیارییە ئەزموونەکییەکان و ژیاندۆستی.

ئامانجیش رزگاربوونە لە هۆکارەکانی بیرو رەفتارو گوتارو زانیارییەکانی زیان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان وئاشتی وپێکەوەژیان و ژیاندۆستی دەگەیەنن.

## ئاستی دووەم

ئاستەکانی دیکەی دەرەوەی ئاستی بەها مرۆییە هاوچاخ و زانیارییە ئەزموونەکییەکان بازنەی دیکەن خاوەن بەها و زانیاری دیکەن. وەک بازنەی نەتەوە، ئایین، سیاسەت، رۆشنبیری. .. . هەریەک لەم بازنانە لەکۆمەڵێک بازنەی بچووکی دیکە پێک دێن خاوەن بەها و زانیاری دیکەن. لەپلەو شێوازجیاوازن.

بۆنموونە بازنەی نەتەوە: کورد، فارس، عەرەب، تورک، فەڕەنسی، یابانی. .. . هەریەک لەم بازنە بچووکانەی ناو بازنە گەورەکەی نەتەوە خاوەن بەها و زانیاری گشتی و تایبەتمەندن و هۆکاری پەیدابوون و پەرەسەندنی تایبەتی خۆیان هەبووەوهەیە.

بۆنموونە، بازنەی ئایین: ئەویش بەهەمان شێوە لەژێر ئەم ناونیشانە سەدان بازنەی بچووک هەن، وەک ئایینەکانی : ئیسلام، مەسیحایەتی، یەهوودییێتی، بوودییێتی، هیندۆسییێتی...هتد.

ئەگەر یەکێک لەم بازنە بچووکانەی بازنە گشتییەکە، کە ئایینە وەرگرین، وەک ئایینی ئیسلام، ئەوا دەبینین لە چەندان بازنەی بچووکتر پێکهاتووە، بەهەموویان مۆزاییکی ئایینی ئیسلام پێکدێنن.

یەکەم بازنەی بچووکی ئەم پێکهاتەیە بازنەی رێڕەو (مذهب)ی سوننەیە، دووەم بازنەی بچووکی ئەم پێکهاتەیە بازنەی رێڕەو (مذهب)ی شیعەیەو سێیەم بازنەش سۆفیگەرییە وسەدان ئایینزای دیکە.

گەر لەبازنەی سۆفیگەری وردبینەوە، دەبینین بزووتنەوەیەکی نوێسازییە لە ئایینی ئیسلامدا. نوێسازییەکەی لە رەتبوونیەتی لەدەق، دەقی خستۆتە خزمەت مرۆڤ.

سۆفیگەریی بەهەردوو هێڵە گشتییەکەی، هێڵی سۆفیگەریی خۆنەویستیی و زاهیدانەو سۆفیگەریی فەلسەفییانە (واتە کاریگەری هەندێ لایەنی فەلسەفەی یۆنانی لەسەرە) بەپلەی جیاجیائەم نوێسازییەیان بەدیهێناوە. نموونەی هەرە بەر چاوی هێڵی یەکەمی سۆفیگەریی زاهیدانە ئیمامی غەزالی

(ئەبوحامید محەمەد کوڕی محەمەدی غەزالی (٤٥٠-٥٠٥ هـ) (١٠٥٨ ز- ١١١١ ز)یەو نموونەی هەرە بەر چاوی هێڵی سۆفیگەری فەلسەفییانە (واتە کاریگەری هەندێ لایەنی فەلسەفەی یۆنانی لەسەر ە) ئیبن عەرەبییە (محێدین محە مە د کوڕی عەلی بن عەرەبی ٥٦٠کۆچی- ٦٣٨ کۆچی ١١٦٥ ز-١٢٤٠ز) کەدەڵێت:

وقد صار قلبي قابلا كل صورة

فمرعى لغزلان و ديرا لرهبان

ئیمڕۆدڵم هەموو وێنەیەک لەخۆدەگرێت

لەوەڕگەی مامزانەو پەرستگەی راهیبان

وبيتا لاوثان وكعبة طائف

والواح توراة واوراق قرآن

ماڵی بتان وکابەی پەرستکارانە

نووسگەی تەورات و لاپەڕەکانی قورئانە

ادين بدين الحب انى توجهت
ركائبه فالحب ديني و ايماني

ئایینم خۆشەویستییە، کاروانی بۆهەرلا
بڕوات، خۆشەویستی ئایین و ئیمانمە

# له كۆڵەگەكانی شارستانییەتی

ژیان، لەهەموو ئاستەكانیدا، لەسەر ئاستی تاكە كەسی وبەكۆمەڵ و لەسەر ئاستی دەوڵەت و نێودەوڵەتیدا، ململانێیە (صراع)، ململانێی ئەرێنی و هۆشپەسندانە، یا ململانێی نەرێنی و دڕندانە.

بەرانبەر ململانێی ئەرێنی وهۆشپەسندانە، دەبێت پشتگیری كردن وهاندان بێت، بەرانبەر ململانێی نەرێنی و دڕندانە، دەبێت هەڵوێستی دژایەتی كردن و ریسواكردن و هەنگاو بۆ نەهێشتنی بهاوێژرێت.

ململانێی ئەرێنی و هۆش پەسندانە، لەسەرهەموو ئاستەكانی ژیاندا، ئامانجی بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤ دەبێت.

ئەمڕۆ لەژیانی رۆژانەدا، لەهەموو ئاست و لایەنەكانیدا، پشت بە زانیاری زانستی ئەزموونی وتەكنەلۆژیای هاوچاخ دەبەسترێت و بوونەتە پێوەری راستی و جێی متمانەپێكردن.

بەهەمـــان شـێوە لـەبـواری زانسـتـە مـرۆییە کانــدا، بەپشتبەســتن بە میتــۆدی تــوێژینەوەی زانســتی و لەبەرچـــاوگرتنی تایبەتمەنـــدی هەر بوارێـــک، زانیارییەکــانی بەرهەمــی ئەم زانسـتانە بــوونەتە پێوەری راستی وجێی متمانەن.

ئەم زانیارییــانەن مرۆڤـــی ئەمڕۆئاراســتە دەکەن، رێگەچـارەی گیروگرفتەکـانن، مـایەی پـلان دانـانن بۆئاینـدە، لـەسـەر ئاستی تـاکە کەسی وبەکـۆمەڵ و لەســەر ئاســتی دەوڵەت و نێودەوڵەتیـدا. بەهەمــان شێوە بەها مرۆییە گەردوونییەکان- مافەکانی مرۆڤ- بەمـــافە ئـــابووری وکـــۆمەڵایەتی و سیاســـیەکان وبەجێهێنانی ئازادییەکان، بوونەتە پێوەری راستی وجێی متمانەن و مرۆڤ ئاراستەدەکەن و لەسەر ئەم بنچینەیە هەڵوێست وەردەگرێت. ئەم دوو ڕێزانییە، بـوونەتە پێوەری زانینـی ئاستی دووری و نزیکـی لە ئاستی شارستانیەتی ئەمڕۆدا.

میـدیاو ئەدەب و هـونەر و نووسین، پرسەمرۆییەکان- لەســـەر تاســـەری جیهـــان- لەبەرچـــاودەگرن

وبەختەوەری مرۆڤ لەژیاندا ئامانجیانە وچەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ڕەت دەکەنەوە و مەینەتییەکانی مرۆڤ بەشێوازە جیاجیاکان دەردەبڕن.

شادی وبەختەوەری مرۆڤ لەژیاندا و زیندوو ڕاگرتنی یادی کارو ڕەفتار و هەڵوێستەباشەکان، بەرانبەر پرسەمرۆییەکان، ئامانجیانە ونەفرەت وریسواکردنی کارورەفتارو هەڵوێستەخراپەکان وکۆسپ وتەگەرەکانی بەردەم ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ بەئەرک دەزانن.

## لەبارەی ئازادییەوە

ئازادی زاراوەیەکە بە بوونی هۆش و ویست پێناسە کراوە، واتە ئەم دووانە مەرجن بۆ بوونی ئازادی.

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، ئازادی پەیوەستە بە بوونی مرۆڤ و وەک سیفەتێکی مرۆڤ، لە بوونەوەرانی دیکە ی جیاواز و گریمانەیی جیا دەکاتەوە.

بوونەوەرانی دیکە جیاواز بەپێی سروشتەکەیان و بوونەوەرانی گریمانەیی بەپێی پێناسەکەیان.

کە دەوترێت مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت مەبەست ئەوەیە بە کۆیلەو بەندە لە دایک نابێت، واتە رەتکردنەوەی سیستەمی کۆیلەکردنی مرۆڤە، یا بە سروشتی نەزانینی کۆیلەتییە.

ئازادی و ئاکار سیفەتی مرۆییە ، لە کەموکورتی و وشیاریی ئەم کەموکورتییە دان، هاوکات بوونی ویستی هەڵبژاردن بۆ ئەنجامدانی کارێک

لەمبارەیەوە، کەواتە ئازادی مەرجدارە بە وشیاری و توانای لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی.

کەواتە ئازادی سیفەتی ئەو بوونەوەرەیە کە هۆش و ویستی هەیە، ئەویش مرۆڤە.

هەرچەندە لە ئەدەبدا، مرۆڤ وێنەی فڕینی باڵندە دێنێتەوە، وەک هێمایەک بۆ ئازادی و خواستی مرۆڤ بۆ ئازادی، بەڵام ئەمڕۆ ئەدەب پێویستی بە وەرگرتنی وێنەی باڵندە نییە، شاشەکانی تەلەڤزیۆن، رۆژانە، هەزاران دیمەنی مرۆڤی ئاوارەو دەربەدەرو کۆچبەر پێشان دەدات بەرەو وڵاتەکانی ئەورووپاو وڵاتەکانی دیکە دەڕۆن، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بەدوای سەقامگیری و ئاسایش و ژیان دەگەڕێن.

هەر ئەوەندەش نییە، بەڵکو بەدوای ئازادی و رزگاربوونن لە ترس، ترسی هەنووکەیی راستەوخۆ لە مردن نا، بەڵکو رزگاربوون لە ترسی بەردەوام لەم ژیانەی لێی رادەکەن، لە ژیان لە سێبەری سیستەمێک رادەکەن، لێواو لێوە لە ترسی هەمیشەیی

و بەردەوام، ئەوان ئەم جۆرە ژیانەیان رەتکردۆتەوەو نە بۆ خۆیان نە بۆ رۆڵەکانیان پێی رازی نین و ملکەچی نابن.

نایانەوێت لە سێبەری دەوڵەتی ترس و تۆقاندن بژین، دەوڵەتی دکتاتۆری، ئەو دەوڵەتانەی دژی لۆجیکی دەوڵەت و پێکهاتەکەیەتی، لە سێبەری دەوڵەتی دکتاتۆریدا، هاوبەشی سیاسی، پارت و سەندیکاکان و مافە شارستانییەکان پێشێل دەکرێن دەزگا شارستانییەکان کاریگەریان نامێنێت، بەڵکودەبن بە داردەستی دکتاتۆر، دەشێ قەوارەشیان نەمێنێت.

ئازادی و مافەکان گەمارۆ دەدرێن، چاودێریی ئازادییەکانی هاووڵاتییان دەبێتە ئامانجی دەوڵەتی دکتاتۆری، تا پلەی سنووردانان بۆ ئازادیی دامەزراوەکانی دەوڵەتی خۆی، تا رادەی گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکانی پێش دروستبوونی دەوڵەت، لە پێناو

مـــانـەوەی دکتـــاتۆرو لـە دژی مـــاف و ئـازادییـەکـــانـی هاووڵاتییان.

بـەم جۆرە دەوڵـەتـی دکتاتۆری نـوێ چـی پاشـا یـی چـــی کۆمـــاری، زۆر لـە رژێمـەکـــانـی پـــێش خـــۆی بـە دەسـتـەڵات و چـەوسـێنـەرو تـۆقێنـەر دەبـێت، سـەربـاری سیستـەمـی سیاسییـەکـە خۆی و گشتگری دەوڵـەتـی نـوێ و فرەوان بوونـی بواری دەسـتـەڵات بـەسـەر راگـەیشـتن و فـەراهـەم بـوونـی ئـامرازەکـانـی گـەیانـدن و تۆقانـدن و خـەفـەکردن، کـە پێشتر بوونیان نـەبووە.

هـەرچـەنـدە لـە سێبـەری دەوڵـەتـی نوێ و بـەپێی لۆجیک و پێکهاتـەی دەوڵـەتـی هـاوچـاخ، مافـەکـانـی تـاکـە کـەس و ئـازادییـەکـان بـەبـێ ئـامرازەکـانـی دەوڵـەت فـەراهـەم نـابێت لێـرەوە بیـرۆکـەی مافـەکـان دێـتـە ئـاراوەو بـە دامـەزراوەیـــی کـــردن مـــاف و ئـازادییـەکـــان و بـە قانوونـی کردنیان و پتـەوکردنـی کۆڕا لـەبارەیانـەوە لـە رۆشنبیری سیاسی باو لـە کۆمـەڵگـەدا.

کـەواتـە تـەنیـا لـە چوارچێـوەی دەوڵـەتـی دیموکراسـی دەکرێ هـەوڵ بدرێت بۆ ئـازادی و هێنـانـەدی ئـازادی و

پاراستنی مافەکانی هاووڵاتی بوون، وەک: ئازادی کەسی هەموو کەسێک دەیەوێت ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی چەشن و شێوازی ژیانی و کارو شوێنی نیشتەجێ بوونی باوەڕی ئایینی و شتی دیکەش، هەروەها مافی لە پاراستنی ئەم ئازادیانە، و ئازادییە شارستانییەکانی وەک: یەکێتییەکان، سەندیکاکان، ئازادی یەک بوون، گردبوونەوە، کۆبوونەوەو ئازادی رادەربڕین و ئازادی سیاسی کە ئازادیی شارستانییەکان دەست پێدەکات و بە هاوبەشی لە سیاسەت و بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە چارەنووسی ئەو و کۆمەڵگەکەی کۆتایی دێت.

(عزمي بشارة، مقالة في الحرية،المركزالعربي للابحاث،ط١،بيروت-٢٠١٦.ص ٢٨-٢٩-٣٠)

## تیرۆر دڕندەیە دەبێت بنبڕبکرێت

ئەمڕۆ، تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان، هۆوبنچینەوسەرچاوەکانی ئاشکراکراون. دڕندەیی تیرۆر گەشتۆتە ئاستێک بۆ بنبڕکرنی هەماهەنگی وهاوپەیمانی جیهانی بۆدابین کراوە. هۆوبنچینەیەکی تیرۆرهزروئایدیۆلۆجیا یە، کەواتە دەبێت لەسەر ئاستی هزروئایدیۆلۆجیا ش بەرەنگاری ببینەوە، سەرەتای ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش بەپرسیارکردن دەست پێدەکات؟

ئایە رەهەندە هزری وئایدیۆلۆجیا یی وسیاسی وئابوورییەکانی ئەم دڕندەیە چین؟ چۆن پەیدابووەوپەیدادەبێت ولەناودەبرێت ودیسان سەرهەڵدەداتەوە؟

ئایە پەیوەندی بە هزرو ئایدیۆلۆجیا یەکی دیاریکراو هەیە؟ تاچەند پەیوەستە بەسیاسەت وچۆن وکامانەن ئەوانەی دەیپارێزن؟ ئەو شمشێرەی رێ لەرەخنەو

پرسیار دەگرێت، یابەلاڕێی دادەبات یاهەرقەدەغەی دەکات کامەیەو لەدەستی کێدایە؟ کێن ئەوانەی ئەم دڕندەیە زیندوو دەکەنەوەو دەی پارێزن؟

ئایە سیاسەتی نێودەوڵەتی تاچەند کاریگەرە لەسەر بە رەنگـــاربوونەوە یاســـەرهەڵدانەوەی تیـــرۆر؟ بەرژەوەنـــدی نێـــودەوڵەتی کەی رێکـــدێت لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دڕندەیە؟

ئەمڕۆ لەو وڵاتـانەی سـەرچاوەی هـزری توندڕەوین، لەدەرەوەولەناوەوەیـان فشـاری زۆریـان لەسـەر ەبـۆ نەهێشتنی سەرچاوەکانی توندڕەوی وتیرۆرو وەلانانی لەفێرکاری وژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی.

رۆژئاوا هەستی بەوەکردووە، تیرۆر دێوێکی دڕندەی وێـــرانکەرە زیـــان بە بەرژەوەنـــدییەکانی وبەهاشارســـتانییەکانی دەگەیەنێـــت. بـــۆیە لەزۆرشـــوێنی جیهـــان بەتونـــدی وبەزەبـــری هێـــز رووبەڕووی دەبێتەوەولەناوی دەبات.

بیری توندڕەوی وئایدۆلۆژیای فاشیزم وهاوشێوەکانی ئەوانەی خەون بەبـالاتربوون وسەردەستەیی خۆیـان

بەسەر تەواوی جیهان دەزانن وهەوڵی سەپاندنی ئایدۆلۆژیاکەیان دەدەن بەسەرهەموو جیهان وباوەڕیان بە پێشەوایی خۆیان هەیە بۆ جیهان. جەنگ بەئەرکێکی پیرۆزدەزانن ورکوکینە بەرانبەرغەیری خۆیان دەچێنن. ئەوانەی چاوەڕێی سەرکردەی باڵاوتاکی رزگار کەر وفرەزان دەکەن، ئەوانە خاوەن ئایدۆلۆژیای فاشین، ئەوانەو هاوشێوەکانیان، سەرچاوەی توندوتیژی وتیرۆرن.

فاشیزم(fascism) ، زاراوەیەکە مۆسۆلینی لە١٩١٩ بەکاری هێنا بۆ بزووتنەوە سیاسیەکەی کەدژی چەپ و لیبرالییەتی بوو، لە١٩٣٣ کەگەیشتەدەستەڵات لەئیتاڵیا، زاراوەوچەمکەکەی رەهەندی جیهانی وەرگرت.

ئەمڕۆ، لەرۆژئاوا ولەژێر سێبەری لیبراڵیزم، ئایدۆلۆژیای فاشیستی و هاوشێوەکانی، ژینگەی لەباریان بۆ رەخساوە وگەرای تیرۆروبیری توندڕەوی وتوندوتیژی دابنێن، وەک ماری سڕبوو کەدەرفەت رەخسا لەخاوەنەکەی وەدەدەن.

لەرۆژئـــاوا ولـەژێــر سـێبەری لیبرالّیــزم پێلێکــی گەورەی رەگەزپەرســـتی وتونـــدوتیژی وفاشـــیزم و هاوشـــێوەکانی ســـەریان هەڵـــداوەتەوەو ئێســـتا لەزۆرشــوێن حــالّتە زۆرشــوێنی دیــکە دیــاردەیە، شـــاردنەوەی ئەم واقـــیعە تـــالّە وبەرگـــی نـــوێ لەبەرکردنـــی راســتییەکەی ناشــارێتەوە، بەگــۆڕینی رێکەوتــی کــات بەســەرچوونی گۆشــتی گەنیــو نــوێ ناکاتەوە.

ئەم ئایــدۆلۆژیا توندڕەوییەوفاشییەوهاوشــێوەکانی، ژینگەو گەنیاوی تیرۆرە. بەپاساوی ئازادی رادەربڕین وئـازادی پەیڕەوکردنـی تایبەتمەندییەکانیان، نابێت لەنـاوەرۆکە تونـدڕەوی وفاشـییەکەیان پـێ ئاگــابن، دەنــا هەڵوێســتێکی نابەرپرسـانەیە، رێخۆشـکەرە بـۆ سەرهەڵدانی تیرۆرو توندڕەوی.

کەواتە پـێش هەمــووان لەرۆژئـاوا ولەژێــر سـێبەری لیبرالّیـزم رووبەرووی چۆنـامییەکی تیـرۆرو تونـدڕەوی دەبنەوە، لەپێش هەمووان ئاوارە کۆچبەران باجەکەی

دەدەن. هەتائەوانەش سەریان خستۆتە ژێرلمەوەو دنیا بەشام دەزانن.

شاردنەوەی ژینگەو گەنیاوی تیرۆر، چۆنامی تیرۆری بەدواوەیە، لەبەرانبەردا ئاشکراکردنی و رووبەڕووبوونەوەی ئەو گەمیەیە پێی رزگاردەبن.

(٢)

## بیری ئەفسانەیی (١)

ئەم رۆژهەڵاتەی بیری ئەفسانەیی تیا لەدایک بووە، لەسادەترین ئەفسانەوە تا ئاڵۆزترینیان، رەخنە لە بیری ئەفسانەیی تیا لەدایک نەبووە، لەبەر ئەوەی چینە پێشووەچووەکان ناوێرن رەخنە لە بیری ئەفسانەیی بگرن، چینی پەککەوتەن لە رەخنە و شۆڕش دەترسن. رۆژهەڵاتی بە بیری ئەفسانەیی کۆت وبەندکراوە، رۆژهەڵاتی زەوی وئاسمانی تێداتێکەڵ کراوە. بیری ئەفسانەیی خەڵکی لە واقیع دابڕێیوەو ونامۆی کردووە، خەڵکی خستۆتە خەوێکی قووڵەوە. بنبڕکردنی ورێنەو دیدگای بیری ئەفسانەیی، پەیوەستە بە بنبڕکردنیبارودۆخ و ژینگەی پڕنەهامەتی وخراپی مرۆیی، ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی ورێنەو دیدگای بیری ئەفسانەیی ڕەوایەتی پێدەبەخشێت.

**(١)چەند دەقێکی جیاجیا، ل٢١تا٦٣، لە کتێبی:(-العفيف الاخضر-من نقد السماء الى نقدالارض-)(ل ٢٩ تا ١٦٠) وەگێڕدراون.**

ئەوەیش بە نەهێشتنی چەوساندنەوەومافخواردنی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە و وەلاتانی کەمینەی، زۆرینە دەچەوسێنێتەوەومافەکانی دەخوات.

پرسەکە ئەوەیە چۆن خەڵکانلەم خەوە قووڵەی بیری ئەفسانەیی- هەندێجار پێش بیری ئەفسانەیی-بەئاگا بهێندرێنەوە؟ئایا هەنگاو بۆئەنجامدانی ئەم ئەرکە نراوە؟ یا بەپێچەوانە زیاتر سڕکراوە وخەوەکەی خۆشترو قووڵتر کراوە؟

بۆئەم مەبەستە، پێویستە مێژوو بەدەنگ بهێندرێتەوەو رەخنە ئاڕاستەی بنەماکانی بیری ئەفسانەیی بکرێت وڕاستەقینەی بیری ئەفسانەیی وپێش بیری ئەفسانەیی بزانرێت.

بە بیروبۆچوون وزانیاریی زانستیی ئەزموونەکی وکارکردن بە بەها مرۆییە هاوچاخەکان، خەڵکان لەخەوی بیری ئەفسانەیی وپێش بیری ئەفسانەیی، بەئاگا بهێندرێنەوە.

## سەرمایەداری
## لەهەڵوەشانەوەدایەو بەرەو ڕووخان دەچێت

هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێویستە لەهەمەکییە مێژووییەکەیدا لێکبدرێتەوە و باس بکرێت: لە رەوت و گۆڕانی مێژووییدا، لە پەیوەندیی بەئابووری –تەنگژەی ئابووری- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتاندا، لە پەیوەندی بە رکابەریی ئیمپریالییانە لەسەر بازاڕوپێگەی ستراتیجی وپەیوەندیی بە هاوسەنگیی هێز لەنێوان چینەکان، بۆدۆزینەوەی هۆکارە دوور و نزیکەکانی و شیاوییە مێژووییەکەی .

ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی روودەدەن نیشانەن بۆ گۆڕانی چەشنەبەرهەمهێنانی سەرمایەداری، کەوا لەناخەوە گەنیوە، لەشکست وداهێزاندایە بەرەو هەڵوەشانەوە. داهێزانەکەی لەوەدایە: لەسەر مایەداریی

لیبـرالییەوە گـۆڕاوە بـۆ سـەرمایەداریی ئیمپریـالی: کەوتۆتە جەنگێکی جیهانیی بەردەوامەوە.

هەڵوەشـانەوەکەی لە بەردەوامیـی تەنگـژە کەڵەکەبـووە بێچارەرەسـەریە کەی و نەبـوونی دیـدگایەکی رۆشـنی چارەسـەرکردن دەردەکەوێـت، یـاخۆی لە شۆڕشـی جیهـانیی و سەرتاسـەری دەبینێنێتەوە.

هەرئەمەشـە راڤەولێکـدانەوەو هـۆی: پشـێویی هەمیشەیی نێودەوڵەتی، کەوامرۆڤایەتی بەئاگرەکەی دەسووتێت: تیرۆرلەسـەر ئاستی جیهـان (عەلمـانی وئـاییني)، جەنگـی تـائیفەگەری، جەنگـی هـۆزو رەگەزەکـان لەتەک جەنگـی ئیمپریـالی یـا لێکەوتەودرێژەی ئەون.

ئەم راستییەی نکووڵی لێ ناکرێت ئەوەیە، چەشنی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری لە داهێـزانەوە بەرەو هەڵوەشانەوە چووە، ئەمەیە ئەم ژینگەیەی، یا ئەم لـووزەوەی، بزووتنەوەکـانی ئەوپەڕی راسـترەویی لەرۆژئـاوا و پێلە میکرۆ-نەتەوەییەکانی لە وڵاتـانی

ئەوروپای رۆژهەڵات و ناوەندی .. و بزووتنەوەفەندەمەنتالییزمی-الاصولیە- ئیسلامی لێ پەیدابووین.

ئەم بارودۆخەی پڕە لە پشێویی خوێناویی نێودەوڵەتی، ئەوەی هەڕەشە لە تاکە دەستکەوتی گرینگی سەرمایەداریی سەربەرەوژوورچوو دەکات: یەکخستنی بازاڕی نێودەوڵەتییە.

ئەگەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاپۆرەدار، ڕێگا لەم ئاڕاستەیەی ئێستا کارایە لەگۆڕەپانی جیهانی نەگرێت، خەریکە ئەم قەوارانەی هەن دەکاتە موزاییکێک لە تایفەو میکرۆ-نەتەوەییەکان .

هۆکاری هەڵوەشانەوەکە، بەردەوام بوونی تەنگژە درێژخایەنەکەی ئابووریی نێودەوڵەتییی سەرمایەدارییە، لەگەڵ نەبوونی دیدگا لە جیهانێکدا لەهەموو لایەنەکانی ڕوولەڕووخانە.

قەوارە ئیمپریالییەکان -وەک پێشوو- نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی کاتی تەنگژەکە چارەبکەن بە (سێیەم

جەنگــی جیهــانی) و ئــاوەدانکرنەوەی جیهــان دوای وێرانکردنی .

گەر ئەم جارە جاری کۆتایی نەبێت . لەبەریەک هۆی یەکــلاکەرەوە: لاوان وکرێکــاران ئەم جــارە ئەوە رەتدەکەنەوە ملکەچی بۆرجوازییە نەتەوەییەکانیان بن تاوەک سووتەمەنی جەنگ بەکارنەیەن.

ئەوانــــیش تــــائەمڕۆ نەیــــانتوانیوە بــــژاردە تایبەتییەکەیــان پەیــڕەوبکەن، شــۆڕش –گــۆڕینی سیستەمی کۆنی کۆمەڵایەتی بە سیستەمێکی نوێی کــــۆمەڵایەتی-ی نێــــونەتەوەیی . لەبەر ئەوەی بورجوازییەکــانی دەوڵەتــانی ناوەنــد بــۆ دوودەیە دەچێت توانیویانە، تەنگژەی ئابووری لەسەر خۆیان ســووک بــکەن بە گواســتنەوەی تونــدوتیژییەکەی بۆدەوڵەتانی لابەلا .

ئەمڕۆ ئەم کارەشیان بۆ ناچێتەسەر، لەبەر ئەوەی نیشانەوهاوشێوەکانی ئەم نەهامەتییەی رەنجدەران لە نێو قەڵاکانی وڵاتە پیشەسازییەکان دەردەکەوێت.

## لە نێوان بیری ئەفسانەیی و هۆشپەسندیدا

ئەم هەڵوەشانەوەی تەیمانەی دەوڵەتان و تەیمانەی کۆمەڵایەتی هەردەوڵەتێکی لەوانی گرتۆتەوە، هیستیریای لای ئەم کۆمەڵگایانە دروست کردووە، بۆتە هۆی ونکردنی ڕێوشوێن و گومڕایی، بووین بە نێچیری نائومێدی و ئاسۆتاریک بینین.

ئەم حاڵەتەش وای کردووە چەمک و دەستەواژە نا هۆشپەسندانەکانی وەک: بانگەواز بۆ بەرژەوەندیی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان، نیشتمان پەرستیی ڕەگەزپەرستانە، ناسنامە پەرستی، گۆشەگیریی خۆپەرستیانە-نێرگزیانە، گەڕانەوە بۆ دڵنیایی بۆباوەشی دایکی شیردەر، ڕەهابوونی گەڕانەوە بۆسەرەتایی بوون، گەڕانەوە بۆ میکرۆ-فاشیستیەتی شاراوە لەتاکدا. لەلای کۆمەڵە خەڵکێک پەسندبکرێت، خەڵکێکی ئامادەی توندڕەوی و

فەندەمینتالیست بوون، لەلای ئەو کەسانەی لە پاشەڕۆژی پڕکارەساتی: کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ژینگەیی –ئیکۆلۆجی، ئەتۆمی دەترسن.

مارکس (١٨١٨-١٨٨٣ م) –لەشوێنێکدا- ئەوەی تێبینی کردووە، بیرەئەفسانەییەکان، لەسەر کەلاوەی رووخاوی شارستانییەکان پەیدابووین. لەوکات و شوێنەی ناعەقڵانییەتی جیهان دادەگرێت، لەوسەردەمەیدا وڕێنەی بیرەئەفسانەیی و جادووگەرییەکان بڵاودەبنەوە، لەو کاتەی وڕێنەی بەکۆمەڵ باودەبێت، ئەفسانە زاڵ دەبێت بەسەر هۆشپەسندیدا، بیری جادووگەری زاڵ دەبێت بەسەر بیری هۆکار پەسندیدا، ئەندێشەو خەیاڵ دەکەوێتە دوای زرەخەونەکان – خەونی ئاگاییانە.

بەم جۆرە لەنێوئەم کەش وهەوایەدا، سنووری نێوان هەڵکەوت-واقیع وفانتازم نامێنێت، وەک چۆن شێت لە جیهانێک دەژیێت لەخەیاڵدا دروستی کردووە، یاتریاک کێش لە جیهانە وڕێنەئامێزەکانی دەژیێت.

## چاخی بارودۆخ و بەرهەمهێنانی ناهۆشمەندانە

کـۆمـەڵـگـەی سـەرمایـەداریی داهێـزراو و هـەڵوەشـاوە، لـەنۆرەهیسـتریایی بـەکـۆمـەڵی یـەک لـەدوا یـەکـدا دەژییێت، گـرژییـە خۆویسـتانـە –نێرگزیـانـەیـەکی بـەرز، لـەنـەسـتی بـەکـۆمـەڵی پـڕلـە ئـەفسـانـەی رەهـابوو لـە هـەموو کۆت وبـەندێک، وزەی پێدەبـەخشێت.

لـەم سـەردەمـەمانـدا، هـەمـوو بـنـەماکـان (چـەسپاوەکـان) هـەژاون، لـەقـاون، بـەشـێوەیـەکی مـەترسـیدارمـەرجی مرۆڤی بوونیان کاڵ بۆتـەوە، یا نـەمـاوە، پـەلـەی مێـژوو هـەمـوو ورێـنـەکـانی دڵـنـەوایـی کـەرەوەی مرۆڤـایـەتی لـەسـەر ی دەژیا، خستـە بـەرپا.

هـەردوای دووەم سـەربڕخانـەی (جـەنگـی) جیهـانی، هـەمـوو شـتێک تـرس و تۆقـان دەگـەیـەنێـت: تـرس لـەنـەخۆشـییـەکان، لـەبرسـییـەتییـەکان، لـەتـەنگژەکـان، لـە بێکـاری، لـە مـایـەپووچ بـوون، لـەجیـاوازییـە

کۆمەڵایەتییەکان، لەجەنگی ناوەخۆ و دەرەوە. بەم جۆرە، ئەم خەڵکە متمانەی بەخۆی نەماوە، پەنای بردۆتە بەر ناعەقلانییەتی، گوێدێری ئەوانەدەکات: سەرکۆنەی دەکەن، بەگوناهباری دادەنێن، گوایە لەراستگۆیی دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە وێڵ کراون وازیان لێ هێنراوە، رەواییەکانیان پێشێل کردووە و قەدەغەکانیان شکاندووە، بۆیە نەهامەتی ودەردی کۆمەڵایەتییان بەسەردا دەبارێت.

بەم جۆرە مرۆڤایەتی، بەپلەی جیاجیا گەڕاوەتەوە قۆناخی پێش نوێگەری (مۆدێرنیتی). لەشوێنی لەدایک بوونی دیکارت (رینیێ دیکارت) ( ١٥٩٦-١٦٥٠م)، فەرەنسا، هەفتەنامەی (لونوڤیل ئوبسێرڤاتور –

Lonoville Observateur (N. Obs)

باس لەوەدەکات، لەساڵی ١٩٥٤ لە (٣٠) جادووگەرەکان، ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٣١٠٠٠) جادووگەر لەساڵی ١٩٨٩ دا.

راوێژکـــردن بـه جـــادووگـەر بـەلای کـەم (١٥٠٠ فرەنــک واتـه: ٣٠٠ دۆلار)ی تێچـــــووه، هـەره زۆرەکەی تـــــا (٣٠٠٠٠ فرەنک-واتـه: ٦٠٠ دۆلار)ی تێچووه.

سـەردانیکاروکرپارەکانیان ئـەوپارەبـازانـەبووین، کـەوا لـەهـەڵـــــبەزو دابـەزی دراوگــــــۆڕی وداتـەپینـــــــی بۆرسـەترسـاون و بـازرگـانـانـی مـایـه-مـادەی بێهۆشـکار فـــرۆش، ئـەوانـەی بڕبـــڕەی پشــتـی بۆرجـــوازییەتی موڵکـانـه گـەریی (ريعي) هاوچاخ پێکدێنن.

لـەبنجی (١٣٠٠) بلیۆن دۆلاری رۆژانـەگەڕاو لـه بـازاڕی نێودەوڵـەتـــان، تـەنیـــا (١٠) ملیـــاردۆلاری بـەئـــابووری بـەرهـەمهێن دەژمێردرێت، ئـەوەی دیکـه دراوەسـەودایـه (مضـاربة)، بـازرگـــانیی مـــایـه بێهۆشـکـارەکان، سـالانـه (٣٠٠) بلیـــۆن دۆلاره: ئـەوەنــدەی قـەوارەی بـازرگـــانیی نـەوت لـەجیهانـدا.

جـــادووگـەری کۆشـکـی سـپی لـەئـەمـەریکـــا، رۆژنـــامـەی کـــاری بـــۆ سـەرۆکی هـەرەپێشـووی ئـەمـەریکـی رونـالـــد ریگـان ئـامـادەکردبوو، بـۆ دیـارکردنـی رۆژەکـانـی خـۆش بـەختـــــی و بـەدبـەختـــــی، بـــــۆئـەوەی ســـــەرۆک لـه

هاتوچووەكـــانی و چاوپێكەوتنەكـــانی لەبەرچاویـــان بگرێت.

كەواتە، شتێكی چاوەڕوان كراوە، لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، ئەو وڵاتانەی نوێگەرییان بەخۆوە نەبینیوە، ناعەقڵانییەتی شێوازێكی سوریالیزمیانەی (Surrealism) هەبێت:

لە ساڵی ١٩٨٩ هەندێ لە فیقهزانان، حكوومەتی شانشینی سعودییان ناچاركرد، پەیمانگای ئەندازەی بۆماوەیی (معهد الهندسة الوراثية) دابخات.

گوایە بەڕای ئەم فیقهزانانە زانستی ئەندازەی بۆماوەیی وبایۆلۆجیا، دەست وەردانی مەخلووقە (ئەفرێندراوە) لە كاری خالیق (ئەفرێنەر).

( اقبال غربي: تطبيق الشريعة اليوم حرام، حقائق عدد ٣٣٦ تشرینی دووەم -١٩٩٢)

توێژەرێكی توونسی باس لەوەدەكات، تائێستاش كتێب دادەندرێت سەبارەت زانینی ژمارەی فریشتەكان، هەندێ بە (١٢٠) ملیۆن فریشتەیان دەزانن، ئەم ژمارە زۆرەش دەكرا لە جەنگی

دژبەئیسرائیل بەکاربێت.) ( الهاشامی شقرون: نقدالعقلیة العربیة، المغرب، عدد-٩٨ ٢٧-٤-١٩٨٨)

لەنیوەی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، دوابەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی بەناو ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی دووەم جەنگی جیهانی و لە ئەنجامی یەکەم پووکانەوەی ئابووریی نیودەوڵەتی، رەهابوونی ناعەقڵانییەتی لەهەموو کۆت وبەندێک، لەرووی چەندێتییەوە نوێیە نەک لەڕووی جۆرییەوە.

لەبەر ئەوەی ناعەقڵانییەتی ، وەک (فریدریک ئینجلز) (١٨٢٠-١٨٩٥ز) تێبینی کردووە، لەگەڵ چەشنە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە، ئەو سەرمایەدارییەی دوچاری یەکێک لە لێک دژییە بکوژەکانی هاتووە: توانای بەرهەمهێنانی بازاڕی دەوڵەمەندی نییە بۆ رایی کردنی (تصریف) بەرهەمەکانی.

لەبەر ئەم هۆیە لەتافی لاویی سەرمایەداریدا تەنگژەکانی زێدە بوونی خولەکیی زێدە بوونی

بەرهەمـــی هەبـــووە، لەزســـتانی تەمەنیـــدا بـــووەبە تەنگژەی هەمیشەیی و پووکانەوەی کراوە:

(هەر تەنگـــــژەیەک (ی ســـــەرمایەداری)، نەک هەر بەرێکـــــوپێکی رادەیەکـــــی زۆری بەروبـــــوومی بەرهەمهاتووی ئامادە لەناو دەبات، بەڵکو بەشێکی زۆری هێزی بەرهەمهێنی هەیە ئەویش لەناو دەبات. لەم تەنگـــــژانەدا پەتـــــایەکی کـــــۆمەڵایيەتی بڵاودەبێـــتەوە، لەهەمـــوو قۆناخەکـــانی رابـــردوو-گەر ســـەیری ئەم دیاردەیـــان کردبـــوایە –بە جۆرێـــک لە گـــاڵتە و بێهـــوودەیی دەژمێـــردرا، ئەوەیـــش پەتـــای زێدەبەرهەمهێنانە.

لە ناکـــاو کـــۆمەڵگە دەکەوێـــتەوە بـــارێکی درنـــدەیی کاتی، تائەوڕادەی مرۆ واهەست دەکات، برسییەتی، یا جەنگێکی لەناوبەر، هەموو سەرچاوەکانی ژیـانی لە کۆمەڵگە بڕیوە) .

بەم جۆرە، مانیفێستی کۆمۆنیستی، لە ٢٠ی شوباتی (١٨٤٨)ەوە نـــــاعەقڵانییەتی ســـــەرمایەداری دەستنیشـــان کـــردووە، کەوا شکســـتی هێنـــاوە لەوەی

بتوانێـت: ئـەم کـەلێـنـە روولـەفـراوان بـوونـەی نێـوان: ئـەوەی کـۆمـەڵگـە دەتـوانێـت بـەرهـەمـی بێنێـت وئـەوەی دەتوانێـــــت بیکرێـــــت پڕبکـــــاتـەوە، لـەبـەر ئـەوەی ســــەرمایـەداری یـەکـەم سیســــتـەمـە مرۆڤــــایـەتـی بینیویـەتـی: بـەرهـەم دێنێت بۆ سوود و قـازانـج نـەک بۆ دابینکردنـی پێداویستـی و خـواستـەکـانـی مرۆڤ.

لـەسـاڵـی ١٩٨٦: لیـژنـەی ئـەوروپـی سـەربـە پـەرلـەمـانـی ئـەوروپـی. . باسـی لـەوە کـردووە، بـەهـا ی ئـەوچیـایـە مـــایـە خۆراکییـــانـەی لـە کۆگـــا وســـاردکـەرەوەکـانـی دەوڵـەتـانـی بـازاڕی ئـەوروپیی هـاوبـەش کـەڵـەکـە بـووین ، دەگـاتـە ٨، ٥ ملیـاردۆلار: لـەوانـە ١٧ ملیـۆن تـەن گـەنـم و زیـاتـرلـە ١، ٢ تـەن شیـری وشـک). بڵاوبـوونـەوەی ئـەم زانیـاریـانـە بـوون بـەهـۆی نـاڕەزایی (یـوجین ویـلان) ( Eugene Whelan) (١٩٢٤-٢٠١٣) وەزیـری کشتـوکـاڵـی کـەنـەدی وســەرۆکـی ئـەنجـومـەنـی جیهــانیی ســەربـە نـەتـەوەیـەکگرتووەکــــــان (. .. .) لـەلێـــــــدوانـە رۆژنـــامـەوانییـەکـەی سـەرزەنیشـــتـی ئـەو خۆویســـتیی ودڕنـــدەییـەی دەوڵـەتـــانـی ئـەوروپـــای رۆژئـــاوا و ئـەمریکـــای بـــاکووری کــرد، کـەواملیـــاران دۆلار خـەرج

دەکات بۆ داکردن وهەڵگرتن ولەناوبردنی بەرهەمە خۆراکییەکان، ئەو بەرهەمانەی هیچ بەکارنابرێن وسوودیان لێ وەرناگیرێت .. . کەچی تەنیا لەئەفەریقیا ژیانی زیاتر لە ٣٤ ملیۆن مرۆڤ بەهۆی برسییەتی لە مەترسی دایە (. .) وتی: گەرجەنگ هەڵبگیرسێت، دەبینین چۆن، ئێمەی رۆژئاوایی، بەخێرایی هەمووسەرچاوەو دەرامەتەکانمان دەخەینە بواری دروست کردنی بەندەرو رێگای شەمەندەفەر و دروست کردنی رێگاوبان، بۆگواستنەوەی کەرستەی جەنگ، بەڵام گەر کاروبارەکە پەیوەندی بە جەنگ لەدژی برسێتی بێت (. .) ئەوا بێباکانە دەوەستین (. .) نارەزایی دژی حکوومەتەکانی رۆژئاوا دەربڕی. .. حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٩ ملیار دۆلاری دا بە کشتکارانی ئەمەریکی بۆئەوەی گەنم و گەنمەشامی زیاتر بەرهەم نەهێنن (نەوەک لەبازاڕەکان نرخی دابەزێت). ئەو بڕە پارەیەش (١٩ ملیار دۆلار) لەو بڕەپارەیە زیاترە، کەوا هەمووجیهان لەساڵی ١٩٨٥ لە یارمەتیی خۆراکیی خەرجی کردووە. سەرۆکی

ئەنجومەنی خۆراکیی جیهانی وتی: شتێکی پووچە بڵێین ئێمە شارستانین، لەهەمان کات ئەوە فەرامۆش بکەین، لەجیهاندا ملیۆنان کەس بەهۆی برسییەتی لەناودەچن، ئێمەش ملیۆنان تەن لەماددە خۆراکییە زیادەکانمان لەناو دەبەین (. ..) بارودۆخ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە لەناوبردن خراپترەو لە شەرمەزارییەکانی دووەم جەنگی جیهانی خراپترە).
(١) (مجلە البدیل: فضیحة جبال الاطعمة، اوکتوبر ٨٧ باریس).

لەساڵی ١٩٩٠جیهان ئەوەندە گەنم و دانەوێڵەی بەرهەم هێنا، بەس بوو بۆ نانی ١٨ بلیۆن کەس، کەچی دانیشتوانی جیهان کەمێک لە ٥ بلیۆن زیاترن، لە هەمان ساڵدا ٨٣ ملیۆن کەس لەبرسان مردن، ٧٠ ملیۆن کەسیش بەنەخۆشیی بەدخۆراکی، ئەو هەموو گەنم و دانەوێڵەیە چی بەسەرهات؟

ئەو هەموو گەنم و دانەوێڵەیە، هەندێکیان ئەمبارکرد و هەندێکیان لەناوبرد. .. . ئەوروپای رۆژئاوا بیست لەسەدی زەوی کشتوکاڵی خۆی کردە

ڕووتەنەخاک تا بەکەلکی کشتوکاڵ نەیەت و قەرەبووی گەورەی ملیۆنان جووتیاری کردەوە، وەک هاندان تا زەویەکانیان نەکێڵن، بۆئەوەی لەتەنگژەی زێدەبەرهەم هێنان کەم بکەنەوە.

لەدواکایە سەرمایەداری ئەو رێگاچارەیەیەی دۆزییەوە، گیروگرفتی مرۆڤایەتی پێ چارەسەربکات، نەک تەنیا خۆراکی زێدە بەرهەم هاتوو لەئاستی پێداویستیی بازاڕ لەناو دەبات، بەڵکو زارەبرسییەکانیش لەناودەبات. (کوتیستو): ( پێشتر لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەکادیمیای زانستەکان لەمیسر سەبارەت ئەم گیروگرفتانە دواوم (زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوان)، زانایان زۆرنائارامن لەوەی ژمارەی دانیشتوانی میسر

لە ٢٠٨٠ دەگاتە ٢٥٠ ملیۆن () دەبێت ژمارەی دانیشتوان جێگیربکرێت، لەبەرئەم هۆیە دەبێت رۆژانە ٣٥٠٠٠٠ کەس لەناو بچن) (. .) ئەمە زانایەک، کوتیستو بە گۆڤاری یونیسکۆی فەرمی

رایگەیانــد، لەبەر ئەوەی دەبێــت دانیشــتوانی زەوی بۆ ٧٠٠ ملیۆن کەس کەم بکرێتەوە.

لەرووی مێـــژووییەوە، بـــارودۆخی ناهۆشـــمەندانەو بەرهەم هێنـانی ناهۆشمەندانە، تەنیا لەنێـوان دوو شارسـتانێتیدا پەیـدا دەبێـت: شارسـتانێتیی (کـاڵا و مـردن) کەوا گیانـدانی زۆری خایانـد و شارسـتانێتیی (نـەتەوەی مرۆیـی) (مـارکس) ئـازاد لـە -مـاوەی پـێش مێـــژووی مرۆڤـــایەتی-، کە تـــا ئێســـتاش شـــیاوێکی مێژووییە.

-العفیف الاخضر-من نقد السماء الی نقدالارض-ص ٢٩ و١٢٤-١٣٠

ئەمڕۆ، لەسەر ئاستی جیهان، دووئاڕاستەی مێژوویی لەململانێدان، هەردوویان هەوڵدەدەن لە هەردوو دەوڵەتی نوێ و دەوڵەتی کۆن رەت بن:

**دەوڵەتی ـ نەتەوە و دەوڵەتی ـ هۆز.**

رەوتی پێکهاتنی دەوڵەتی ـ نەتەوە، کە زادەی شۆڕشی پیشە سازییە، تایبەتمەندییەکانی پێش سەرمایەداری: نژادی، زمانی، ئاییني، لەیەک پێکهاتە ـ گەل ـ یەکخست، لەنێو یەک بۆتە تاواندەوە، لەنێو بازاڕی نەتەوەیی یەکخراو و لەدامەزراوەکانی دەوڵەتی ـ نەتەوەیی و کۆمەڵگەی شارستانیی نوێ، ئەوەیش ناسنامەی کۆمەڵایەتیی نوێی پێبەخشی: بورجوازییەتی، یا پرۆلیتارییێتی.

نەبوونی شۆڕشی پیشە سازیی لە وڵاتانی دیکەی جیهان، بووەتە هۆی نەبوونی دەوڵەتی ـ نەتەوە تیایاندا.

لەبری ئەو دەوڵەتی -هۆز دەرکەوت، لەبەر ئەوەی هۆز کۆلکەی هاوبەشی پێکهاتەکانی پێش نوێگەرییە، لە دەوڵەتی -نەتەوەدا ئەم پێکهاتانە لەنێو یەک بۆتەدا تاوانەوە، کەچی لە دەوڵەتی -هۆز کۆلکەی هاوبەشی ئەم پێکهاتانە کۆکرانەوەیەتی، کە-لەتەک یەکدا مانەوە، دەوڵەتی– نەتەوە لەسەر کۆڵەگەی دامەزراوەکانی بنیاتنراوە، کەچی کۆڵەگەی دەوڵەتی -هۆز، دەستەڵاتدار-حوکمڕان خۆیەتی، کە یاری بە پەیوەندییە کرپارییەکان دەکات: تێکەڵ بوون، خزمایەتی، پشتگیری، لاگری. . هتد.

ئەم فرە جۆرییەی لەدوا کایەدا دەتەقێتەوەو دەبێتەوە پارچە پارچەی پێکهاتەکانی.

ئەم دووئاڕاستە مێژووییەی لەململانێدان:

**ئاڕستەی یەکەم:**

بەرەو پشێویی خوێناویی نێودەوڵەتی دەچێت، بەرەو هەڵوەشاندنەوەی هەموو تەیمانەی نێودەوڵەتی، هەڵوەشاندنەوەیەک بە بەلکانێتی کردن (Balkanization) -واتە دابەشکردن-یا دابەشکردنی

تـــائیفەگەری، زۆربەی قەوارەسیاســیەکانی جیهـــان لەهەر ســـــێ کیشـــــــوەرەکاندا دەگـــــــرێتەوە و هەڵوەشـاندنەوەی تەیمـانەی کـۆمەڵایەتی لە هەمـوو دەوڵە تانی جیهاندا، بە دەوڵە تانی پیشەسازیشەوە، بەڵکو هۆزو تائیفە کانیش هەڵدەوەشێنێتەوە بـۆ پۆل پـۆلی دژبەیەک، وەک دژایەتــی ئــایینی ئــایینزایی (مەزهەبی).

**ئارســتەی دووەم**-دژبەری ئەو: بەرەو دەســتەڵاتێکی نێــــونەتەوەیی دەچێـــــت، پشـــــتگیری ویەکرێـــــزی راســـتەقینەی جیهـــانیی دەوێـــت، بـــۆ رەتبـــوون لـە خۆویستیی –نێرگزێتیی نەتەوەخوازی و هۆزخوازی و بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر مەترسیی جەنگـی بازرگـانیی جیهـــــانی وتەواوکــــارە ناچــــارییەکەی جەنگـــــی کارەســـــاتئامێزی ئیمپریـــــالی، دژی مـــــانەوەی ژینگەومرۆڤایەتی.

-العفیف الاخضر-من نقد السماء الی نقدالارض-ص١٥٤تا١٥٦

## سەرمایەداری دەردە، یا دەرمانە؟

ئەمڕۆ، دەوڵەتی –نەتەوە، ئەم چوارچێوە شیاوە نییە بۆپەرەسەندنی هێزە بەرهەم هێنەکان و چارەکردنی گیروگرفتانە ی لەجیهانگەرایی (عەولەمە) کەوتوونەتەوە، ئابووریی سەرمایەداری وبە جیهانیی بوونی گیروگرفتەکانی.

ئەو گیروگرفتەکانی رووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی –نەتەوە، یا لە چوارچێوەی هەرێمایەتی چەند دەوڵەتە –نەتەوە یەک چارەسەر ناکرێن. چوارچێوەی جیهانیی دەوێت بۆ چارەسەرکردن، بۆنموونە: بێکاری، برسییێتی لەسەر ئاستی جیهان، بازرگانی بە مایە هۆشبەرەکان، ئایدز، تیرۆر، کارەساتی ئایکۆلۆجی- ژینگەزانی ( بەرزبوونەوەی گەرمیی گۆی زەوی، ژەهراوی بوونی ئاوی ژێرزەوی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە نەترات و ژەهرە مێرووکوژەکان، چینی ئۆزۆن، داشۆرانی زەوی کشتوکاڵی، خەریکە،

لەســـەر ئاســـتی جیهـــان زەوی کشـــتوکاڵی دەبێـــتە بیابان، لەنێوبرنی دارستانەکان و پیس بوونە دەریاو زەریاکـان) چارەسـەرکردنی ئـەم گیروگرفتـانە کـاری ســـەروەریی نەتەوەیـــی نیـــیە، کـــاری ســـەروەریی جیهـــانییە. پێویســـتی بە پشـــتگیری و هاوکـــاریی جیهـانی هەیە، پێویستی بە راگواستنە لە جیهـانی هـــاورکێ و هاوچـــاوی ورکـــابەری بەرەو جیهـــانی پشتگیری و هاوکاریی .

بەم جـــــۆرە، دوابەدوای داهێزرانـــــــی چەشـــــنە بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری، وایکـردووە، شۆڕشـی سۆشیالیستی تاکە بژاردە وجێگرەوەبێت، لە خشتەی کارەکانی مێژوودا.

ا-العفيف الاخضر-من نقد السماء الى نقدالارض-ص١٥٦ تا ص١٦٠

## لەنێوان بیری جادووخوازی و بیری هۆخوازیدا

ئەم سەرمایەدارییەی لەداهێزرانەوە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، لە هەڵکەوتی ژیانی خەڵک و لەمێشکیاندا دەژێیێت، بەتایبەتی لەبەرئەوەی هەڵکەوت (واقع)ی کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤە، لەڕێگەی مرۆڤەوە دەبێتە بیرکردنەوە، نەک پێچەوانە.

کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە، ببینین لەهەموو جیهاندا، بیری جادووگەری زاڵ وبالادەستترە بەسەر بیری هۆخوازیدا (السببي)، بەتایبەتی و بەشێوەیەکی کارەسات ئامێزلە جیهانی (ڕۆژهەلاتی ناوین) دا.

بیری دینامیکی (چالاک وبەپێزو ژیوەر) بەبێ ڕکابەر بیری بۆرجوازی وبیری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە (پرۆلیتاریا، ئەوچینەی خاوەن ئامرازی بەرهەم هێنان نییە، تەنیا بەفرۆشتنی هێزی ماسوولکەکانی و هێزی بیری دەژێیێت).

بیــری نــوێ بیرێکــی هۆخــوازانـەیە، هۆشـمەندانـەیە، لـەبـەرزتــــرین دەرکەوتنیـــدا دیـــالـەکتیکی یە (واتـە میتافیزیکی نییە ومێژوویێکی واقیعیی هەیە).

گوێبیسـتی رووداوەکــان دەبێــت، لـەپشـێوویـیەکانـدا بـەدوای رشـتـەی رووداوەکانـدا دەگـەڕێت، هـەوڵـدەدات لـە پـەیوەنـدیی نێـوان شـتـەکان بگــات، هاوسـەنگیی هێـــزلـە نێـــوان چـــین ودەوڵـە تـــان بخــــوێنێتـەوە ولـەئـاراســـــتـەو دژە ئـاراســــــتـەی لـە ململانێـــــــدان لـەترووکـەیـەکی مێژوویی دیـاری کراوبگـات، دینـامیکی گشتی سـەردەم بدۆزێتـەوە.

بیــری نـەریتیــی وبــاو، بیــری جــادوویی، هاوواتـــای فانتـــازمی (وێنـــاکردنی جیهـــانێکی بەدی نـــایـەت) رەهــابوو لـە هـەڵـکـەوت و راکــردوو بـەرەو جیهــانێکی دروست کـراو لـە خـەونـەکـانی لـەسـەر بنـەمـای چێـژەوە ڕۆنـراون.

هاوشێوەی بیری منداڵی و مرۆی سـەرەتایی، کـەتیـایـدا واقعــی راســتـەقینـە دەبێــتـە رەنگــدانـەوەی خــودی و

واقعی کرداری دەبێتە دەنگدانەوەی واقعی دەروونی، وەک لە شیزۆ فرینیا دروست دەبێت.

پەیوەندییەکان لە نێوان رووداوە سەربەخۆکان نین، سەربەخۆلەخودی بیرکەرەوە، بەڵکو لەنێوان خودو واقیعەکەی دایە، خودو واقیعەکە ئاوێتەی یەک دەبن.

ئەم بیری دانەپاڵکییەی (الاسقاطیة) بەدووباڵی جادوویی بەسەر هێزی کێشی کات وشوێندا دەفڕێت، تاکەشتە بە دادپەروەرترین شێوە بەسەر خەڵکی جیهانی (رۆژهەڵاتی ناوین) دا دابەش کراوە.

لەوەشدا، بونیادگەر (فەندەمێنتالیست- الاصولی) وجیهانخواز (عەلمانی) وچەپڕەو وراستڕەو بەپلەی جیاجیا وەک یەکن، لەبەرئەوەی بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی ئەناکرونیک (کاتبەدەر) ن، بەورێنەوخەیاڵ لەوشێوازەژیانەدا دەژیێت، کەوا (ئەوەی دیکە) رۆژئاوای پیشەسازی بەکرداری تێیدا دەژیێت. ئەمەش بەهۆی ئەونوشتارە جادووییە و

دارِشتە گەمژەییانەیە، کەوارۆژانە لەچاپخانەکانەوە دەردەچن.

لە ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە جادووییەوە رۆشنبیرە (مەرِئاساکان) وادەرِوانـنە (تـاکە مەزن) وەک ئەوەی لەئاسمانەوە هاتبێت. بۆئەوەی لەسەر دەستی ئەوا خەونە لەبار براوەکانیان و برینە خۆپەسندییە خوێن لـێ رۆیشتووەکەیان سارِێژبکەن. کەچی لە راستیدا بەهۆی ئەم بیرکـرنەوە ئەفسـانەیی وجـادووییە و شێتیی خۆبەگەورەزانە، زیاتربەرەو هەڵوەشانەوەو خوێ کردنە سەربرینەکان دەچن.

ئەم دیمەنەی یەکیەتی هاوبیریی وهەست ونەستەی لە ورِێنەی بەکۆمەڵی کارەسات ئامێزدا دەردەکەوێت، نیشـانەی رۆچـوونی بیـری فەندەمەنتالیسـتیی وجادووگەریی وفانتازمە لە بیری رۆشنبیروئاپۆرەدا .

لەبەر ئەوەی لە هەست ونەستیاندا، لەنائاگاییاندا (تـاکە مەزن) نـوێنەری نەتەوە-دایـکە، ئەودایـکەی هێشتا لەناخەوە لە و زەبرەی لە جیانەبوونەوەیان لە باوەشـی دایـک پەیدابووە چـاکنەبوونەتەوە، لە

هەمـــان کـــات وەک بـــاوکی پـــارێزوان وایە بـــۆ کۆکردنەوەیان وتۆڵەسەندنەوەو گەڕاندنەوەی شکۆ و سـەربەرزیان. لەناکـاو هەمـوو فانتـازمە کۆنەکـان لەخەوی قـووڵ وشـیاردەبنەوە، راسـترەووچە پـڕەو، جـاڕی یەکرپـزی و پشـتگیری دەدەن، بـۆ رزگـاری نەتەوە-دایک لەدەست دەستدرێژیکارەوە.

هەمـوو ئەم هەسـتە بەراییـانە، لە پێچکـردنەوە مێژووییەکانـدا، خەڵک و دەستەبژێر دەجووڵێنن، بە بەرچاوکی هیستیریای بەکۆمەڵ، وێنەی (تـاکە مەزن) لەسـەر رووی مانـگ دەبیـنن، وای لێـک دەدەنەوە ئاسمان وەک سەرکردە پەسندی کردووە، ئەوان چۆن پەسـندی نەکەن؟بـۆ ئەوەی ژیانیـان پڕبکـات لە دادپەروەری دوای ئەوەی پڕبووە لە ستەم وزۆرداری.

بـــۆ؟لەبەرئەوەی بەپیرۆزکـــراو و بیروبۆچـــوونە ناهۆخوازییەکانی لەکۆمەڵگەی نەریتی بنیاتی پەیوە نـــدییەکان و بیریـــاریە (ذهنیـــة) کشـــتوکاڵیەکان پێکـدێنێت، کەوا متمـانەی بە کەسـان هەیە زیـاتر لەوەی متمانەی بە بەرنامە هەبێت، (تـاکە مەزن) بە

پیرۆز دادەنێت زیاتر لەوەی بایەخ بە بزووتنەوەی بە کۆمەڵ بدات.

ئەم زەمینەیە لەبارە بۆ دروست بوونی سەرکردە فەندەمەنتالیستەکان ونیوە فەندەمەنتالیستەکان.

بەپێچەوانەوە، لەکۆمەڵگەی پیشەسازیدا، رێ نادات هیچ جۆرێک لە پیرۆزی وخەرمانەی جادوویی بدرێت بە سەرۆکەکانی، ئەو سەرۆکانەی وەک پیادەی شەترەنج دەیانگۆڕێت. زۆربەسادەیی ئەمەیە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی نوێ و کۆمەڵگەی نەریتی . هەر ئەمەیە جیاوازی نێوان بیری جادووخوازی و بیری هۆخوازی.

رۆشنبیر، گۆتەگۆتە ئایدیۆلۆجییەکانی هەرچییەک بن، لەکۆمەڵگەیەکدا دەژییێت، دووفاقی – شیزۆفرینیایی ودوورشتەیی، نەریتی، لەچاخی داهێزرا نیدا تارای نوێگەری بەسەردادراو، ئەوەندەی خۆی تیایدا دەژییێت بەهەموو پشێوییەکانیەوە، بە هەمووپچڕپچڕیی رەفتاریەوە، بە هەمووپچڕپچڕییە هزری ودەروونییەکانیەوە، بەهەموو بەها

لێکــــــــدژەکانییەوە، بە بەهـــــا رەســــــەن و هاوردەوەکـــــانییەوە، پڕلەئاڵۆزییەکـــــانی و ئەو ململانێیە ناوەخۆییانەی بەدەردەکەون، بە دووفاقی لە گوتارو رەفتار، بەهەمووپێکهاتە نەریتییەکەی وخواستنەوەی مۆدە رۆشنبیرییەکانی لەدیمەنی رۆشنبیریی رۆژئاوایی. هەرئەمەیە نهێنییەکی فشەڵ وشلک بوونی رۆشنبیرە بۆرجوازییە بچووکەکان لە (رۆژهەڵاتــــی نـــــاوین) ئەوانەی دیمەنــــــی رۆشنبیرییەکەیان لە ژێر کاریگەری دواخوێندنەوەیان لەدیمەنی رۆشنبیریی رۆژئاوایی بەرهەم دێنن، لەبەر ئەمەیشە ئەندامەکانیان (فەلسەفەکانیان) ئەوەنـــــدەی گـــــۆڕینی جلوبەرگیـــــان دەگـــــۆڕن ؟ لەبەرئەوەی مۆدە چۆن بگۆڕێت ئەوانیش وا دەگۆڕێن.

## رۆشنبیرە وردەبورجوازییەکان
## خەون بەرزگارکردنی جیهانە وە دەبینن

لەبیری رۆشنبیرە وردەبورجوازییەکاندا تێکبەستەیی تیادا نییە، لەبەرئەوەی لە هەڵکەوتی گێژەڵووکی خۆواریی ژیانیاندا نییە، ئەوەش لەسەر ئاستی بەرهەمی رۆشنبیری، لەلای خەڵک لەسەختیی گەڵاڵە کردنی بیروڕاکانیان ودەربڕینی ئەوەی دەیانەوێت وئەوەی نایانەوێت دەردەکەوێت، هەروەها لەو سکاڵا گشتییە دەردەکەوێت، کە دەڵێت: (جیهان وای لێهاتووە، ناتوانیت لێی تێبگەیت)، لەبەرئەوەی لەژێرکاریگەریی پەلەکردنی مێژوو، ئاڕاستەو دژە ئاڕاستەی لەرووداوەکاندا شاراوەن، ئاڵۆزتروهەڵگێڕوداگێڕترن، ئەومێشکانەی لەسەر بیری جادووخوازی بنیات نراون ناتوانن لێی تێبگەن و چاکەوخراپەی لەیەک جیابکەنەوە یا (داوی ڕەش وسپی لەیەک جیاکەنەوە).

لەوەش زۆرتر تێکبەستەیی لە هەڵکەوتی نێودەوڵەتی بوونی نییە، بەتایبەتی لەو کاتەوەی سەرمایەداری کەوتۆتە قۆناخی داهێزرانەوە.

زانایانی رۆژئاوا خەریکی دۆزینەوەی تیۆریی نوێ وداهێنانن، کەچی خاوەن بیری جادووخوازیی خەریکی ئەستێرەوناولەپ خوێندنەوەن. لەبەرئەوەی تێکبەستەیی لەبنچینەدا لە هەڵکەوتی تەنگژە ئامێزی وردە بورجوازییەکاندا نییە، رۆشنبیرەکانیشی توێژێکی ئەم چینەن ونەسازییە بێهوودەییەکانی و بوونە لەرزۆکەکەی و بژاردە فشەڵەکانی و نەبوونی متمانەبەخۆبوونە کانیان لە وشیاریدایە، ئەوەی لەپەنا خۆبەزلزانی وخۆگەورەپێشاندانەکانیان دەشارنەوەوخەون بەوەدەبینن وردە بورجوازییەکان جیهان رزگاربکەن .

لەم هەڵکەوت وهەلومەرجەدا، جیاوازی نێوان رۆشنبیری فەندەمەنتالیستی چاوەڕێی دەستوەردانی ئاسمانییە لە مێژوودا و رۆشنبیری (هۆشمەندیی)، کەوا چاوەڕێی دەستوەردانی (دەستەبژێرە لە

مێژوودا)، دوورلە رووگەی بابەتیانەی مێژوو بۆئەوەی پێویبیست و خوازراو یەکچین بن: لەبەر ئەوەی مێژوو لای هەردوویان، کەڵەکەبوونی چەندان رووداوە لەدەرەوەی ئاراستە دەکرێت، بەڵام یاسابابەتییەکانی مێژوو لای هەردوویان، لەهیچ کەمترن.

لەبەر ئەوەی جیهانی (رۆژهەڵاتی ناوین) لە کاتی خۆی نەگەیشتە نوێگەری و ئێستاش لەگەڵ داهێزرانی سەرمایەداری، ئەوە وای کردووە رۆشنبیرە وردە بورجوازییەکان، نەتوانن زانینێکی دروست و بابەتیانە بەرهەم بێنن.

-العفیف الاخضر-من نقد السماء الی نقدالارض-ص١٢٩-١٣٤

## هەڵوەشانەوەی چینی وردە بورجوازیی

زۆربەی فەندەمەنتالیستان (الاصولیون) لە چینی وردە بورجوازین، بۆئەوەی لەبارودۆخ و بیروئالۆژییەکانیان و سیاسەتە دووڕووییەکەیان بگەین، دەبێت لەم چینە بگەین، ئەم چینە چییە؟

چینی وردە بورجوازیی ئەم چینەیە ناتوانێت بە ئەرێنی خۆی بناسێنێت، واتە تەنیا بەنەرێنی خۆی پێناسە دەکات:

چینی بۆرجوازیی چەوسێنەر نییەو پرۆلیتاریای چەوسێندراویش نییە، لەم نێوەندەدایە، نێوەندی پەسندکراو، ئەی نەوتراوە باشترینی کاروبارەکان نێوەندەکانیانن؟ چینی وردە بۆرجوازیی وشیارییەکی پتەوی چینایەتی نییە، وشیارییەکەی پچڕانە، نازانمکارییە، خۆدانەدەست قەزاوقەدەرە بۆرزگاربوون لەنەهامەتییەکانی رۆژگاروبۆهاتنەدی خواستەکانی، کەوالەتواناکانی زیاتروگەورەترن.

چینی ورده بۆرجوازیی ناتوانێت بابەتییانە بەرنامەیەکی هەبێت، لەبەرئەوەی تەنیا دوو چینی بۆرجوازی و پرۆلیتاریان، دەتوانن پڕۆژەی بەرهەم هێنانی کۆمەڵگەیەکی تێکبەستەیان هەبێت:

بەرنامەی یەکەم (چینی بورجوازیی) رەنج خواردنی کاری بەکرێیە،

بەرنامەی دووەم (چینی پرۆلیتاریا) نەهێشتنی کاری بەکرێیە،

هیچ بەرنامەیەکی سێیەمی دیکە نییە، تەنیا لەمێشک و ئەندێشەی چینی ورده بۆرجوازییەکان نەبێت.

چینی ورده بۆرجوازیی چینێکی هەرەنەریتییە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی چینی بۆرجوازیی سەرەڕۆنییە و ئەوەندەی چینی پرۆلیتاریا ش تێکۆشەرنییە، لەبەرئەمە لەسەرەتای سەدەی بیستەم وتائێستاش لە نوێگەریی سەرمایەداری تەنیا تەکنۆلۆجییەکەی ودەگرێت وپەسند دەکات. لەبەرئەوەی بەلێکدانەوەی خۆی لە بنچینەکانی

کۆمەڵگەی نەریتی کەم ناکاتەوە، ئەو بنچینانەی کۆمەڵگەی نەریتی، کەواپاراستنیانی کردۆتە نیشانەیەکی پیرۆز.

چینی وردە بۆرجوازیی، بێسڵەمینەوە، بیری زانستیی ناوێت، لەبەرئەوەی بنچینەکانی کۆمەڵگەی نەریتی هەڵدەتەکێنێت، تەنیا تەکنۆلۆجییەکەی پەسنددەکات، واتەئۆتۆمۆبێلی دەوێت، بەڵام ئەو بیرەی ناوێت ئۆتۆمۆبێلی دروستکردووە.

چینی وردە بۆرجوازیی، چینێکی ترسنۆکە، لەدەوڵەت دەترسێت، چونکە دەوڵەت بەباجەکان هەڕەشەی لێدەکات، لە چینی بۆرجوازیی دەترسێت، چونکە بە ڕکابەریکردنی هەڕەشەی لێ دەکات، لەکرێکاران دەترسێت، چونکە هەڕەشەی ململانێی چینایەتی لێ دەکەن.

لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، تەنگژەی ئابووریی نێودەڵەتی برەوی سەند، لەرکابەری بازرگانیدا گەیشتە ئاستی ئەوەی بەرەو جەنگی جیهانیی بازرگانی دەچوو، سەرمایەداریی نەتەوەیی،

بەتایبەت لەولاتانی ناوەند (زلهێزەکان)، بەکۆبوونەوە لە مۆنۆپۆڵی هەرەگەورە خۆیان چڕکردەوەو پڕۆژە نێوەندیی وبچووکەکانی هەڵلووشی و لەنێویانبردن، بۆنموونە، لەوماوەیەدا لەبەریتانیا نزیکەی نیو ملیۆن وردە بۆرجوازی مایەپووچبوون. لە فەڕەنسا (ئاڕاستەکردن)ی کشتوکاڵ بووبەهۆی بە نێوەندی بوونی سەرمایەی کشتوکاڵی-خۆراک، ئەم پرۆسەیەش بوو بەهۆی ئەوەی (٤٠٠٠٠٠) جووتیاری ئاست ناوەندی وبچووک بێکاربن.

کادیرەکان، ئەوانەی بڕبڕەی پشتی وردە بۆرجوازی پێکدێنن، بۆ یەکەم جارە لە ولاتانی نێوەندو لابەلا بەیەکەوە، لە چەند کاتی جیاجیا ولەیەک نزیکدا بکەونەبەر شمشێری بێکاری ریسایکڵ کردن (دووبارە شیاندنەوە بۆ شارەزابوون لەنوێترین تەکنۆلۆجیا (بەنوێکاریی تەکنۆلۆجی راگەیشتن).

لەبەر ئەوەی جەنگی بازرگانی، گۆڕانی تەکنۆلۆجی خێراو بەپەلە دەسەپێنێت، کەوا لەتەمەنی یەک

نەوەدا چەنـــدان جارسروشـــتی زۆربەی پیشـــەکان دەگۆڕێت.

ئەوەیـــش وادەکـــات تەکنۆلۆجیـــا (وریگـــای بەکارهێنـــانی)، کەبـــۆ بەرهەم هێنـــان بەکـــاردێن بەدواکەوتوو وکات بەسەرچوو دابندرێن.

لەولاتـــانی لابەلا (طرفـــي) و (رۆژهەلاتـــی نـــاوین)، بورجـــوازییێتی ئەمەریکـــی، لەرێـــگەی دووئـــامرازی بنچینەیـی وسـەرەکی، سندووقی دراوی نێـودەولەتی وبـانکی نێـودەولەتی، فشـاری خـۆی چڕکـردۆتەوە بۆقـــــوولکردنەوەی بەستنەوەویەکخســـــتنەوەی بازاڕەکـانی ئەم ولاتـانە بە بـازاڕی نێـودەولەتی، لەوەشـــدا بورجـــوازییێتی ئەمەریکـــی دەیەوێـــت بازاڕەکانی ئەم ولاتانە بکات بە ناوچەی ئالوگۆڕی ئازادی هەناردەکراوەکانی خۆی.

ئەم دیـــاردانە هەلوەشـــانەوەی وردەبورجـــوازی لە (رۆژهەلاتـــی نـــاوین) خێراترکـــرد: بەرزیـــی نرخـــی سەرسـوود بەسـەر قەرزەکـانەوە، مـایەپووچ بـوونی بازرگـان و جوتیارەبچووکەکـانی زۆرترکـرد، (ئەمەش

وای کــرد، دروشــمی ڕێگــرتن لـه ریبـاکردن ببێــته دروشـمی فەندەمەنتالیستـەمیللییەکان .)، هەروەهـا کرێکـاران توانـای کڕینیـان لـەدەسـتداوکادیرەکانی وردەبورجوازی بێکارمانەوە.

کـرانـەوە بەڕووی بـازاڕی نێـودەوڵەتی وای کـردووە لوزەوی کالآبیانییه کان بەهێزبێت، شۆڕشـی گەیانـدن وای کردووە، فیلمەپرۆنۆگرافییەکان، دیمەنی سێکسی بازرگـانی، بەبـێ سـنوور، بـکەونە ماڵەکـانی چینـی نێوەندیی رەوشت و ئاکارخواز. .

ئەمانەن هۆکانی تەنگژەی ناسنامه. ناسنامه چییه؟

ئەم هەستە ناوخۆییەیە لەگونجان لەگەڵ خودپەیدا دەبێــت، لەگونجــان لەگەڵ رۆڵــی کــۆمەڵایەتی باودروست دەبێت. ئەمەش لای ورده بۆرجـوازی ان لەترۆپک دایه. لەبەر مەترسی لەدەستدانی ناسنامه وەک چینێکـی جیـاکەرەوەی دووچینـی بـاڵاو پـایین، رووخـانی پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی، هەڵوەشـانەوەی بنیـاتی خێزانـی، قوتابخـانەیی وهەمـوو تەیمـانەی کـۆمەڵایەتی. ئەمەیـش وای کردووەهەسـتکردنی بە

تەنگژەکە تراجیدی بێت، واتە دەریچەی رزگاربوونی نەبێت.

کەواتە، چۆن بەدوای پەناگەیەکدا ناگەڕێت لەبیری ئەفسانەییدا، هەر خۆی بنیاتی هزری و دەروونییەکەی وادەکەن: وندایی، جادوو، ئەستێرەخوێندنەوە خوازبێت، بایەخ بەدیاردە نامۆکان، نهێنی وتوانبەدەرەکان بدات؟

چۆن هیواناخوازێت فەرمانداریێک (تاکەمەزن) وحوکومڕانییەک دەرکەوێت رزگاری بکات لە ئەنجامی ململانێی نێوان هەردووچینی سەرەکی وبنچینەیی، ئەودووچینەی ئەو وەک ناوبڕێکی جێی متمانە لەنێوانیاندا نەماوە؟

هەرلەبەر ئەمەیە لە سییەکانی سەدەی رابردوو ئاپۆرەو زەمینەی فاشیزم وهاوشێوەکانی دواتری پێکهێنا، ئەمڕۆکەیش لەسەر ئاستی جیهان ئاپۆرەو زەمینەی لەباری فەندەمەنتالیستییە.

بەهەبوونی بزووتنەوەیەکی کرێکاری چالاک، ژمارەیەکی زۆروکەرتێکی گەورەی وردە بۆرجوازی ی

رۆشـــــنبیر روولـەودەکەن، لـەبـــــاری نـەبـــــوونـی بزووتنـەوەیـەکـی کرێکـاری چـالاک، ئـەم تـوێژە دەبێـتـە نێچیرێکی پڕبـەها بۆ:

-ئـەوپـەڕی راسـتڕەویی رەگـەزپـەرسـتیی لـەئـەوروپـا، راستڕەوە رەگـەزپـەرستـەکان شکستـەکانیان ئـاڕاستـەی قوربـــانیـەک دەکـەن، قوربـــانیـەکی ڕاســـپاردەو بـەڕاداندراو بـە پێوانـەی:

رەشپێســتـەکان، جوولـەکـەکــان، کــۆچبـەرانـی بیــانـی وموســڵمانان. -بــزووتنـەوە فـەندەمـەنتالیســتـەکانـی (رۆژهـەڵاتـی نـاوین) ئـەوانیش شکستـەکانیان ئـاڕاستـەی قوربــانیـەک دەکـەن و دژی نــوێگـەری و چاکســازی و بیـری زانسـتـی ئـامێز و بـەهـا مـرۆییـە هـاوچاخـەکـان و ژیـانـدۆستـی دەوەستن.

-العفیف الاخضر-من نقد السماء الی نقدالارض-ص ١٣٤- ١٣٧

# (٣)

## لەبارەی دیموکراسی

دیموکراسی (Democracy)، لە رووی زاراوەوە، لەگریکیدا لەوشەی دیموس (Demoss) واتە، گەل و وشەی کراتیا (kratia) بەواتای فەرمانڕەوایی دێت، واتە (فەرمانڕەوایی گەل-حوکمی گەل).

وەک سیستەمێکی سیاسی بۆ یەکەم جار لە سەدەی (٥٥ پ.ز) لەشارە دەوڵەتی ئەسینای یۆنانی پەیدا بوو، فەرمانڕەواکەی (پرکلیس) دەیوت ئێمە دیموکراسین.

فەرمانڕەواییان بەرێبازێکی راستەوخۆ پەیڕەودەکرد، هەموویان لەگۆڕەپانی گشتی (لاگۆڕا) کۆدەبوونەوەو وتووێژیان سەبارەت بەکێشەکانی شارە دەوڵەتەکەیان دەکرد و بڕیاری پێویستیان دەدا. ئەوەی جێی رەخنەیەو زەقە ئەوە بوو کۆیلەکان مافی دەنگدانیان نەبوو.

دوای ئەوەی جەنگ لەنێوان ئەسیناو ئیسپارتا روویدا، ئیسپارتابردییەوەو ئەسینادۆڕا،

فەیلەسووفانی ئەسینا هۆکاری دۆڕانەکەیان دایە پاڵ دیموکراسی، ئەفلاتوون و ئەرستۆ، دیموکراسیان بە هۆکاری دۆڕاندنەکە دانا. ئەم شکستە وای کرد دوو هەزار ساڵ زاراوەی دیموکراسی فەرامۆش بکرێت. دواتر لە سەدەی شازدەمەوە لە تەک جیهانخوازی (سەکیولاریزم-عەلمانیەتی) و چەمک و زاراوەی دیکە دیموکراسی هاتەوە مەیدان.

لە سەدەی (١٧) دا لەسەر دەستی جۆن لۆک و جان جاک روسۆ گرێبەندی کۆمەڵایەتی دەرکەوت وەک رەوایی دان بە پرۆسەی سیاسی، گرێبەندەکە بۆ دەستوەردانی دەستەڵاتی ئایینی بوو.

لە سەدەی (١٨) ئازادبوونی مرۆڤ لە دەستەڵاتی سیاسی و ئایینی پەیدا بوو، واتە تەنیا دەستەڵاتی هۆش مایەوە واتە سەرهەڵدانی هۆشگەرایی. لە سەدەی (١٩) دا دەستەڵاتی تاک گەورەتر بوو لە دەستەڵاتی کۆمەڵگەو بزووتنەوەی لیبراڵیزم دەرکەوت.

کەواتە دیموکراسی نوێ پێویستە ئەم چوار

ڕەهەندەی هەبێت: ١-جیهانخوازی (عەلمانیەتی). ٢-گرێبەندی کۆمەڵایەتی. ٣-ڕۆشنگەری (هۆشپەسندی). ٤- لیبراڵییەتی.

دواتر شێوازێکی دیکەی پڕۆسەی دیموکراسی دەرکەوت، بە ڕەوتی پێشکەوتنی ڕۆژگار، ئەویش: دیموکراسیی ناڕاستەوخۆبوو، یا (نوێنەرایەتی)یاجێگرەوە، کەشێوەیەکەلەشێوەکانی حوکمڕانی، لەسەر بنەمای تاکەهەڵبژێردراوەکان دامەزراوە، کەنوێنەرایەتی گەل دەکەن، لەبەرئەوەی تاکەکان ڕێدەدەن بەم نوێنەرانەیان لەبری ئەوان سەبارەت کێشەکانی کۆمەڵگەو حوکمڕانی بڕیار بدەن، ئەم ڕێپێدانە لە وێستگەی دیاریکراودا (هەڵبژاردنەکان) شایانی نوێکردنەوەیە یا گۆڕین. کەواتە نوێنەرەکان (پەرلەمانتاران) لەبڕی و بەناوی گەل بڕیار دەدەن.

دیموکراسیەتی هاوبەشکاری لەم پڕۆسەیەدا بایەخدراوە بەها وبەشی فرەوانی دەنگدەران لەئاڕاستەکردن وبەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی،

ئەمەیش تەواوکاری دیموکراسیی نوێنەرایەتییە. بەرەچاوکردنی رۆڵی کۆمەڵگەی شارستانی لەدەنگدان ودەستپێشخەری.

کەواتەپێویستە چەندان مەرج رەچاو بکرێن بۆ پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراسی:

١-بوونی پارتەسیاسییەکان (کاراوکاریگەر).

٢-بوونی کۆمەڵگەی شارستانیی کارا، لەبەرئەوەی وشیارییدەر و ئاگاکەرەوەیە و نزیکە لە کێشەکانی کۆمەڵگە.

٣-راگەیاندن-میدیایەکی ئازادوسەربەخۆ بۆهێنانەدی ئازادی دەربڕین و مافی گەیشتن بە زانیاری بە یاسا دابین بکرێت.

٤-رێزگرتن لەماف و ئازادییەکان و لەدەستوور و یاساکاندابێت.

٥-جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری. لەوەشەوە سیستەمەکانی سیاسی جیادەکرێنەوە، ئایاسەرۆکایەتی، یانیمچەسەرۆکایەتی ،یا پەرلەمانی بێت.

٦-لە چوارچێوەی پەیڕەوکردنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، مافی ئافرەتان پەراوێز نەخرێت.

بەم جۆرە لەسەدەی بیستەم شۆڕشی تەکنۆلۆجی بووبەبەرهەمی ئەم پڕۆسەیەی لەئەورووپاو ئەمەریکا چوارسەدساڵی خایاندو لیبڕاڵییەتی بوو بەشەقڵی ئەم کۆمەڵگایانە و پێلێکی سروشتی کۆمەڵگەکانیان، لیبڕالییەتی وەک قۆناخی دوای (عەلمانیەت-سەکیولاریزم، لە رووی زاراوەوە لە (سایکولوم) بە واتای جیهان هاتووە، واتە جیهانخوازی، لە رووی چەمکەوە: رشتەو پێکهاتەیەکە لە بەها و بیرو ئایدیۆلۆجیا ی ئەرێنی و بیرکردنەوە لە رێژەیی بەوەی رێژەییە، واتە لەبەر تیشکی رێژەیی، کە زانیارییە زانستییە ئەزموونەکییەکان هەموویان رێژەیین، لەبەر تیشکی ئەم زانیارییانە، بە نموونە، بیرکردنەوە لە شتە رێژەییەکان، داڕشتنی دیدگای ئایندەیی بەم بەرنامەسازییە، نەک بە پێوەری رەهاو ئەوەی رەهایە، رەها خۆی وەهمێکە، دەنا رەها بوونی نییە. بەم جۆرە دیموکراسی بێ جیهانخوازی بوونی نییە.)

و گرێبەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنگەری پەیدابوو، واتە لەم کۆمەڵگایانەدا پێلی لیبرالیەتی بوو بە شێوازی ژیان و شارستانیەتی ئەمڕۆی پێ دەناسرێت.

هەرچەندە سۆشیالیستی رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بە شارستانیەتی بەخشی و هیوایەکی بەنەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەی دروست کرد، بەڵام شاپێلی سەرمایەداری لەژێر سایەی جیهانگەراییدا (عەولەمە) باڵی بەسەر شارستانیەتی ئەمڕۆداگرتووە.

لەکۆمەڵگەکانی دیکە، تاکەکەسی عەلمانی خواز یا سۆشیالیزم خواز یا لیبڕالی خوازهەن، بەڵام پێلی لیبڕالی بە چوار کۆڵەگەکەیەوە، یا پێلی سۆشیالیزم خوازی بوونی نییە.

کەواتەپرۆسەی هەڵبژاردن وسندووقی دەنگدان لەم کۆمەڵگەدواکەوتووانە نیشانەی دیموکراسی نییە و هەرپەیوەندی بەدیموکراسییەوە نییە، لەبەرئەوەی لەسەر ئەمچوارکۆڵەگەیەدانەمەزراوە، سندووقی دەنگدان تەنیا ئەوە نیشان دەدات لەم کۆمەڵگەیە یا

ئەوەی دیکە کام پێل (تیار) بەهێزەو فەرمانڕەوایی دەکات.

کەواتەدەستەبژێری کۆمەڵگە، بیرمەندان، رۆشنبیران، لاوان، دەبێت دیدگایەکی نویٚ بۆئایندەو داهاتوو پێشان بدەن، پەیدابکەن، بۆئەوەی ببێتەجێگرەوەی باری پڕتەنگژەی ئێستای کۆمەڵگەو لە ژیانی واقیعیدا پەیڕەو بکرێت و کاری بۆ بکرێت و ببێتە رۆشنبیری ئەم کۆمەڵگەیە، واتە دەستەلاٚتی رۆشنبیری ئەوەیە دیدگای ئایندەیی دروست بکات، رۆشنبیریش، ئەو کەسەیە خاوەن ئەم دیدگایەیە کەوا بانگەواز بۆ گۆڕینی باری ئێستا دەکات.

کەواتەرۆشنبیری: دیدگایەکی ئایندەییە کار لەسەر واقیع دەکات و دەیگۆڕێت، ئەم دیدگایە کە واقیع دەگۆڕێت لەپراکتیکدا دەبێتە رۆشنبیری، هاوبەشی لە شارستانیەتی دەکات، جیهان هەمووی یەک شارستانێتییەو فرە رۆشنبیری. ئەم رۆشنبیرییە بەردەوام واقیع دەگۆڕێت بۆ باشترو پێشکەوتووتر تا دەکەوێتە تەنگژەوە، بۆ رزگاربوون لەم تەنگژەیە

پێویستی به دیدگایەکی نوێی ئایندەییە لەم تەنگژە رزگاری بێت و واقیعەکە بگۆڕێت.

ئەم دیدگانوێیە جارێکی دیکەدەبێتەوەرۆشنبیری کۆمەڵگەو رۆشنبیرییەکەی پێشوو دەکەوێتەرابردوو و دەبێتەکولتوور و کەلەپوور، واتەکولتوور رۆشنبیرییێک بوو، لە ژیان پەیڕەو کراو کەوتە تەنگژەوەو بە دیدگایەکی نوێ کەوتە رابردوو. تاک و کۆمەڵ زۆرجاران دەست بە کولتوور دەگرن و دیدگای ئایندەی نوێ فەرامۆش دەکەن.

کەواتەکات ئەمڕۆ پێکدێت لەئایندە و ئێستا و رابردوو، ئایندەلەپێشەوەیە، ئەوپەندوئامۆژگاریانەی سەبارەت پەسندکردن و پێداهەڵگوتن بۆ رابردوو پەسند دەکەن کۆسپ و کەلەبەرن لەبەردەم ئایندەسازی.

دیدگای ئایندەیی رۆشنبیران دروستی دەکەن و گەلی پێ وشیار دەکەنەوە. لەوشیارکردنەوەی جەماوەر،سەرکردە و لێهاتووی سیاسی پەیدادەبن وئەم دیدگانوێیە لەئەستۆدەگرن وپەیڕەوی دەکەن و

دەبن بە پێلی گۆڕینی کۆمەڵگە بەرەو ئەم دیدگایە ئایندەییە نوێیە. کەواتە سندووقی دەنگدان تەنیا کاری ئەوەیە ئەم پێلە بناسێنێت کە کاریگەرە لە کۆمەڵگەدا و فەرماندارە.

دوای شۆڕشی ئەلیکترۆنی وبەسوودوەرگرتن لەمیدیای ئەلیکترۆنی وتۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت، ئامرازو دەستەوای خێراکردنی کات و کەمکردنەوەی ماوەکان هاتەدی، واتە بەخێرایی دەتوانین هەر چوار کۆڵەگەی دیموکراسی بەدەست بێنین. شۆڕشی ئەلیکترۆنی بکەینەئامرازێک بۆگۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی و وشیاری وهۆش خێرابکەین وبیرکردنەوەخێراتربکەین، کەواتە ئەمڕۆ پێویستت بە چوار سەدە نییە تا ئەم قۆناخانەی عەلمانیەت و گرێبەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنگەری و لیبڕالیەتی سۆشیالیزم خوازی دەردەست بکەین، بەڵکو کات و ماوەکان کەم دەبنەوە بەپێی باری وشیاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، واتە ئامرازی ئەلیکترۆنی وەک دەزگایەکی بێلایەن هەر کەسێک دەتوانێت بەکاری بێنێت، گرنگ ئەوەیە بۆ کام دیدگا

بەکـــاری دێنێـــت، دەشـــێ کەســـانێک دیـــدگای کۆنەپەرستی پێ رابگەینن، کەسانی دیکەش دەتوانن دیـدگایەکی ئایندەیی نـوێ و پێشـکەوتنخوازی پـێ رابگەیەنن و پێلێکی کۆمەڵگەیی دروست بکەین بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی. . بەرەو باشتر بەرەو دیدگایەکی ئایندەیی پێشکەوتوو.

# لە بارەی عەلمانییەت و
# بێلایەن کردنی دەوڵەت

سەکیولاریزم Secularism یا (عەلمانیەت-العلمانیة)یا (جیهانخوازی)یا (دنیایی بوون)، ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە ئامازەیە بۆ ڕێکهێنانێکی سیاسی، گونجاو بۆ ئەوسەردەمەی تیایدا دەژین، بەگشتی بەم شێوە یە پێناسەکراوە:

بێلایەنی ئەرێنیی دەوڵەت (الحياد الايجابي للدولة) و رشتەودامودەزگاکان وئامرازەکانی دەوڵەت بەرامبەرئاین وراڕەو (مذهب) و بەرە (الطائفة) و پۆل و گروپەئیتینیەکان لەهەر کۆمە ڵگەیەکدا هەن، یا ئەوانەی کۆمەڵگاکە پێکدێنن. واتە دەوڵەت دەشێ چاودێری (رعایە) و سەخبیری هەموو ئەم پێکهاتانە بکات، بێ ئەوەی هیچیان بەسەردا بسەپێنێت کە ئەوان نایانەوێت یا ڕەتی بکەنەوە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی واتە رێزگرتن لە ئازادیی و ویژدان و باوەڕی هەمووان بەیەکسانی وپاریزگاری کردنیان لە پێشێلکردن، بەمەرجێ دژی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان نەبن، بۆهەر تاکێکی کۆمەڵ بەنێرو مێ بە پێی تواناو توانستی هەر هاولاتییەک، هەروەها لەبەرچاوگرتنی وشەو دەربڕین لەو ویژدانە، گەر مرۆڤ ویستی ئەوەی لەدڵ و ویژدانی دایە دەریان ببڕێت.

کەواتە سەربەخۆبوونی ژیانی گشتی دەگەیەنێت، وەک کاروباری رۆژانەی کڕین وفرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و لایەنەکانی دیکەی ژیانی رۆژانە لەبەرامبەر دەستوەردانی هەر ریسا وبیر وبۆچونێک و باوەڕو ئاراستەیەکی هەر ئاینێک کەلەو کۆمەڵگایەدا هەن. تیۆرییەکانی جیهانخوازی هەوڵی تیۆرین دەدەن ، بۆدەستنیشانکردنی پرۆسەی پەرەسەندن و بێلایەن کردنی دەوڵەت ودامەزراوەکانی و بوارەگتشییەکانی دیکەی سەربە دەوڵەت لەگەڵ ئایین و کارپێکردنی و دامەزراوەکانیدا.

ئەم دەستنیشـان کردنـی چەمک (مفهـوم) و تیـۆرییە بـۆئەوەیە راڤەی گۆڕانکارییەکـانی پەیوەسـت بە نـو ێگەری پێ بکرێت.

رێبـازە جیاجیاکـای عەلمانەیـت بەرەودووچەشـن و شێوازای گشتی چووین، جیهـانخوازی وەک هەڵوێست لەبەرامـبەر دەوڵەت و بێلایەنکردنـی لەبەرامـبەر کاروبـاری ئـایینی و چەشنی دووەم لاتەریک کردنـی ئایینە لە بواری گشتی و ژیانی رۆژانەی خەڵک.

## ڕەوتی میژویی پەیدابوونی

## جیهانخوازی وچەشنەکانی

بیــژەی جیهــانخوازی ئامــاژەیەکە بۆدیــاردەیەک، بیــژەکە لە زمـانێکی دیـکە پەیـدابووە و بـۆ کـوردی وەرگێڕدراوە و لەرەوتی مێژوویی دیکەی تەواو جیاواز لە رەوتــی مێژوویــی کۆمەڵگاکەمــان پەیــدابووە. ســەکیولاریزم یــا جیهــانخوازی لەکۆتــایی ســەدەی نۆزدەم ، وەک هەڵو یستێکی ئایدیۆلۆجیی بەکارهات، ئەم ئاراســـتەیە واتە بە ئایـــدیۆلۆجیا کردنـــی جیهانخوازی واتە لەقالبدانی مێژوو و ڕووداوەکان بەپێـــی هەڵوێســـتەکانی پێشـــوو (بیروبۆچـــوونی پێشـوەختە) و بەئاراسـتەی گرۆبەنـدی (تعصـبات) و سەنگەرگری چوونە کەسوود بەتوێژینەوەی زانستی، یا هەڵویستی هزرمەندی (عەقلانیەت) ناگەیەنێت.

هەرلەکۆتــایی ســەدەی شــازدەوە، کەوا ســەرەتای شۆڕشی زانستی بوو، بەکۆبەرنیکۆس وگالیلۆدەستی

پێكرد و تاكۆتایی سەدەی حەڤدەم بەنیوتن كۆتایی هات بێ ئەوەی زاراوەی سەكیولاریزم بەكاربێت.

واتە ئەوشۆڕشەی گۆڕانێكی مەزنی لەوشیاریی وبیرو هۆش وزانیاری مرۆڤدا كرد، سەبارەت هەڵسوكەوت و هەڵو یست لەسروشت وگەردوون، ئەم وشیارییە زانستییە لەسەدەی هەژدەم لە كۆمەڵگەدا رەنگی دایەوە.

كەواتە سەدەی شازدە و حەڤدە و هەژدەم ورۆشنگەریی ئەورووپی رەت بوون بێ ئەوەی ئەم زاراوەیە (سەكیولاریزم) بەكاربێت.

لەسەدەی نۆزدەم لەسەر دەستی بیرمەندە ئازادەكان Free Thinkerssss لەبەریتانیا بۆیەكەم جارلە ساڵی ١٨٥١ بەتایبەتی لای جۆرج هولیۆك

George Jacob Holyoake

April 1817-22 January 1906 ١٣)

بەكارهات ولەرەهەندی ئاینییەوە، واتە بێلایەن كردنی دەوڵەت و رشتە و دامودەزگاكان و ئامرازەكانی دەوڵەت بەرامبەرئایینداری و

خوانەناسـیدا، لەبەر ئەوەی بیـژەکە بیژەیەکـی ئـایینییە لە بـنەچەدا لەوشـەی (سـیکولوم) هـاتووە بەواتای رۆژگار (زمن) ورۆژگاری (زمني)یاسەردەمێک، بەوردتر رۆژگاری دنیایی-جیهانی، کەمرۆڤ تیایدا دەژییێت، لای سانت ئۆگستین لەبەرامبەر رۆژگاری دوای هـاتنەوەی (مەسـیح)یارۆژگاری رزگـاربوون (الخـلاص) بەکارهـات، واتە سـیکولۆم روژگـاری جیهانییە (دنیاییە) بە پیچەوانەی رۆژگاری رزگاریی پیـرۆز کە دوای هـاتنەوەی مەسـیح دروست دەبێت، واتە زاراوە کە لەبنجـداواتای رۆژگـاریی لەبەرانبەرگیانی بەکارهاتووە.

لە مەسـیحییەتیدا هەمیشـە زاراوەی سـەرکردە رۆژگارییەکـان لە بەرانـبەر سـەرکردە گیانییەکـان بەکارهاتووە، هەتا لە فەڕەنسیشدا (لایک laicismm) واتە ئەوانەی (ئیکلیرۆس) نین، واتە پیاوانی ئایینی نین، کەواتە زاراوەکە لە رووی بێژەییەوە (رۆژگاری) (دنیـایی بوون) دەگەیەنێت، واتە لەم رۆژگارەدا، لە جیهـان، نەک لە رۆژی دوایـی (پەسـڵان) رۆژگـاری پیرۆزی دوای (رزگاربوون- الخلاص).

کەواتە زاراوەکە، سەکیولاریزم، جورج هولیوک بە رەهەندە ئاینییەکە بەکاری هێناوە بۆ دەربڕینی هەڵویستێک سەبارەت دەوڵەت و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە جیای بکاتەوە لە هەڵویستی خوانەناسی (الالحادي) واتە بڵێت دەکرێ دەوڵەت بێلایەن بێت لە بەرانبەر ئاییندارى و خوانەناسى (الالحاد) و ناوى نا سکیولاریزم.

سەرچاوەى ئەم هەڵوێستەش لەوەوە هاتووە کەباوەڕى بە (دایزم) Deismm هەبوو کەبە واتای پەروەردگار هاتووە، کەباوەڕى وایە ئاینێکی سروشتی هاوبەش هەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بەها و مرۆییە کان لایەنی هاوبەشی ئەم ئاینەیە، هەروەها یەکایەتی هۆشی مرۆڤ (هۆشپەسندى- العقلانیة) بە واتای بە پیرۆزگرتنی هۆش (العقل) هاتووە.

هەمان هەڵوێست رۆشنگەریی فەڕەنسیش پەسندی کردو چەندانی دیکەش. کەواتە سەکیولاریزم وا بەکارهات وەک ئەوەى بڵێت دەوڵەت شتێکی جیایە

یا بواری دەوڵەت بوارێکی جیایەو بێلایەنە لە بواری ئایین و خوانەناسی.

واتە دەوڵەت، هۆشی (العقل) مرۆڤ ئاراستەی دەکات و تەنیا پشت بە لێکدانەوەی هۆشەکی دەبەستێت نەک رێساو شەریعەتی هیچ ئایینێک یا باوەڕی ئایینی.

ئەمەش هەڵوێستی جورج هولیوک بوو وەک سەکیولاریت-جیهانخوازێک. هەر لەم سەرچاوەیەوە، سەرچاوەی بە پیرۆزگرتنی هۆشپەسندی (العقلانیە) لە سەدەی بیستەم لە زانستە کۆمەڵایەتییە ئەمەریکییەکاندا ، ئامارژە بە دەرکەوتنی تیۆرە گشتگرەکان کراوە، وەک بیری مارکسی و لیبراڵی، کەوا لە سۆنگەی جیهانخوازییەوە، مێژوو وەک پڕۆسەیەکی بە دنیایی کردن دەخوێنێتەوەو بە دنیایی کردنی کۆمەڵگە بەتایبەتی. ئەم تیۆریانەی بە (Grand Narratives) (گراند نەرەتیف-السردیات الکبری-تیۆرەگەورەکان) ناسراون.

واتە لە هەڵوێستێک سەبارەت دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەڵوێستی لە ئایین و نائایینی پەرەی سەند بەرەو تیۆرێکی زانستی گشتگیر مێژوو وەک پرۆسەیەکی بە جیهانی بوون (العلمنة-سکیولارزێشن) بزانێت. ئەم تیۆرییە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم زۆر باو بوو.

لە هەمان کاتدا هەر لە هەمان سەرچاوەوە، لە پیرۆزکردنی هۆش و جیهانخوازی هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆجی پەیدا بوو، هەڵوێستی جیهانخوازی لە بیرۆکەو هەڵوێستێک بۆ بێلایەنکردنی دەوڵەت بەرانبەر ئایین پەرەی پێدرا بۆ هەڵوێستێکی توندی وەلانانی ئایین لە بواری گشتی (الحیز العام) واتە ئازادکردنی دەوڵەت لە دەستەڵاتی پیاوانی ئایین و ئازادکردنی ئایین لە دەستەڵاتی دەوڵەت و سەپاندنی ئاڕاستەیەکی دیاریکراو.

دواتر ئەم هەڵوێستە پەرەی سەند بەرەو دوورخستنەوەی ئایین لە بواری گشتی و هەموو بوارێکی پەیوەست بە دەوڵەت.

ئەم هەڵوێستە، جیهانخوازی توندە، وەک ئەزموونی فەڕەنسا لە جیهانخوازی یا گواستنەوەی ئەزموونی فەڕەنسی و کارپێکردنی لە کۆمەڵگەیەکی دیکەی دوور لەم تایبەتمەندیانەو ئایینداری وەک تورکیا لەلایەن ئەتاتورکەوەو دەرکەوتنی دکتاتۆریەتی و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگە بە زۆری، کە بووە هۆی کاردانەوەی خراپ و زیانگەیاندن بە کۆمەڵگەو تا ئەمڕۆ ململانێکان بەردەوامن.

یا پەیڕەوکردنی لە تونس بە هەمانشێوە بووە هۆی پەیدابوونی دکتاتۆریەتی و تاک مەزنی و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئەم هەڵوێستە کێشایەوە سەر ئەوەی ڕۆشنبیرانی نوێخواز لەو باوەڕەدا بن پڕۆسەی نوێکردنەوە یەکسان بێ بە پڕۆسەی بەجیهانی بوون (العلمنە) (سەکیولاریزێشن) واتە گەر بمانەوێت نوێگەری لە کۆمەڵگە بکەین واتە دەبێت وەک ڕۆژئاوا پڕۆسەی بەجیهانی بوون کارپێبکەین.

واتە لەم نموونەیە ئایین لە بواری دەوڵەت و بواری گشتی وەلانراو رواڵەتەکانی ئایینی و پەرستن نابێت لەم بوارانە دەرکەون.

## جیهانخوازی(العلمانیة) لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی عەرەبیدا

ئەم زاراوەیە لە وڵاتـــــانی ئیســــــلامی رووبەڕووی هەڵوێستێکی توندی رەتکردنەوە بوویەوە لەبەرئەوە نا کەوا پرۆسەی نوێگەری لەم کۆمەڵگەیانە سەبارەت بە دەوڵەت دروست نەبوو، بەڵکو هەتا لە سەردەمی دەوڵەتـــی عوســـمانیش هەنگـــاوی گرنـــگ نـــرا بـــۆ نـــوێکردنەوەو چاکســـازی لە دەوڵەت بـــێ ئەوەی ئەم زاراوە بەکاربێت.

زاراوەی (ســـەکیولاریزم) (العلمـــانیە) لەگەڵ ئەوەی وەک بەشـــێک لە هەڵمەتـــی داگیرکـــاری وڵاتـــانی ئیســـلامی هـــات، بە هەمـــوو پاشـــخانە نەرێنـــیەکەی داگیرکـــاری و کـــاردانەوەی کەســـایەتییە ئیســـلامییە چاکسازی خوازەکان و بانگەواز بۆ گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوانـــی ئیســـلام و لەوێـــوە دەســـت بە چاکســـازی و نوێکردنەوە (تجدید) کردن لەلایەن زانایانی ئاییني

وەک محەمەد عەبدەو هاوڕایانی و بەتایبەتی هەڵوێستی جەمالەدینی ئەفغانی لە کتێبەکەی **(الرد على الدهريين) (وەڵامدانەوەی رۆژگارپەرستان)**

لە وشە قورئانیەکەی (الدهريين) لە ئایەتی (٢٤٤) سورەتی (الجاثية) (وما يهلكنا الا الدهر-تەنیا رۆژگار لە ناومان دەبات ) واتە دوای مردن ژیانەوەی دیکە نییە، زاراوەی (سەکیولاریزم)ی بە (الدهريين) وەرگێڕا بۆ عەرەبی کە بارگەیەکی نەرێنی (سلبي) هەیە لەبەرئەوەی پاشخانێکی وشەکە، کە وشەیەکی قورئانیەو بارگەیەکی خوانەناسی و کوفر لەخۆ دەگرێت، واتە ئەفغانی بەمەبەست ئەم زاراوەی بەکارهێناوەو جیهانخوازانی بەخوانەناس داناوەو پڕۆسەکەش بەخوانەناسی بڵاوکردنەوە داناوە. دیار ئەفغانی لەوەدا هەردوو چەمی (سەکیولاریزم) (جیهانخوازی) (العلمانیە) و خوانەناسی (الالحاد)ی تێکەڵ کردووە، چی بەمەبەست بێت یا بێ مەبەست و تێنەگەیشتن لە چەمکی (سەکیولاریزم) و رەهەندەکانی.

زاراوەی (العلمانیة) لە زمانی عەرەبی لە رەگ و بنەچەی (عالم) واتە (عالەم) بە واتای جیهان هاتووە نەک (علم) (عیلم)بە واتای زانست هەتا گەر مەبەست لە بەکارهێنانی (العلمانیە) (بکسر العین) واتە (عیلمانی)یەتی، یەک بوونی بیری زانستی و (سەکیولاریزم) بگەیەنێت ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە نەبێژەکەو نە رەهەندە هزرییەکەی پەیوەست نییە بە زانست، یەکەم فەرهەنگی عەرەبی ئاماژەی بەم زاراوەیە کردبێت (محیط المحیط)ی (پترس البوستاني)یەکە دەڵێت (العلمانیە) بنجەکەی (عالم)ە بە فەتحەی سەر لام نەک (عیلم) و پەیوەستە بە بەرانبەرکردنی جیهان و ئایین.

ئەم بێژەیە هەر لە وەرگێڕانییەوە لەلایەن ئەفغانی بە وشەی (الدهریین) بارگەدار بوو بە واتای (کوفر)، بۆیە بە توندی رەتکرایەوە لەو هەڵوێستەوە گرێیەکی قووڵ لەبیری ئیسلامی و عەرەبی دروست بوو سەبارەت بە عەلمانیەت، هەڵوێستی پێشینەیی و هەڵوێستێکی نەرێنی (سلبی) پەیدابوو لە زاراوەکەو چەمکەکەی.

کەواتە شۆڕشی زانستی و پێشکەوتنی زانستی لە سەدەی بیستەم و رۆشنگەری ئەورووپی و دیموکراسی ئەمەریکی بۆ بەکارهێنانی زاراوەکە هاتنە کایەوەو پەیڕەوکران.

کەواتە با سەبارەت بە دیموکراسی بدوێین، لەبەرئەوەی گەر لە کۆمەڵگەدا جەمسەربەندی (استقطاب) دروست بوو لە بەرانبەر عەلمانیی و ئایینی، لە قۆناخی بنیاتنانی دیموکراسی، واتە هەنگاونان بەرەو جەنگی لایەنەکان نەک فرەیی دیموکراسی.

لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی ئەم هەڵوێست و جەمسەربەندییە (بە جەمسەربەندیی حیزبەکانیشەوە) ئەم هەڵوێستانەو جەمسەرگریە دەبن بە ناسنامە نەک هەڵوێست لەبەرئەوەی پرۆسەی دیموکراسی جیایە لە جەمسەرگری و یاری نێوان ناسنامەکان نییە.

ناسنامە دروست بوون بۆ لایەن و حزبەکان و گرووپەکان پڕۆسەیەکی مێژووییە ناتوانرێت بە ئاسانی بیانگۆڕیت.

دیموکراسی لە وتوویژی سیاسی دروست دەبێت سەبارەت بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، هەر لایەنەو لە دیدو ئایدیۆلۆجیاو هزری جیاوازەوە، کەواتە دیموکراسی ململانێی نێوان ناسنامەی لایەنەکان نییە، لەبەرئەوەی هەر لایەنەو ناسنامەیەک بۆ خۆی پەیدا دەکات لە قەوارەیەکداو بەرگری و جەنگ لەسەر بواری ژیوەری (المجال الحيوي) خۆی دەکات.

واتە بەرگری لە بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی خۆی دەکات لەم نیشتمانەو هەر ئەمەی لەبەرچاوە، ئەم پڕۆسەیەش لە نێوان گرووپەکان هەوڵە بەرەو دابەشکردنی وڵات و نیشتمان نەک یەکخستنی.

کەواتە جەمسەرگری گرووپ و لایەنەکان لەسەر ناسنامەکانیان و بواری ژیوەریان هەنگاونان نییە بەرەو یەکێتی نیشتمانی و دروستکردنی دەوڵەتی بێلایەن.

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کەوا دراوی ئەمەریکــی دۆلار ســەرەتا دروشــمێکی لەســەر بــوو ئاماژەی بە فرە لایەنی و یەکێتی نیشتمانی دەکرد (لەفرەیی یەکێتی دروست دەبێت).

ئێستا دروشمی In God we trestt لە نێو دراوی دۆلار هەیە (متمانەمــان بە خــوا هەیە-نثــق بــاللە)، هەرچەنــدە ئەمەریکــا دەوڵەتێکــی ســەکیولارە، ئەم دروشمە لەو چوارچێوەیەدا هات، هەڵمەتی دژایەتی کردنی ئەمەریکا بۆ کۆمیۆنیستەکان لە ئارادا بوو بۆ سوودوەرگرتن ورووژانــی ئایینی لای گەلی ئەمەریکا لەسەر دەمی ئیزینهاوەر لە ساڵی ١٩٥٢ ئەم دروشمە خرایە دۆلارەوەو دروشمە ئایینیەکانیان بایەخیان پێدرا لە دژی کۆمیۆنیستی.

کەواتە بۆ رێگەگرتن لە ململانێــی ناسنامەکان لە نێوان جەمسەرگرەکان چی لە نێوان سەکیولارەکان یا جەمسەرگرەکانی ئایینی ئەم جەمسەرگریە خزمەتی چــارەکردنی گیروگرفتەکــانی وڵات ناکــات، بەڵکــو

ناسنامەکەیان دەردەبڕێت و بواری کە بەرگری لێ دەکەن.

جەمسەری ئایینی، ئایین دەکاتە ئایدیۆلۆجیا یا ناسنامە واتە لە هەڵوێستی باوەڕی یا ئاکاری بەرەو گرۆگەری (طائفیة) دەبات گرۆ واتە بەشێک لە گشت و واتایەکی نەرێنی دەبەخشێ.

هەتا زاراوەی سەکیولاریزم و سەکیولاری بوون، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت بەگشتی بۆ پەردەپۆشکردنی چەندان هەڵوێست بەکاردێت لە بری ئەوەی بوترێت چەپخواز، یا دیموکراسی دەوترێت (عەلمانی) جیهانی بووی، جیهانخواز، بۆ پەردەپۆشکردنی هەڵوێستەکانی شکست خواردووی وەک پشتگیری و هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکار یا فاشی بوون یا دیموکراسی بوون واتە زۆربەی جاران بەکاردێت بۆ داپۆشینی هەڵوێستی نەرێنی.

لەبەرئەوەی کە دەڵێیت دیموکراسییە واتە هەڵوێستی هەیە لەبارەی کاروباری گشتی و

بەرژەوەنـــدی هاووڵاتییـــان و هەڵبژاردنەکـــان و سەربەخۆیی دادوەری و مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیکەی دیموکراسی لە پێشەوەی هەمووان بێلایەنی ئەرێنـی دەوڵەت لە ئـایین و نەسـەپاندنی بـاوەڕی ئایینی و هەڵوێستی ئایینی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە.

هەروەها ئایینداری دیموکراسی دەتوانێت بڵێت گەر دەوڵەت بەکارهات بۆ سەپاندنی باوەڕی ئایینی ئەوا دووڕوویـــی (نفـــاق) دروســـت دەبێـــت. دەوڵەتـــی دیموکراسی پێویستی بە بەرگی ئایدیۆلۆژی نییە بۆ ڕەوایی پێدانی.

## چەشنەکانی جیهانخوازی (عەلمانیەت)

جیهانخوازی توندگر، ئەم چەشنە جیهانخوازییە، لە نموونەی فەڕەنسیی جیهانخوازی بەرجەستەیە واتە: دوورکەوتنەوە لە دیاردەی ئایینی بەگشتی و بایەخ نەدان بە دیاردەی ئایینی، هەستکردن بەوەی جیهانخوازی پێویست دەکات هێماو پێوارە ئایینییەکان لە بواری گشتی وەلا بنرێن و ئەرکی دەوڵەتە سنووری بۆ دیار بکات و بواری بەرتەسک بکاتەوە لە بواری گشتی (المجال العام).. ئەم هەڵوێستە لە هەموو ئەو شۆڕشانەی بەسەر رژێمی کۆندا کراون، وەک رژێمی پاشا یەتی، لەئەو رژێمانەی سیستەمی سیاسی و دەستە ئایینییەکان تێکبەستەن وەک پاشا یەتی و دامەزراوەی ئایینی، لەمجۆرە شۆڕشانەش شۆڕشی فەڕەنسی و شۆڕشی بەلشەفیکی رووسی، لە رژێمی رووس یەکگرتنی کەنیسەی کاسۆلیکی لەگەڵ رژێمی قەیسەری، شۆڕشی بەلشەفی بە ئاقاری جیهانخوازیی توندگر

برد، کەواتەی وەلانانی ئایین لە بوارە گشتییەکان و خستنیە بواری کەسی و تایبەت بوو. جیهانخوازی لە فەڕەنسا لە حاڵەتی فەڕەنسی، لەبەر کەم لێکۆڵینەوە لە شۆڕشی فەڕەنسی وەک پێویست ڕەهەندەکانی جیهانخوازی کەم پەرەی پێدراوە. لە ڕاستیدا چاکسازیی لە دەوڵەت لە سەردەمی لویسی شازدەم، بە دیاردەی ملکەچ کردنی کەنیسە بۆ دەوڵەت دەستیپێکرد. لەم هەوڵەیدا ویستی کەنیسە باج بدات، بەڵام سەرنەکەوت، هەوڵیدا هاوبەش بێت لە دامەزراندنی مەترانەکان و بە فەڕەنسی کردنی کەنیسە، بەڵام دیسان شکستی هێنا. بۆ تەواوکردنی ئەم چاکسازییانە پەنای بۆ پەرلەمان بردو لێرەوە شۆڕش دەستی پێکرد.

واتە شۆڕش ئەو ئەرکەی تەواو کرد کەوا لە رژێمی پاشا یی هەوڵی جێبەجێکردنی دراو گەر هەنگاو هەنگاو سەرکەوتوو بوایە، شێوازێکی دیکەی لێ دەهاتە بەرهەم.

## نموونەی بەریتانیا لە جیهانخوازیی دەوڵەت

پرۆسەی بێلایەنکردنی دەوڵەت وەک لە رژێمی پاشا یەتی بەریتانی پێش نموونەی فەرەنسی بە (٢٠٠٠) ساڵ روویدا، واتە پرۆسەی کەنیسە خستنە ژێر دەستەڵاتی رژێم و بە نیشتمانی کردنی کەنیسە، لە سەردەمی هێنری هەشتەم لە نیوەی سەدەی شازدەمەوە دەستی پێکردو تەریب لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی لە ئەڵمانیا.

بەم جۆرە یەکەم شێوەی بە سەکیولاری کردنی دەوڵەت ،ئایین خستنەژێر دەستی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بە واتای ئەوەی کەنیسە دەبێت لایەنگری پاشا واتە دەوڵەتی نیشتمانی بێت نەک لایەنگری لایەنێکی دەرەوەی رژێم یا هەر هێزێکی دیکەی دەرەکی.

ئەم بزووتنەوە لێکەوتەی نەرێنی لێکەوتەوە وەک بندەستکردنی کەمینەکان (کەمینە ئایینییەکان)، جەنگی ئەهلی یا زنجیرەکانی جەنگی ئەهلی کە سەرتاپای کەرتزەمینی (قارە)یا کیشوەری ئەورووپی

گرتەوە، ئاکامێکی نەرێنی ئەم هەنگاوانە بوو و بووە هۆی گەیشتن بە (ویست-فالیا) و پێش ئەویش پەیماننامەی (ئۆگسبورگ) (١٥٥٥).

واتە جیهانخوازی ئەوکاتی دەوڵەتی نیشتمانی بە رێگاچارەی گرۆگەرایی (طائفي) دەزانی و بووە هۆی دەرکەوتنی دروشمی (خەڵک لەسەر ئایینی پاشا کانیانن) .

دواتر لە پەیماننامەی ویستفالیا (١٦٤٨)، میری کەرتزەمینی (مقاطعة)ی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز مافی ئەوەی هەبوو ئایینی دانیشتوانی هەرێمەکەی دیاری بکات.

دواتر پاش سەد ساڵ لە پەیماننامەی ویستفالیا گەیشتە چلەپۆپەو چەمکی دەوڵەتی خاوەن سەروەری هاتە کایەوە.

هەنگاوەکانی چاکسازی لە دەوڵەتی گشتگیر بوو هێنری هەشتەم (١٤٩١-١٥٤٧) هەوڵەکانی لە دامەزراندنی کەنیسەی فەرمی و یەکخستنی نوێژەکان لە چاخی ئەلیزابێسی کچی هێنری

هەشتەم (١٥٠٨-١٦٠٣) ڕاڕەوی ئینجیلیکانی سەپاند و (uniformity Act) لە (١٥٥٢) بۆ یەکخستنی نوێژەکان بە مەرسووم/ فەرمایشتانە و ناچارکردنی خەڵک لە هاتنە کەنیسە لە ڕۆژی یەکشەممە واتە بە زۆر سەپاندنی باوەڕی دینی بەسەر خەڵک لە بەریتانیا و لە یەک شەممان خەڵکیان پەلکێشی کەنیسە دەکردو بەزۆری بوو.

ئەم هەنگاوانە بەشێک بوون لە سەکیولاریزێشن واتە ملکەچ پێکردنی ئایین بۆ دەوڵەت و یەکخستنی بۆ ئەوەی هاوبەش بێت لە پێکهێنانی ناسنامەی نیشتمانی دەوڵەت.

واتە بابەتەکە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت نەبوو، بەڵکو ئایین خستنە بن دەستەڵاتی دەوڵەت بوو.

بەم جۆرە دەوڵەتی نیشتمانی دروست بوو، تیۆریزەی پەیماننامەی (ویست فیلیا) کرا، لە پێشەوەی هەمووان تیۆری ناسراو بە پێوەندنامەی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعي) و پێشاندانی وەک

بەها ی مرۆیی و جیهانی، کەچی لە راستیدا شیکاری هەڵکەوتی کات و شوێنی خۆی بوو و تیۆریزەی دەوڵەتی نیشتمانیان دەکرد.

ئەنجامگری ئەوەی دەوڵەت لە کۆی پێوەندنامەکانی تاکەکەسان و دەوڵەت پێکهاتووەو لەسەر ووی ناکۆکییەکانەوەیەو کەنیسە خستنە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەت، ئاکامی جەنگە ئەهلییەکان بوو.

وتمان ئەم پڕۆسەیە کەمینەی ئایینی لێکەوتەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەت بوو بە خاوەن ئایینی فەرمی هەموو ئەوەی ملکەچی ئەم ئایینە نەبێت (ڕاڕەوە نەبێت) دەبێتە کەمینەو دەشێ تەنگەتاو بکرێ و بندەست بکرێت، لەبەرئەمە لەو ماوەیەدا زۆر کەمینە لە وڵاتی خۆیان دەرکران لە فەڕەنسا پرۆتستانتەکان دەرکران لەبەرئەوەی گوایە لەسەر ئایینی پاشا نین پێشووتر دوو جار جوو دەرکرا بوون.

## له بەریتانیا کاسۆلیک راوەدوو دەنران

فەرمایشتانە (مرسوم)ی (نانت) دەرچوو، بەڵام لویسی چوارەم (١٦٣٨-١٧١٥)دوای کەمتر لە سەد ساڵ لە (١٦٨٥) هەڵیوەشاندەوە..

بەریتانییەکان کەوتنە دوای پرۆتستانتەکان، کەواتە پرۆسەیەکی گرنگەو دەبێت بایەخی پێبدرێت و سەرکەوتوو براوە لەم پرۆسەیە دەوڵەتی نیشتمانی بوو، هەر ئەمەش بوو بە بنچینەی ململانێی دواتر لە نێوان کەنیسەو دەوڵەت و کەنیسە خستنە بن دەسەڵاتی دەوڵەت.

لە شۆڕشی فەڕەنسیدا، ئەوەی لویسی شازدە پێی نەکرا، ئەنجام درا (مەرسوومی سەروەری) لە ١٥٣٤ دەرکرا بۆ ئەوەی قەشەو مەتڕانەکان ناچار کران سوێندی لایەنگری بۆ دەوڵەت بخۆن، بەڵام زیاتر لە نیوەیان رەتیان کردەوە کە سوێند بۆ لایەنگری دەوڵەت بخۆن، لەم پرۆسەیەدا سێ هەزار رەبەن-

راهیب کوژران، لەبەرئەوەی رازی نەبوون سوێندی لایەنگری بۆ دەوڵەتی فەڕەنسی بخۆن.

کەواتە ململانێکە لەسەر ئەوە نەبوو ئایین لە دەوڵەت جیاکرێتەوە، بەڵکو ئایین بخرێتە ژێر دەستەلاتی دەوڵەت و کەنیسە نەدەهاتە ژێر ئەم بارە.

هەرچەند شۆڕشی فەڕەنسی پیاوانی ئایینی تێدا بوو، ئەوانەی بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤیان نووسی دوانیان پیاوی ئایینی بوون.

لەگەڵ سیستەمی پاشا یەتی دەستووری دابوون رووداوەکانی داگیرکردنی رۆما لەلایەن هێزە فەڕەنسییەکان و پاپا بەدیل گرتن و زیندانی کردن لە خوارووی فەڕەنسا، بەناوبانگە.

کەواتە سەکیولاریزم پەیوەستە بە کێشەی دەوڵەت و ئەم پرۆسەیە بێلایەن نەبوو لەرووی بەها کانەوە، دەوڵەت لە سەرەتاوە هەوڵیدا پیرۆزی لە کەنیسە بستێنێتەوەو بەها نیشتمانییەکان بە پیرۆز بزانێت بەرەو دروستبوونی ئایینی سەکیولاری نیشتمانی

هەنگاوی دەنا، واتە بێلایەنی تێدا نەبوو، بەڵکو پڕۆسەی دامەزراندنی ئایینی شارستانی نوێی دنیایی بوو .

سەکیولاری هەمیشە ئەم گرژییەی تیایە، لەوکاتەی بانگەشەی بێلایەنی دەکات لە هەوڵی بە پیرۆزکردنی چەندان بەها ی شارستانی و دنیاییە کە دەشێ ببنە ئایینێکی شارستانی نوێ. گەر بڕوانیتە تیۆری پێوەندنامەی کۆمەڵایەتی هۆبز دەبینین بێلایەن نییە دەوڵەت بەرجەستەی ئەم بەها نوێیانەیە سەروەری هەیە دەتوانێت یاسا دەربکات، یاسای سزایی دەربکات، دەوڵەت ئەو قەوارەیە نییە کەوا لیبڕالییەکان وای دادەنێت کەوا دەوڵەت خەڵک دەپارێزێت لەوکاتەی ئەوان خەوتوون و کاروبارەکانی دیکەش کۆمەڵگەو بازاڕی ئازاد رێکیان دەخات.

دەوڵەت خاوەن سەروەرییە خۆی بە نوێنەری بەرژەوەندی گشتی دادەنێت، دەوڵەت- پاشا پێشان لە سەدەکانی ناوەڕاست کەنیسە پیرۆزی دەکردو بە

پاشـــا ی دەناســـاندو لـە ڕێــگەی ئـەوەوە ڕەوایـەتـــی ئاییـنی بـەدەست دێـنا لـە دەوڵـەتـی نیشـتمانـی  پاشـا ڕاسـتـەوخۆ بـێ نێوەنـدگری کـەنیسـە بـوو بـە خـاوەن پیـــرۆزی ئـــاییـنی و مـــافـی خودایـیـــان بـەخـــۆدا لـە فـەرمانداری کردن و پیرۆزکردنـی فـەرمانـدارییان واتـە ئـەو مافـە لـە سـەرەتـای نوێگـەری (مـۆدێرنـە) پـەیـدا بـوو ئـەم ملـملانێـیـەی بـۆ هـاتنـەدی دەوڵـەتـــی نیشـتمانـی هاتـەدی و چـەسپاندنـی دەوڵـەتـی نیشـتمانـی لـێکـەوتـەی نـەرێنـــــی لـــــێکـەوتـەوە لـە پێشـــــەوەی هـەمـــــووان ســــەرهـەڵدانـی مـەترســـییـەکـانـی نـەتـەوە خـــوازانـی تونـدڕەو (قـومی متـطـرف) و هـزری دیکتـاتـۆری و تـاک مـەزنـی و بـە پیرۆزکردنـی دەوڵـەت و فـەرمـاندار.

پێلێکی دیکەی جیهانخوازی هەر لە نێو بیرمەندە ئازادەکان لە بەریتانیا پەیدا بوو، بە بۆچوونی ئەوان جیهان لەباری جەنگ دا نییەو دەوڵەت ناچار نییە بەهێز ویستی خۆی بسەپێنێت و تاکە رێگای چارە نییە بۆ جەنگی ئەهلی، بەڵکو جەنگ بە باری هەڵاواردە (استثناء) دا دەنێت و ئاشتی باری ئاساییە.

ئەم تیۆرییە لەنێو هەمان کوانووی عەقلانییەت هەڵقوڵیوەو چەندان بنەمای بەرایی هەیە بنیاتە هزرییەکەی لەسەر رۆناوە.

هەموو نموونەیەکی هیزریی کۆمەڵایەتی بنەمای بەرایی (ئەفسانەی دامەزرێنەری) هەیە. هاوشێوەی: خەڵک بە ئازادی لە دایک دەبن.

پێشەنگانی بیری لێبوردەیی زۆرن، هەرە بەناوبانگەکەیان جون لوک، نامەیەکی هەیە

(نــاميلكه) ســەبارەت لێبــوردەیی و ســەكیولاریزمی ئەمەریكی پشتی پێ دەبەستێت و هەتا لە دارشتنی دەستووری ئەمەریكی لەبەرچاو گیراوە.

تیایدا ئامــاژە بەوە كــراوە كەوا دەوڵەت بــۆی نییە دەستەڵاتی شارستانی خۆی بەكاربێنێت بۆ سەپاندنی هیچ شتی پەیوەست بە باوەڕ یا ئیمان و ڕێوڕەسمی ئــایینی خەڵــك و دروشــمەكانیان، بە هەمانشــێوە كەنیسە بۆی نییە دەستەڵاتە گیانی و ئاینییەكەی بەكاربێنن لە هیچ شتێك پەیوەست بێت بە دەوڵەت و خەڵــك بێــبەش بكــات (بەنــاوی ئــایین) لە مــافە شارستانییەكانیان بێبەش بكات.

واتە، دوو جیهــانی ســەربەخۆن حكوومەت كاروبــاری شارستانی بەڕێوە دەبات لە جیهانداو بۆی نییە هیچ شــتێكی پەیوەســت بە بــاوەڕی ئــایینی بســەپێنێت، دیارە لەمبارەدا دوو ڕووی (هیپۆكراس) پەیدا دەكات و تاوانەكانی بەو ناوە كراون زۆرن.

لەبەرئەوە جــون لــوك دەڵێــت لێبــوردەیی لەگەڵ ڕاڕەوەكانی دیكە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت و دەوڵەت

هەر دەتوانێــــت ئەوە بکـــات مــــافی ئەوەی نیـــیە باوەڕێکی دیاریکراو بەسەر خەڵک بسەپێنێت ئەوان باوەڕیـان پێنەبێـت و حکـوومەت هەڵە دەکـات گەر وانەکات.

## دەبێ **جۆن لۆک** بخرێتە **سەردەمی خۆی**

لە ١٦٨٨ شۆڕشی گەورە (the glorious revoltionn) کە لە رێیەوە ولیەم و مێری هاتنە سەر دەستەڵات و جیمسـی دووەمـی لەسـەر کـار لابـرد لە بەریتانیـا ، کودەتـا بـوو، نە شۆڕشی بوو و نە شکۆدار، تەنیا بۆ لابردنـی جیمسـی دووەم بـوو، لەبەرئەوەی نەوەکـا کـورێکی ببێـت و کاسـۆلیکی بێـت و نایانەوێـت کاسۆلیکیەک فەرمانـداریی بەریتانیـا بکـات بۆیە خـانەوادەی ستیواردیان کۆتـایی پێهێنـا بۆ ئەوەی پاشا یەکی پروتستنتی بێنن، دەبینین جۆن لـوک لێبـوردەیە لەگەڵ هەمـوو تیمەکـانی پرۆتسـتانتی، بەڵام کاسۆلیک و خوانەناسـان (بـێ ئایینەکـان) بە

شایانی ئەوە نازانێت لێبوردن بیانگرێتەوە، بۆ ئایینەکان، لەبەرئەوەی گوایە درۆزنن و ئاکاریان نییەو کاسۆلیکیەکان، لەبەرئەوەی لاگری هێزی دەرەکین (دەرەوەی دەوڵەتی نیشتمانی)، یاخود پاپا یا فەرەنسا . . هتد. نامیلکەکەی لە (٣٣) لاپەڕە تێناپەڕێت، پێویستە جون لوک وەک خۆی باس بکرێت.

ئەزموونی بەریتانی دەبینین جیهانخوازی لە نێو رژێمەکە خۆی کراو بەرە بەرە لە پرۆسەیەکی چاکسازیدا لە کۆتایی گەیشتە کۆمەڵێک ئاکت-مەراسیمی پەرلەمانی بووە هۆی دروستبوونی یەکسانی هاووڵاتییان و دەستوەرنەدان لە کاروباری ئایین و بێئایینی وەک مافێکی مرۆڤ، ئەم پرۆسە دوورودرێژە بوو سەد ساڵی خایاند یاسای بە کافر دانان و سزادانی ماوە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت.

لەبارەی فەرەنسادا شۆڕشێک بوو دژی رژێمی کۆن و دابڕانی تەواو بوو لەگەڵ رژێمی کۆن.

دوو حـــالّەتی چاکســـازی تیـــادا بـــوو هـــاتنەوەی خانـەوادەی بوربون بۆ دەستـەڵات و ئـاسایی بـوونـەوەی پێگەی کەنیسەو رێککەوتننامەکان لـەگەڵ پاپاو دوای بـەدوای ئـەو کۆمـاری دووەم و سـێیەم لـە سـاڵی ١٩٠٤ دامودەزگـــا ئـایینییەکـــان رێگریـــان لێکـــرا لـەوەی خوێنـدنگەو فێـرگەی ئـایینی دامـەزرێـنن. دواتـر لـە ســـاڵی (١٩٠٥) پرۆســـەکە گەیشـــتە دابـــڕان و جیـــاکردنـەوەی دوو بـــواری ئـــایین و دەوڵـەت و هەڵوێستێکی توند لـە رواڵـەتـە ئـایینییەکانی وەرگرت، ئـەمـەیش بـەهۆی کاریگـەری فـەیلـەسووف و کـۆمـەڵزانـی فـەرەنسـی (ئوگسـت کۆمـت) کەوا وەزیـری پەروەردەی ئـەوکـاتی (جـون فـریکن) بـاوەڕی بە تیۆرییەکـانـی هەبـوو و لـە پەروەردە پەیـڕەو کـراو لـەســەر جەم لایـەنـەکانی دیکـەی دەوڵـەت ئـەوەی بـەرچاوە دیاردەی ئـایین وەک دیاردەیـەکی کۆمـەڵایـەتی لـەنـاو نـەچـووەو تـــا رادەیەک روو لـە زێـــدەبوونـە لـە فەرەنســـاو بـە نـاچـاری و لـەژێـر فشـاری دەنگـدەرانی فـەرەنسـی لـە داهـــاتوو واز لـە تونـــدڕەوییەکەی جیهـــانخوازی دەهێندرێت و ئـاسایی دەبێتـەوە.

له نموونەی بەریتانی کەنیسەی فەرمی هەیەو ڕێورەسمی پاشا یی و فەرمی بەرچاوی تێدا دەکرێت، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا کەنیسە هێمایەکی بەریتانی نیشتمانییە، بەڵام دەوڵەت بە تەواوی بێلایەنە لە کاروباری ئایینی و یەکسانی هاووڵاتییان و ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕیان یا نەبوونی باوەڕی ئایینی و یاسای تەواو هەیە بۆ پاراستنی مافە شارستانییەکانی خەڵک و پەیڕەوی ڕێورەسمی ئایینی.

له فەرەنسا جیهانخوازی لەگەڵ وشیاری خەڵک ڕێکهات، بۆیە جار لە دوای جار لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسییەوە وەک سیستەمی فەرمانداری هەڵدەبژێردرێتەوە.

## نموونەی جیهانخوازیی (العلمانية) لەتورکیا

لە تورکیا نموونەی جیهانخوازیی توندی فەڕەنسی بەسەر گەلێکی ئاییندار سەپێندرا جیهانخوازییەک لە نموونەی فەڕەنسیش توندوتیژتر و لە ڕێگەی دەوڵەت و دامودەزگاکانی و بە زەبرو زەنگ و جیاکاری و دکتاتۆریەتی.

ئەم هەڵوێستە توندە کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێناو زیانی زۆر گەورەی بە کەلتوورو رۆشنبیری و دابونەریت و مێژووی تورکیادا.

ئەم ئەزموونە شێواندنی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوەو تا ئێستا بەردەوامە. ئەم سەپاندنەی جیهانخوازی تورکی کاردانەوەی گەورەی بەدواداهات و هەر دەرفەتێکی دیموکراسی دروست بوو بێت هێزە ئیسلامییەکان قۆزتوویانەتەوەو هەوڵی گۆڕینی سیستەمەکەیان داوەو لایەنی دووەم (ئەتاتورکایەتی) بە کودەتا ڕێگری لێ کردووە تا لە دواکایە پارتی

دادو گەشەپێدان توانی بگاتە دەستەڵات، بەڵام هەر نەیتوانی شێوازەکانی بەرهەڵستکاری پێشوو واز لێ بێنێت و بگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی دیموکراس و مافی مرۆڤ و کرانەوە بەڕووی جیهانی نوێ، دیسان کەوتۆتە پەلەقاژەی رێونی لەگەڵ ئەوەی بەجێگەیاندنی بنەماکانی دیموکراسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەیگەیەنێتە کەناری ئارام.

ئەم جەمسەرگریەی لە تورکیا هەیە دیموکراسی لەناو دەبات واتە هیچ رۆشنێک بەدی ناکرێت.

شایانی باسە پێویستە ئامارژە بەوەش بکەین کەوا هەنگاونان بەرەو سەکیولاریزم لە تورکیا، لەسەر دەستی ئەتا تورک نەبوو، بەڵکو هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە بە کاریگەری دەستووری دەوڵەتە ئەورووپییەکان هەنگاو بەرەو چاکسازی و بێلایەن کردنی دەوڵەت نراوە، هەنگاوەکانی نراون بەرەو دەوڵەتی هاووڵاتی لە کۆتاییەکانی یاسای ناسراو بە تەنزیمات یاسای رەگەزنامە (جنسیە) دەرچوو تیایدا کەسی ناموسڵمانی عوسمانی بە

هـاووڵاتـی دەوڵـەتــی عوسـمـانـی دەزانێـت و موسـڵمانـی ناعوسمانـی بە بیانـی دەژمێردرێت هەروەهـا بە دەق دەڵێن هیـچ سزایەک پەیـڕەو ناکرێت بە یاسا نـەبێت واتـە سزا ئایینییەکان راگیـراون هەرچەنـد ئامـاژە بـۆ مەزهەبـــی حەنەفـــی و وردەکـــاری دیـــکە دراوە.

کەواتـە هەوڵـــدراوە نیشـــتمانی هـــاووڵاتـی دروســـت بکرێت لـەوەدا هاوشێوەی چاکسازی بـەریتـانیە، بـەڵام داگیرکاری هـەنگاوەکانـی چاکسازی دابڕاند.

هەتـا ئـەتـاتورک کە خـەلافـەتـی نـەهێشت، سـەرەتا لـە رێـــگەی زانایــانی ئـــایینی فەتـــوای جیـــاکردنەوەی سەڵتەنەت و خـەلافـەتـی دەرکـرد، دواتـر خـەلافـەتیشـی نـەهێشت.

هەر لـەسـەر ئـەم بنچینـەیەی جیاکردنـەوەی خـەلافـەت و سـەڵتـەنـەت عـەلـی عەبـدولرەزاقی میسـر کتێبێکـی دانا ئاماژەی بە پێویستی سیستـەمی شارستانـی کـرد لـە بەڕێوەبەردنی دەوڵەت .

## نموونەی ئەمەریکی لە جیهانخوازیدا

نمـــوونەی ئەمەریکـــی لە بە جیهـــانخوازی کـــردن، هەوڵـــێکە بـــۆ بێلایەنکردنـــی دەوڵەت لە ئەنجـــامی بیروبۆچـــوون و بـــاوەڕی بـــاوکە دامەزرێنەرەکـــانی ئەمەریکـــــا لە تۆمـــــاس جیفرســـــۆنەوە وجـــــۆن ئادەمزوبنجامین فرانکلین دەستی پێکرد، باوەڕیان بە هەڵوێستی دایزمـانە، بە پیرۆزگرتنـی هـۆش مـرۆڤ هەبـوو، واتە هەڵوێستێک سـەر بە هـیچ ڕاڕەوێکـی ئایینی نییە، بەڵکو باوەڕی بە هۆشپەسندیی پیرۆز هەیەو هەڵوێستی توندیان هەبوو لەبارەی ئایین.

هەڵکەوتـی کـۆمەڵایەتی ئەمەریکـا شـتێکی دیـکەی سـەپاند لەوکـاتیەوە تـا ئەمـڕۆ، ڕاپرسـییەکان ئەوە دەسـەلمێنن کەوا ٩٠% تـا ٩٥%ی خەڵکـی ئەمەریکـا دەڵێن باوەڕیـان بە خـودا هەیە ٤٧% تـا ٥٠% دەڵـێن ئەندامن لە کەنیسە، ١٧% لەو باوەڕەدان ئەمەریکا زەوی پیرۆزی بەڵێن پێدراوە وەک لە تەورات هـاتووە، واتە تونـــدڕەوی و گەلـــی ئەمەریکـــی بە گەلـــی هەڵبژێردراو (مختـار) لەلایەن خوداوە دەزانـن، لەگەڵ

ئەوەشـدا گەلـی ئەمەریکـی لەو بـاوەڕەدان دەوڵەت دەبێت بێلایەن بێت سەبارەت کاروبارەکانی ئایین، بەڵام ئەم هەڵوێستەیان لە ئاییـنداری کاردەکـاتە سـەر بۆچـوون و داخوازییەکانیـان لە دەوڵەت، بـۆ نمـوونە لە سـاڵی ٢٠٠٤ لە فەرەنسـا رێـگە نەدرا قوتابییانی موسڵمانی زانکۆ سەرپۆش بپۆشن، کەچی لە ئەمەریکا، دادگەیەکی ئۆهایو رێی دا قوتابییەکی زانکۆ سـەرپۆش بپۆشێت وەک چۆن جوولەکە کـڵاو لەسـەر دەنـێن لەبەرئەوەی بە دەربڕینـی پێنـاس کەسی و باوەڕی تاکەکەس دەزانن و مافی خۆیەتی پەیرەویان بکات و کاریان پێبکات، وەک هەڵوێستێکی لیبراڵـی نەک ئایینی. لیبراڵیزم پێویست دەکات مـرۆڤ (تـاکەکەس) بیروبۆچوونەکـانی ئـازادانە دەربڕێـت و دەوڵەت پارێزگـاری ئەو مـافە دەکـات، دەوڵەتـی ئەمەریکـی سـەکیولارییە، بەڵام ١٦٠٠ ئێـزگەی ئایینی تێدایە و ٤٠٠ کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئـایینی و لەت بـوونی هەر کەس و گرووپێـک لە کەنسیە بە دروستکردنی کەنیسەیەکی دیکە دەکەن تا رادەی دروستبوونی کەنیسەی تایبەت.

ئەمەش هۆکـــــاری مێژوویـــــــی هەیەو چەشـــــنی جیهـــانخوازی ئەمەریکـــی بێلایەنکردنـــی دەوڵەتە سەبارەت کاروبارەکانی ئایین لە چاکسازی یەکەمی دەستووری ئەمەریکی دەوڵەت قەدەغە کرا کەنسیە دروست بکات.

کەچـــی لە بەریتانیـا کەنیســەی ئەنجلیکـانی بە بڕیـاری پاشـا هینـری هەشـتەم دروسـت کـراو ئەنجـوومەنی مەترانـان دامەزراو سـەر بە پاشـا بـوون، ئەنـدامی ئەنجـوومەنی لۆردەکـان بـوون، هەڵوێستی ئەمەریکی بەرپەرچی ئەم جۆرە هەنگاوە بوو. واتە دەوڵەتی ئەمەریکی ئایینی فەرمی نییە.

تیۆرییانە دەشێ کەسی نامەسیحی ببێتە سەرۆکی ئەمەریکـا، بەڵام گەر بـزانین زۆریـنەی خەڵـک بـاوەڕدارن کـار لەسـەر دەنگـدان دەکەن ئۆبامـا لە کتێـبەکەی ئامــاژە بە گرنگـــی ئــایین دەدات لە هەڵبژاردنەکــــان و یەکەم کەس لە هەڵمەتـــــی سەرۆکایەتی ئایینی بەکارهێنا جیمس کارتەر بوو، ئۆباماش زۆر پێدا دەگرێت لەسەر ئەوەی مەسیحییە

لەگەڵ ئەوەی کـــوڕی موســـڵمانێکەو لە بـــنەچەی ئەفریقیـانە، کە تـا ئێسـتاش مرۆڤـی رەنـگ رەش لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و بـەشێکی زۆری موسڵمانـان بـە کۆیلـە-عبد-یا لـە رەچەڵەکی کۆیلـەکان کەوتۆتەوە.

کەواتە لە ئەزمـــوونی جیهـــانخوازی ئەمەریکـــی بێلایەنکردنـــی ئەرێنـــی دەوڵەت لە ئـــارادایەو ئەزمـــوونێکی تونـــدڕەوی عەلمـــانیەت نیـــیە وەک فەرەنسا.

بەگشـتی ئەوەی گـرنگە لە پڕۆسـەی بە دیموکراسـی کـردن یـا هەنگاونـان بـۆ بنیاتنـانی پڕۆسـەیەکی دیموکراسـی دروسـتکردنـی دینـامیکییەتێکە بـاس لـە کێشەکانـی خەڵک بکات گیروگرفتەکانیان چارە بکـات دەسـتپاکی لـە داهـــات و خـەرجـــی وەدی بێنێـــت، گەندەڵـی نەهێڵێت و کێشە ئابووریـیەکان چـارە بکـات و دامەزراوە دیموکراسـییەکان بنیـات بنێـت لـەژێـر سایـەی دەوڵـەتێکی بێلایـەن.

نەک ســەنگەر لە یەکترگـــرتن و بەدوای پێناســـی تائیفی و حزبی و گرۆیی کەوتن و وڵات و هاووڵاتییـان

و كێشەكانیان فەرامۆش بكرێت و شەڕ لەسەر بواری ژیوەری ئەم پێناسانە بكرێت نەک بەها دیموكراسی و نیشتمانی و مرۆڤایەتییەكان، كەواتە گەر جیاواز بین لەسەر چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانی خەڵک، ئەوا سیستەمێكی دیموكراسی بنیات دەنێین و دەوڵەتی بێلایەنی ئەرێنیانە بنیات دەنێین.

## لەبارەی هاووڵاتیی بوون

چەمکی هاووڵاتییێتی (المواطنة) لە سیستەمی دیموکراسیدا، واتە: پەیوەندی مافداری (حقوقي) لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان و لە نێوان ئەوان و دەوڵەت.

ئەمەیش لە هاونیشتمانێتی و یەک رەگەزنامە (جنسیة) پێدان و یەکسانی لە ماف و ئەرکەکان رەنگدەداتەوە.

ئەمەیش بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی مرۆڤ دەبێت، بەها وبەشیکردن لە ژیانی گشتیدا و لەسەر بنچینەی یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەداو بێ هیچ جوداکارییەک، هاوکات هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان و هاوپشک بوون لە سامانی سروشتی وڵات. ئەمەیش بنچینەو بەردی بناخەی سیستەمی دیموکراسییە.

ئەم راو بۆچوونەش لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە، کە دەڵێت: لەو ئاستەی گۆڕان و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە، کەوا تاکەکەسان، ئازادانە دەتوانن هاوبەش بن لە هاوبەندییەک (تعاقد) لەسەر چەندان بنەماو بنەڕەت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی هاوولاتییان (کۆمەڵگەی شارستانی)، ئەوکاتە ئەو تاکانە دەوڵەت پێکدێنن و پەیوەندییێکی مافداری بە دەوڵەتیان دەبەستێتەوەو لە هەمان کات پەیوەندییێکی هاوولاتی بوون بەیەکیان دەبەستێتەوە.

ئەم پەیوەندییە نوێیەش، لە پەیوەندیی بنەماڵەیی و هۆزگەری و ئایین و مەزهەبی.. رەت دەبێت و لە دەرەوەی ئامێرکاری دەوڵەت لە رەوتی پێشکەوتن بەردەوام دەبێت. ئەم راوبۆچوونەش بنچینەی دروستبوونی کۆمەڵگەی هاوولاتی بوونە، واتە کۆمەڵگەی شارستانی.

کۆمەڵگەی شارستانی وەک چەندان زاراوەی دیکە بە ئامادەیی گەیشتە ئێمە وەک: دیموکراسی، عەلمانییەت.. هتد.

چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی کە لەسەر بنچینەی هاووڵاتی بوون دامەزراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم (١٧) لە ئەورووپا، لەوکاتیدا ئەم زاراوەیە لە بەرانبەر کۆمەڵگەی سروشتی یا حاڵەتی سروشتی بەکاردەهات، واتای دەوڵەتی دەبەخشی.

کەواتە کۆمەڵگەی سروشتی بێ ڕێکخستنی سیاسییە واتە بێ دەوڵەتە، واتە قۆناخی پێش دروستبوونی دەوڵەتە، لە یەکەم هەنگاودا کۆمەڵگەی شارستانی بە واتای دەوڵەت بەکاردەهات لەسەر گریمانەی ئەوەی کۆمەڵگەیەکە لە ڕێگەی هاوبەندێتی (تعاقدات) کۆمەڵایەتی دروست بووە لەلایەن تاکە ئازادەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی، ئازاد لە بڕیاردان و توانای هاتنە نێو ئەم هاوبەندییەیان هەیە لەسەر چەندان بنچینەو بنەمای دیاریکراو ئەم کۆمەڵگەیەش لەسەر هاوبەندێتی تاکە ئازادەکان پێکهاتووە دەوڵەتە.

ئەم چەمکە بە چەندان قۆناخی دیکەدا ڕەت بوو، بەڵام بنج و بنەوانی چەمکەکە واتای کۆمەڵگەیەکە

لـه حـالّـەتی سروشـتی دەرچووبێـت واتـە دەرچـوون لـە (لـەڕیزبــوون-ئینتماکــان)ی تــاکی سروشــتی (وەک: بنـەمـالّـە، هـۆز، تـایفە، مەزهـەب. .) ئـەم ئینتمایـانـە لـەگـەڵ لـە دایکبـوون مـرۆڤ خـۆی تیـادا دەبینێـتـەوە، لـەهـەمانکات واتای نـەمانـی ئـەم پەیوەنییانـەش نییە.

کـەچـی کـۆمـەڵگـەی سیاسـی (ڕێکخـراو) وەک دەولّـەت، کـۆمـەڵگـەیەکـە مـرۆڤ دروسـتی دەکـات، بـە هـەمـوو دامودەزگاکانییەوە.

واتـە دوو حـالّـەت لـە ئـارادان حـالّـەتی سروشــتی و حالّـەتێـک مـرۆڤ ئـازادانـە خـۆی دروسـتی دەکـات، لـەوەشـەوە جیاوازی لـە نێوان گـرۆ (کـۆمـەلّـە) (جمـاعـە) و کۆمـەڵگـە (سۆسایتـی) دروست بـوو.

گرۆ واتـە ئـەو کۆمـەلّـەی مرۆڤ تیایدا لـە دایک دەبێت، سروشـتـی بـە کـۆمـەڵ زالّـە لـەوەی سروشـتـی تـاکـەکـەس سەربـەخۆ تیایدا دیار بێت.

کـەچـی کـۆمـەڵگـە (کـۆمـەڵگـەی هاووڵاتییـان) واتـە تاکـەکـەسـی ئـازادو خـاوەن هاوبـەنـدییـەکی ئـازادانـە لـەگـەڵ یـەک بـۆ پێکهێنـانی ئـەم کـۆمـەڵگـەیـە

(سوسایتی)، له هەمانکات ئەم ئاسته ڕێ لەوە ناگرێت مرۆڤ خاوەن ئینتمای خێزان و بنەماڵەو هۆزو تایفە بێت، بەڵام ئازادانە دەچێتە هاوبەندییەک لەسەر ووی ئەوانەوە، هەڵوێستێکی هەیە وەک تاکێکی ئازاد دەکەوێتە پەیوەندییەکی نوێوە.

ئەم بیروبۆچوونە بنچینەو بنەڕەتی چەمکی هاوولاتی بوونە یا هاوولاتێتی و کۆمەڵگەی هاوولاتییێتی.

واتە تاکە کەسەکە ناچار نییە، بەڵکو ئازادانە دەچێتە حاڵەتێکی هاوبەندی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی هاوولاتییەتی. لەم قۆناخەدا کۆمەڵگەی شارستانی (هاوولاتییەتی) جیابووەوە لە دەوڵەت و وەک کۆمەڵگەیەکی خاوەن توانای خۆبەرهەمهێنانەوە لە دەرەوەی ئامێرکاری دەوڵەت، ئەم کۆمەڵگەیە ناونرا کۆمەڵگەی شارستانی (هاوولاتییێتی).

ئەم چەمــــکە لەگەڵ پەیــــدابوونی سیســــتەمی سەرمایەداری بورجوازی، کە لەسەر بنەڕەتی کاری کرێ، دامەزراوە، نەک لەسەر کارکردن لە بواری کشتوکاڵ یا شوانکارەیی، بەڵکو لەسەر بنچینەی خاوەن کارو کرێکار، ئەم سیستەمە سەرەتا لە هۆڵەندا و دواتر لە ئینگلتەرا لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەم پەیدابوو، ئەم سیستەمە تا ئێستاش لە بەرگی جیاجیادا بەردەوامە، واتە ئابووری سەرمایەداری لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە خەڵک ئازادن لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان، ئەوانە ناونران کرێکار، فەرمانبەر. . هتد. لەم قۆناخەدا، کۆمەڵگەی شارستانی (هاووڵاتی بوون) لە دەوڵەت جیاکرایەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری کۆمەڵگەیەک دروست بوو خۆی بەرهەم دێنێتەوە لە دەرەوەی ئامێرکاری دەوڵەت، واتە کۆمەڵگەی شارستانی (هاووڵاتییێتی) لە بەرانبەر دەوڵەت دروست بوو و جیاکرایەوە لە دەوڵەت.

واتە لەم قۆناخەدا چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی (کۆمەڵگەی هاووڵاتێتی) هاوواتای کۆمەڵگەی

سەرمایەداری بوو کە خۆی لە دەرەوەی ئامێرکاری دەوڵەت دروست دەکاتەوە.

لە قۆناخی دواتر چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی (کۆمەڵگەی هاووڵاتێتی) تەنیا ئەو واتایەی دەبەخشی کەوا پێکدێت لە یەکێتییە خۆبەشەکان (اتحادات طوعیة)، واتە یەکیەتی و سەندیکاو پارتەکان واتای کۆمەڵگەی شارستانی دەبەقەبەڵکرا.

دواتر لە قۆناخی پێشکەوتووتر باس لەوە کرا دەبێت پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی شارستانی جیاکرێنەوە، لەبەرئەوەی پەیوەستن بە دەستەڵات و دەوڵەت و فەرمانداری واتە دەبێ جیابن لە سەندیکاو رێکخراوە ناحکوومییەکان، بەم جۆرە چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی لە دواکایە تەنیا بۆ یەکێتی و سەندیکاو کۆمەڵەو رێکخراوە ناحکوومییەکان مایەوە.

چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی کە گەیشتە کۆمەڵگەکەمان بەم واتایەی دوایی گەیشتە ئێمە بەبێ ئەوەی پاشخانێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەبێت.

واتە زنجیرەیەک گۆڕانکاری لەبەرچاو ناگیرێت کە پێویستە لە کۆمەڵگەدا روویان دابێت بۆ ئەوەی بگەین بەم چەمکەی ئێستای کۆمەڵگەی شارستانی.

وەک جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی سروشتی، جومگەگەری کۆمەڵگە لە بەرانبەر دەوڵەت، تاکی ئازاد، هاوبەندی ئازادانە. واتە تەنیا ئەم رێکخراوانە کۆمەڵگەی شارستانی پێکناهێنن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی هاوولاتییێتی لەسەر گریمانەی بوونی تاکی ئازاد دامەزراوە.

واتە بوونی رێکخراوە ناحکوومییەکان واتای بوونی کۆمەڵگەی هاوولاتێتی ناگەیەنێت. گەر ئاورێک لە شۆڕشەکانی ولاتانی عەرەبی بدەینەوە دەبینین ئەو کۆمەڵگەیەی پاشخانێکی گۆڕانی کۆمەڵگەی هاوولاتێتی تیادا رووی نەدابێت، (کۆمەڵگەی شارستانی-رێکخراوە ناحکوومییەکان) ئەو رۆڵە نابینن کە پێویستە.

بۆ نموونە: لە میسرو توونس لەبەرئەوەی ئاستی کۆمەڵگەی (هاوولاتی بوون) پێشکەوتوو بوو لەگەڵ

بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و فەیس بووک و تویتەر خەڵکیان هانداو وشیارییان بڵاوکردەوەو گردبوونەوەو خۆپیشاندانیان ساز کرد واتە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەدواداهات.

لە کۆمەڵگەی وەک لیبیاو سووریاو عێراق و لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی هاوولاتی بوون دواکەوتووبوو کەواتە ڕێکخراوەکان و فەیس بووک و تویتەر ئەم ڕۆڵەیان نابێت، هەرچەندە گردبوونەوە ساز دەکرێت، بۆ داواکاری جیاجیا پیشەیی یا مافداری. تا هەڵچوونی هۆزگەر لە بەرانبەر نادادپەروەرییەک بەرانبەر تاکێکی هۆزەکە دەکرێت.

واتە ڕێکخراوەکان و فەیس بووک و تویتەر لە هەمووان وەک یەکن، بەڵام کۆمەڵگەکان جیاواز لە پلەی (هاوولاتی بوون) و گۆڕان و پێشکەوتنیان، ئایا هێشتا کۆمەڵگەی سروشتین، یا شارگەرین، یا تائیفین، یا هۆزگەرین، واتە سروشتی کۆمەڵگەکە لێرە کاریگەرە.

واتە پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی چەمکی هاوولاتی بوون و تاک و ئابووری بازاڕ (سەرمایەداری) کە توانای بەرهەمهێنانی خۆی هەیە لە دەرەوەی ئامێرکاری دەوڵەت و دووەم کاریگەری پەیوەندییە هاوبەندییەکان (تعاقدیەکان) لە چاو پەیوەندییەکانی دیکەی بنەماڵەیی و هۆزگەری و شارنشینی و تایفی بالادەست بوونی ئەم پەیوەندییانە کاریگەرن.

واتە کۆمەڵگەی هاوولاتییێتی جیاوازە لە دەوڵەت و لە ئاستەکانی دیکەی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگە.

وشەی شارستانی، واتە لە هاوولاتی بوون هاتووە نەک پەیوەندی بە شارەوە هەبێت، لە سەرەتا لەو پەیوەندییانەوە سەری هەڵدا کە لە نێوان پیشەگەرانی شار لە سەدەکانی ناوەڕاست سەری هەڵدا لە بەرانبەر پەیوەندییە دەرەبەگییەکانی لادێ.

لە هەر شوێنێک-کۆمەڵگە پێشکەوتوو بوو پەیوەندی تاکەکەس رۆڵی هەبوو لە بنیاتنانی دامودەزگاکان

واتە هەستی هاووڵاتی بوون بەهێز بوو، بەهێزتر بوو لە تایفەگەری و هۆزگەری و بنەماڵەیی ئەوا زەمینە لەبارە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بزاوتی کۆمەڵگەیی.
لەم حاڵەتانەدا کۆمەڵگە وەک یەک کۆمەڵگە رادەپەڕێت نەک بەشی بچووک بچووکی دژ بە یەک و ناکۆک، هەر بەشەو ئەوەی دیکە بە دوژمنی خۆی بزانێت.
هەروەها دامودەزگاکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەتوانن خۆیان بپارێزت لەگەڵ گۆڕانی رژێمەکانیش لەبەرئەوەی دەوڵەتی بەهێز رەوایەتی بەهێزی هەیە، رەوایەتی مێژوویی هەیە لەنێو هاووڵاتییان و سوپای نیشتمانی خۆی بە موڵکی دەوڵەت و هاووڵاتییان دەزانێت نەک، لە دەوڵەتی بێهێز خۆی بە موڵکی (سەرۆک کۆمار) و (رژێمی سیاسی) و ئەرکی سوپای نیشتمانی بەرگریکردنە لە سەربەخۆیی وڵات نەک سەرکوتکردنی خەڵک.
دەوڵەتی بەهێز واتە کۆمەڵگەی هاووڵاتییێتی بەهێز، بە پێچەوانەشەوە دەوڵەتی بێهێز (بە

دامودەزگاکـــانیەوە) واتـە سیسـتـەمی سیاســی تێــدا لـەسـەر بنچینـەی بنـەمـاڵـەیی، گـرۆگـەری دامـەزراوە بـە هەر راپەڕینێک تێکدەشکێت و پارچە پارچە دەبێت.

دەوڵـەت بـەهێـز بێـت خـۆی جیادەکـاتـەوە لـە (سـەرۆک دەوڵـەت) و (رژێــم) و دامـەزراوەی پــتـەوی دەبێــت لـە بـەرانــبـەردا کــۆمـەڵگەی هــاووڵاتـی بــوونـی بـەهێــزی هـەیـەو هـەموویـــان لـە یـەکـەیـەکـــی دیـــالێکتیکی و ململانێ دەژین.

نموونـەی لیبیـاو سووریا نمـوونـەی دەوڵـەتـی بێهێـزن، نـە دەوڵـەت دەوڵـەت بــوو بـە واتــا دروسـتـەکـەی و نـە سوپا سوپای هاوچـاخ بـوو و نـە کـۆمـەڵگەی هـاووڵاتـی بــوون بــوونـی هـەبـوو. هـەرچـەنـدە هـەمـان وشـەیان بـۆ بـەکاردەهات، دەوڵـەت دامودەزگاکـانی نـادیموکراسـی، هەڵبژاردەکـان سـاختـەو ئاڕاستـەکراو، دامـەزراوەکـان جیاکـــارو گرۆبـەنــدی، ســوپا، گـــرۆ گـــرۆو ســـەر بـە ئـەندامـانـی بنـەماڵـەی (سـەرۆک کۆمار).

وشـــەی دەوڵەت وشـــەیەکی ئەفســوناوی نیــیە هەر بەکـــارت هێنـــا واتە کـــۆمەڵگەیەکی هاوچـــاخی شارستانی هاوولاتیەتی مۆدێرنت دەستکەوێت.

کەواتە پێویســتە ســەرەتا مەســەلەی کــۆمەڵگەی هاوولاتێتی چارەسەر بکرێت، دامەزراوەی نیشتمانی بنیــات بنرێــت و رێزیــان لێبگرێــت کــۆمەڵگەیەک بتوانێت دوور لە رژێمی سیاسی خۆی بنیات بنێت، لەم ولاتـانەی ناسنامەی هـاوولاتی بـوون و یەکێتــی نیشتمانی دروست نەبووە ئەوا:

**یەکەم**: زوو یـا درەنـگ گەل ئەم ناسنامە یەدروست دەکات.

**دووەم**: رێکخراو و حزب و کۆمەڵەو بزووتنەوە. . هتد. دەتوانن هاوکار بن لە جووڵاندنی کۆمەڵگە بەرەو ئەم ئاقارەو بنیاتنانی ناسنامەی نیشتمانی گشتگر.

ناســنامەش تایبەتمەنــدییێکی مێــژوویە، کــۆمەڵە کەسانێک جیادەکاتەوەو وادەکات هەست بکەن لە رێزی (گرۆیەک، کۆمەڵەیەک، حزبێک، رێکخراوێک، تــایفەیەک، مەزهەبێــک. . هتــد)یا دەوڵەتێــک دان

لەسەر بنچینەیەکی رۆشنبیری و ژیاری و مێژوویی دیاری کراوەوە، هەر ئەم هەستەش لە هەستکردن بە لە ریزدابوون رەنگدەداتەوە، دروستکردنی ئەم لە ریزبوونە، ئینتمایە، یەکەم هەنگاوە لە بنیاتنانی دەوڵەت و بنچینەو بنەڕەتی هاوولاتییێتی، بەم جۆرە بەسەر ناسنامەی لک و بەشە بچووکەکانی زاڵ دەبێت و لەسەر بنچینەی هاوولاتییێتیی کۆمەڵگەو دەوڵەت بنیات دەنێت، بە پشتبەست بە بەها مرۆییە گەردوونییەکان (مافەکانی مرۆڤ) و زانیاری زانستی و تەکنۆلۆژیای هاوچاخ وەک بنچینەو بنەڕەتی وشیاری نیشتمانی و هاوولاتییێتی.

## لەبارەی رۆشنبیرو لایەنگریی دیموکراسی

وشەی رۆشنبیر، یا رووناکبیر، یا پێشتر پێیان دەوت متنـــور، وەرگێڕانـــی زاراوە وچەمکـــی (ئینتلیکچـــول Intellectuel) ە کەلە کۆمەڵگەی فەرەنسی پەیدا بووە هەتا لە عەرەبیش وشەی (المثقف) بە هەمان شێوە وەرگێڕانی هەمان چەمک و زاراوە فەرەنسییەکەیە، (المثقـــف) بەم واتـــا تـــازەیەی بـــۆ یەکەمجـــار لە فەرهەنگـــی (محـــیط المحـــیط)ی (پتـــروس البســـتاني) (١٨١٩-١٨٨٣) بەکارهـــــــــــاتووە، کە لە (١٨٧٠) لە بەیروت چاپکراوە .

ئەم وشەیە بەم چەمک و واتایە بەرانبەر چەمکێک بەکاردێـــت کەوا هەڵقـــولاوی شۆڕشـــی فەرەنســـییەو تائەمڕۆ بە ئێمە گەیشتووە.

زاراوەی (ئنتلجینســـیا) (Intellingantsia)ی رووســـیش (دەستەبژێری رۆشنبیر یا خاوەن بیرەکان) هەمان واتاو چەمک دەگەیەنێت، مەبەست لەم چەمکە: پۆل

(طائفــــة)      ـە کەســــانێکن هـــزرو بیرکـــردنەوە سەرمایەیانە، هێزی کاریان بیریانە، هێزی بیریانە دەیفرۆشـــن یـــا بەکرێـــی دەدەن یـــا دەیـــخەنە وەبەرهێنانەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان .

رۆشنبیر جیایە لەو ئەکادیمییەی هێزی کارەکەی بەکرێ دەدات، دەفرۆشێت، واتە تەنیا تەرخان نییە بە پـــۆلی شـــارەزایان. رۆشـــنبیری ســـەرباری تایبەتمەنـــدییەکەی، کـــار لە کێشـــە گشـــتییەکاندا دەکات، راوبۆچوونی دەبێت سەبارەت کاروبار و کێشە گشتییەکان.

بەم جۆرە  رۆشنبیر، پۆلە کەسانێکن لە بنچینەدا کـاری بیروهـزری دەکەن و بەو هێـزەی کـارە دەژیـن، بەڵام هەڵوێستیان هەیە لە کێشە گشتییەکانی جێی گرنگـــی و بـــایەخی کـــۆمەڵگەیە، کەواتە رۆشـــنبیر، هۆشـــمەندی و ژیـــری لە شـــیکردنەوەی بـــارو دۆخـــی کۆمەڵگە دەخاتە کارو هەڵوێستی بەها یی ئاکاریی دەردەبڕێت لە بەرانبەر کێشە گشتییەکان.

نموونەی بەرایی ئەم پۆلە کەسانەش بزووتنەوەی فەڕەنسییەکان بوون بۆ بەرگری لە کێشەی (دریفوس ١٨٩٤ تا ١٩٠٦) ئەلفرید دریفوس

((Alfred Dreyfus

(٩ ئابی ١٨٥٩ ـ ١٢ ئەیلول ١٩٣٥) کە بەناحەق تاوانبار کراو سزا درا، هەرچەند تاوانباری راستەقینەی سیخوڕی کردنەکە بۆ ئەڵمانیا دۆزرایەوە، بەڵام لەبەرچاو نەگیرا، بۆیە دەستە دەستە خەڵک و رۆشنبیران و راگەیێنکاران کەوتنە بەرگری کردن، بەتایبەتی ئەدیب و بیریاران لەوکاتەدا کۆمەڵە رۆشنبیرێک بەیاننامەیەکیان واژوو کرد دژی ساختەکاریی لە بەڵگەکانی لایەنی کارگێڕی و ناونرا بەیاننامەی رۆشنبیران .

بەم جۆرە ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار بەو کۆمەڵە رۆشنبیرە وترا کە هاتوونەتە نێو بواری کاری سیاسی، نەک وەک ئەندامانی حزبێک یا وەک شارەزایەک، بەڵکو وەک رۆشنبیرهاتوونەتە ئەم

بـوارەو رەخـنـە دەگـرن لـەبـارەی کـاروبـارێکی گشـتـی، زۆربـەیـان ئـەدیب بوون.

هـەتـا ئـنتلجینسـیا ی رووسـیش بیریـار (اهـل الفکـر) دەسـتـەبژێری رۆشـنبیری (نخبـة المثقفـین)، ئـەو پـۆلـە کـەسـانـەن لـە بوارەکـانـی تایبـەتمـەنـدی خـۆیـان رەت دەبن بۆ کێشە گشتییەکان.

ئـا لێـرەوە ئـەم بیـرۆکـەیە پـەیـدا بـوو، کـەوا پێویسـتـە رۆشـنبیران رەخـنـەگـر بـن و پشـتگیری سـتـەم لێـکـراوان بکەن. . هتد.

پۆلـی رۆشـنبیران، وەک پـۆلێکـی (فئـة) کـۆمـەڵایـەتـی لـە چـاخـی ئـەمڕۆمانـدا، پـەیوەسـت بـوون بـە نـوێگـەری (مـۆدێرنێتە) بێگومـان بـەگشـتـی رەخـنـەگـر بـوون بـەرانبـەر پۆلـە نـەریتـەییە باوەکانـی کۆمـەڵگە.

گومـان لـەوەشـدا نـییـە بزووتنـەوەکـانـی شـۆڕشـگێڕی لـە سـەدەی هـەژدەم و نـۆزدەم، بـەگشـتـی، ئـەم پـۆلـە نـوێیـە سەرکردایەتی دەکردن .

ئـەم پۆلـە (فئـة) کۆمـەڵایـەتییـەی مـارکس رۆڵـی پێشـەنگ بـوونـی پێنـەبـەخشـین، بـەڵـکـو رۆڵـی پێشـەنگی دایە

چینــی کرێکـاران، لـه راستیشـدا ئـهوهی سـهرکردایـهتـی چینــی کرێکـاران و شۆڕشــی دهکـرد پـۆلـی رۆشـنـبیران بوون.

ئـهم پـۆلـه نـوێیـهی رۆشـنـبیران لـه ئـهو کـهسـانـه بـوون کـهوا بـه ژمـارهیـهکـی زۆر لـه زانکۆکـان دهرچـوون، هـهر لـه ســـهرهتای دروســـتبوونی زانکـــۆ نوێیـهکـــانـهوه، ئـهوانـهی بـواری کاریـان بـۆ نـهڕهخسـاو بێکـار بـوون، بـهم جــۆره پـهیوهنــدیان کــرد بـه شۆڕشــی دژی ئـهو کـــۆمـهڵگـهیـهی لـه زانکۆکـــانـی دهردهچوانـــدن، بـهڵام دهرفـهتـی کاریانـی بۆ نـه دهڕهخساند.

یا ئـهم پۆلـه رۆشنبیره رهخنـهیان لـه کاروبـاری گشـتـی دهگرت، بوون بـه خـاوهن هـهڵوێستـی ئـاکاری سـهبـارهت کاروبــاره گشــتییـهکان، لـهو رۆڵـهی رهت بــوو کـه وهک شارهزا شیکاری هۆشمـهندانـه بکـهن.

رۆشــنبیر مـهرج نیــیـه هـهر شۆڕشــگێڕ بێــت، دهشـــی رۆشنبیرێکی پارزێگاریخواز بێت و هـهڵوێستـی هـهبێت بـهرانــبـهر کاروبــاره گشــتییـهکان، بـهڵام هـهڵوێســتـی شۆڕشــگێڕی نــا، دهشـــێ خوێنــدهوارێکی هۆشپـهســند

(عقلانــی) بێـت توانــای ڕەخنـەگرتنــی هەبێــت، بـەڵام شۆڕشــگێڕ نـەبێــت، ڕۆشــنبیر بـەناچــارەکی دەبێــت ڕەخنـەگر بێت.

هەر تیـۆرییـەک هـەڵـکەوت (واقـع) هۆشپەسندانـە ڕاڤـە بکـات، واتـە بـە چـاوی هۆشپەسـندانـەلێکی بـداتـەوە، واتـە ڕەخـــــنـە لـەلایـەنـە ناهۆشپەســــندانییـەکانـی هەڵـکەوت دەگرێـت. بـەڵام جـۆری ڕەخـنـەکـە بـەپێــی ڕۆشــــنبیرەکـە و بـــــواری بیرکــــردنـەوەو زانســــت و لایـەنگـرییـە جیاجیاکـانـی لـە کـۆمـەڵگـە جیاجیاکانـدا دەگۆڕێت.

لـە کــۆمـەڵگەی ســەرمایـەداریی نــوێ و دینامیکیــدا، دەتـوانین بـاس لـە ڕۆشـنبیری چاکسـازیخواز بکـەیـن، لـەبـەرئـەوەی ئـەم جـۆرە سیستـەمـە دەرفـەت و بـوار بـۆ ڕەخــنـەی هۆشــمـەندانـە دەڕەخسـێنێت و ڕەخــنـە لـە چوارچێوەی کۆمـەڵگـەدا دەمێنێتـەوە بـێ ئـەوەی بگـاتـە شــۆڕش، یـــاخود دینـــامیکییـەتی گــۆڕانی کــۆمـەڵگـە ڕێـدەدات لـە نێوەخـۆدا بگۆڕێـت و پـەرە بسـێنێت بــێ شۆڕش.

هەر ئەم خاڵە بووە جێی وتووێژی نێوان (ئیدوارد برنشتاین) (١٨٥٠-١٩٣٢) (Eduard Bernstein) کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی دیموکراسیی سۆشیالیستی و (لینین) (١٨٧٠- ١٩٢٤)، هاوکات وتارە گرنگەکەی روزا لوکسمبورگ (Rosa Luxemburg) (١٨٧١-١٩١٩) سەبارەت (ریفۆرم و شۆڕش).

ئەم پرسانە هاتنە گۆڕێ، ئایا شۆڕش بنەمایەکی ناچارەکی و پیرۆزە، دەبێ بێتەدی یا ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵگەیەو دەشێ کۆمەڵگە ئاشتیانە بگۆڕدرێت، بۆ هەر بە شۆڕش؟ لەم هەڵوێستەدا، لە هەزری مارکسی، ئەوانەی پابەندبوون بە ئەرسۆدۆکسیەتی بیری مارکسی و بە پیرۆزکردنی شۆڕش، پارێزگاران بوون، بیرۆکەی شۆڕشیان بە پیرۆزدانا، بە ناچارەکی دانا، بە ناچارەکی دەبوایە- بە بۆچوونی ئەوان-کۆمەڵگە جەمسەرگری کردبا لە دوو چیندا چینێک خاوەنی هەموو شتێکەو چینێک خاوەنی هیچ نییە، کەواتە دەبێت ئەوەی نیەتی شۆڕش بەسەر ئەوەی دیکە بکات.

له راستیدا گۆڕانی کۆمەڵگە بەم جۆرە جیانەبۆوە، چینی نێوەند پەیدا بوو، زۆرو فرەوان، چینی کرێکاران لە بری ئەوەی ژمارەیان زێدە بێت، کەمتر بوونەوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و بەرهەمهێنانی کارزێتر بوو، تەکنۆکراتەکان و ئەندازیاران دەرکەوتن.

جۆرە کۆمەڵگەیەک دروست بوو دەرفەتی فرەوان پەیدا بوو بۆ کاری دیموکراسی هەرچەندە بۆرجوازی بوون، خاوەن دینامیکییەتێکی گۆڕان بوو، بەم جۆرە کۆمەڵگەکانی سەرمایەداری لە سەدو پەنجا ساڵی رابردوو زۆر گۆڕاون.

لایەنەکەی دیکە پابەندبوون بە پیرۆزی شۆڕش و رێبازی شۆڕشگێڕی و چاکسازانی بە هەڵگەڕاوەو دانا، وەک رەخنەی لینین بۆ (کاوتسکی) (١٨٥٤- ١٩٣٨) (شۆڕشی بۆرجوازی و کاوتسکی هەڵگەڕاوە)، ئەرتۆدۆکسی هەمان شتە لە هزری سەیکولاری و لە هزری ئایینی، هەڵگەڕاوە، هەر هەڵگەڕاوەیە لێرەو لەوێ.

لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا دەتوانین باس لە ڕۆشنبیری پارزێگاریخواز بکەین. ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ بۆ ئەوە دەچێت گۆڕان تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەکرێت، ئەم بۆچوونە لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی هۆشمەندانەی سروشتی کۆمەڵگەکەی پەیدای کردووە، رای وایە گۆڕان ناکرێت، بە شۆڕش نەبێت، بەڵام گەر بیرۆکەی شۆڕشی بە پیرۆزداو وازی لە شیکاری هۆشپەسندانە لە گۆڕان هێنا، کەواتە لەم حاڵەتەدا وازی لە تایبەتمەندییەکی خۆی هێناوە کە ڕۆشنبیرە، هەرچەند ناو لەخۆ بنێت ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ.

**ڕۆشنبیر دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت:**

١-شیکردنەوەی هۆشپەسندانە (عقلانی) و زانستی.

٢-لەم شارەزاییە چوونە دەرەوەو بەسوود وەرگرتن لەم شیکردنەوەیە بۆ هەڵوێستی بەها یی (قیمی) ئاکاری دەربڕین لە کێشە گشتییەکاندا، سەبارەت کاروباری گشتی، گەر وازی لە شیکردنەوەی هۆشپەسندانەو زانستی هێنا، ئەوا واز لەو سیفەتە

دێنێت کە رۆشنبیرە، هەتا گەر بەخۆشی بڵێت رۆشنبیری شۆڕشگێڕ.

کەواتە رۆشنبیری شۆڕشگێڕ ئەو رۆشنبیرەیە، لەسەر بنچینەی شیکاری هۆشپەسندانەی کۆمەڵگە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا هیچ دەریچەی دەرچوون نییە لە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوەی باو لە کۆمەڵگەداو لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵگەو دەستووری دەوڵەت و دەبێ لەم سیستەمە دەربچێت و لە رژێم یاخی بێت، نەک لەسەر بنەڕەتی بە پیرۆز دانانی شۆڕش، دەرچوون (الخروج) لە هزری ئیسلامیدا چەمکێکی گرنگە واتە دەرچوون لە دژی فەرماندار (وەلی ئەمر) و دەرچوون لە یاساو رێساکان و دەستوور و دەرەوەی چوارچێوەی رژێم. ئەم رۆشنبیرە رۆشنبیری شۆڕشگێڕە.

رۆشنبیری چاکسازیخواز، لە هەندێ کۆمەڵگەدا، کەوا دەرفەتی چاکسازی ئەوەندە بەرتەسکە، وەک نەبوو وایە سەرگەردان دەبێت لە نێوان چاکسازی و شۆڕش، بەڵام گەر شیکاری هۆشمەندانە + هەڵوێستی بەها

یی (قیمي) بۆ کاروباری گشتی بکات، دەیگەیەنێتە گۆڕین بە ڕێگەی چاکسازی.

لە سیستەمی دیکتاتۆری، ستەمکارو سەرەڕۆو تاک مەزندا، چاکسازیخواز لەبەردەم دوو بەربژار دایە یا لە نێو ڕژێمەکە بمێنێتەوە یا شۆڕشی بەسەردا بکات. لەباری مانەوەی لەگەڵ ڕژێمدا، لەو حاڵەتەدا چاکسازی خواز نییە، هەڵپەرستە، یاخود واز لە ڕژێم دێنێت و دەبێتە ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ.

زۆر لەو ڕاپەڕینانەی-سیستەمی پەرلەمانیان بەدواداهات و دواتر گەیشتنە فەرمانداریی دیکتاتۆری، سەلماوە کەوا ڕژێمی فەرماندار (حاکم)، چاکسازی وەک تەکتیک بەکارهێناوە بۆ خەفەکردنی گۆڕان بۆ پەکخستنی گۆڕین، چاکسازی وەک تەکنیک دژی پڕۆسەی گۆڕین بەکارهێناوە، ریفۆڕم ڕێگایەکە بۆ گۆڕینی ڕژێم لەنێو ڕژێمدا، نەک تەکتیک بێت دژی گۆڕین بەکاربێت، لەوکاتەی چاکسازی وەک تەکتیک دژی گۆڕانی ڕژێم بەکاردێت، چاکسازی دەبێتە ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن و ڕێگریکردن لە

گـــــــۆڕانی رژێــــــم و لـەبـــــــاربردنـی گـــــــۆڕین و زیندەبەچاڵکردنی.

ئایا رۆشنبیری شۆڕشگێڕ دەتوانێت پاشەکشە بکات و ببێتە رۆشنبیری پارێزگاریخواز، نەخێر لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەیەک هەموو بوارەکانی گۆڕانی کۆمەڵگە داخراو بن واتای وایە رۆشنبیر دەبێتە ئامرازێکی دەســــتی رژێـــــم و دامودەزگاکـــــانی، دەبێــــــتە رۆشنبیرخۆفرۆش، جا لەهەر بوارێدابێت.

هەندێ رۆشنبیری چاکسازی خواز وەک (ئیدموندبیرک (Edmund Burke) (١٧٢٩ -١٧٩٧)ی بەریتـــانی کە رەخنەی لە شۆڕشی فەڕەنسی گرت و بە فەرمانداریی رەشو رووتانی دانا، بە حوکمی عەوامی دانا، یا ناوی دیکتـاتۆریەتی عەوامـی لێنـا، و بە خراپترین جـۆری دکتـــاتۆریەتی نـــاوبرد، (چەنــد رامــانێ: لەبـــارەی شۆڕشـی فەڕەنسـی) (١٧٩٢)، ئەم چەمک و زاراوەیە، هەتا لای ئەرستۆش هەیە، بیرک بانگەوازی بۆ پاشا یەتـــی دەســـتووری دەدا، هاوشـێوەی بەریتانیـا، ئەم چەمـــکە لەســـەر جیـــاکردنەوەی پاشـــا و چینـــی

ئەرستۆکراتی فەرماندارو گەل دامەزراوە، کەچی زۆربەی شۆڕشەکان دژی رژێم و سیستەمێکن دەستەبژێک فەرماندارە گەندەڵی مشەخۆر دکتاتۆری مافیا فەرمانداریی چەکداری (سەربازیی) وەک کودەتا سەربازییەکان، ئەوەیە فەرمانداریی هەڕەمەکی، عەوام، نەک گەل، دکتاتۆرییەتەکەیان دکتاتۆرییەتی عەوامە بە واتا سوکراتیەکە .

کەواتە ئێمە لە کۆمەڵگەکانمان پێویستمان بە رۆشنبیری چاکسازی خواز هەیە، نەک تەنیا رۆشنبیری شۆڕشگێڕ، ئەم تیورییە بخاتەڕوو کەوا میکانیزمی قووڵ لە دەوڵەتدایەو دەتوانێت چاکسازی بکات و گۆڕان بەردەوام بێت، بە پێچەوانە دەبێتە رۆشنبیری بووکەڵە، دژی گۆڕانی کۆمەڵگە دەوەستێت، نازناوی ناپاک و بەکرێگیراو و موئامەرەچی دابەشی سەر خەڵکی دەکات!

کەواتە لە سێبەری سیستەمی دکتاتۆریدا رۆشنبیری چاکسازی خواز دەبێە ئامرازی دەستەڵاتی دکتاتۆری و دەهۆڵ ژەنی دەستەڵات.

ئەنتونیوگرامشی (١٨٩١-١٩٣٧) -لە نووسینەکانی بەندیخانەداو لە چوارچێوەی بیری مارکسیدا، بایەخی بە رۆڵی رۆشنبیردا لە پرۆسەی گۆڕان بەرەو سیستەمی پەرلەمانی، چەمکی رۆشنبیر هەر لە ماکس ڤیبەرەوە، بابەتی توێژینەوە بووە.

بەڵام مارکس ئەم پۆلە کەسانەی فەرامۆش کردو پێشەنگی دا بەکرێکاران، گرامشی لەم چوارچێوەیەدا یەکەم مارکسییە بایەخ بە رۆڵ و پێگەی رۆشنبیر دەدات لە شۆڕشدا، گرامشی هەڵکەوتی سەرمایەداری شیکردەوەو روونیکردەوە باڵادەستی و هەژموونی رۆشنبیری ئامرازێکی رەواییدانە بە رژێم، هەرچەند هەژموونی رۆشنبیری زۆرتر بێت، رەوایەتی زیاتر دەبێت و توانای پاساودان بۆ مانەوە زیاتر دەبێت، واتە پێویستی نابێت بە پەنابردنە بەر توندوتیژی، هەژموونی رۆشنبیری لە رێگەی ئەدەب و هونەرەکانەوە دەبێت بێ پێویست بوون بە بەکارهێنانی توندوتیژی.

گرامشی دەڵێت هیچ رژێمێک نییە بتوانێت هەژموونی رۆشنبیری فەرامۆش بکات، کەواتە چەپیش پێویستە سوود لە هەژموونی رۆشنبیری ببینێت، لە هزری مارکسیدا، رۆشنبیر فەرامۆشکراون هەرچەند لە راستیدا ئەوانەن بزووتنەوەی مارکسی بەڕێوە دەبەن، بەڵام جێی داخە زاراوەی رۆشنبیری ئۆرگانی بە حزبی کراو بەو رۆشنبیرە وترا کەلاگری حزب یا پێل (تیار) ێکی سیاسییە.

رۆشنبیر هەر بە پێناسەکەیەوە، کەسێکە بایەخ بە کاروباری گشتی دەدات، ئەو رۆشنبیرەی لە هەڵوێستی گشتی خۆی دەبوێرێت یا وادادەنێنئەو لە سەرووی ئەم هەڵوێستانەیە، رۆشنبیر نییە، بەدرۆ ناوی رۆشنبیری لەخۆ ناوە، رۆشنبیر هەڵوێستی لەبار وەردەگرێت بێ ئەوەی زیان لە رۆشنبیرییەکەی بدات.

بەم جۆرە دیموکراسییەکان و بنیاتنانی دیموکراسی پێویستی بە رۆشنبیری خاوەن هەڵویستە. لە کاروباری گشتی، بەبێ ئەمە وتوویژی

هۆشپەسندانە لە کۆمەڵگە روونادات، وتوویژ لەبری توندوتیژی.

ئێستا ئێمە پێویستمان بە رۆشنبیری لایەنگری دیموکراسی هەیە، واتە رۆشنبیرێک باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراسی هەبێت و بەرگری لە بنەما گشتییەکانی بکات نەک بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی پارتێکی دیاریکراو دژی پارتێکی دیکە.

رۆشنبیرێک لاگری دیموکراسی بێت دژی ئەو لایەنانەی دەیانەوێت هەژموون یا کۆنترۆ ڵی دیموکراسی بکەن، رۆشنبیری دیموکراسی رۆشنبیرییەکەی گشتییە بایەخ بە کاروباری گشتی دەدات.

## ئەرکی رۆشنبیری لایەنگری دیموکراسی چییە؟

هەر لە پێناسەی رۆشنبیرییەوە دیارە: شیکردنەوەی هۆشمەندانەی کێشەکانی کۆمەڵگە لەم چاخەماندا و بەپێی تایبەتمەندییەکەی، کە سوودی لێ دەبینێت لە شیکارییەکەی، ئەوکاتە لە تایبەتمەندی رەت دەبێت بۆ هەڵوێستی گشتی خاوەن بەها و ئاکار لەبارەی کاروباری گشتی.

لە حاڵەتی داخستنی هەموو دەریچەکانی چاکسازی، هاوپەیمانی دەزگاکان و بنەماڵە فەرمانداەرکان و دروستبوونی چینێکی مشەخۆری گەندەڵ کە سامانی گشتی و تایبەتی بە فیرۆ بدات و هەڵڵووشێ و بە هەنجەتی لیبرالیەتی مۆنۆپۆل-ئیحتکاراتی نوێ دروست بکات و لیبرالیەتی و بازاڕی ئازاد هەر بەناوی بازاڕی ئازاد نەهێڵێت بۆ خۆی و دارو دەستەکەیان، لەم حاڵەتەدا سەرهەڵدانی دژی ستەم و زۆرداری کارێکی شۆڕشگێڕانەیە، شۆڕش بە واتای گۆڕینی سیستەمی فەرمانداری (حکم) گۆڕینی رژێم

لە ڕێی هاوبەشی خەڵک خۆکارانەو لە دەرەوەی دەستوورو ڕژێم و دەوڵەت نەک لە ناوەوەو بە چاکسازی و لەنێو ڕژێمدا، لەبەرئەوەی گەر ڕاپەڕینی میللی لەگەڵ نەبێت ئەوە کودەتایە، واتە گۆڕینی ڕژێم لەناوەوە لە چوارچێوەی دەوڵەت و دەستووردا، ئەم چەمکە سروشتی لە شۆڕشی فەڕەنسی وەرگرتووە واتە گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی جووڵەو بزووتنەوەی میللی لە دەرەوەی دەستوورو ڕژێم. شۆڕش باشترینی ناخی میللەت و خراپترینی والا دەکات.

ئەرکی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ ئەوەیە لایەنگری شۆڕش بکات دژی ستەم و پشتگیری ستەم لێکراوان بکات دژی ستەمکاران.

شۆڕش دژی ستەمکار چاکەکارییە لەوکاتەی بواری چاکسازی نامێنێت تەنیا شۆڕش نەبێت، ئەوەیش جیاوازە لەوەی بوترێت شۆڕشگێڕان هەموو چاکەکارن، لە هەمانکات پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەوەدا بکەین کەوا شۆڕش دژی ستەمکاری و دکتاتۆری باش و چاکە، لەگەڵ ئەوەی فەرمانداران و

دامەزراوەکانیـــان هەمـــوو خراپەکـــارن، لەبەرئەوەی دەگـــاتە ئەو ئەنجـــامەی شـــۆڕش واتەشۆڕشـــی چـــاکە کاران، لەوەشدا رەخنە خەفە دەکرێت و بێدەنگی زاڵ دەبێـــــت بەرانـــــبەر پێشـــــێلکارییەکانی لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە دەکرێت بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ و بەرژەوەنـــدییەکانی کـــۆمەڵگەو ســـاختەکاری لە پێشـــاندانی رووداوەکـــانی، ئەوکـــاتەی (شۆڕشـــگێڕان) پێشـــێلی مافەکـــانی مـــرۆڤ دەکەن و پاســـاوی بـــۆ دێنـــنەوە، رۆشـــنبیری شۆڕشـــگێڕ دوای ئەوەی دەچێـــتە نێو شۆڕش و لایەنگری دەکات دەبێت رەخنەگر بێت بەرانبەر هەر پێشێلکارییەک دژی مافەکانی مرۆڤ و بەرژەوەنـــدی کـــۆمەڵگە. ئەو بۆچـــوونەی دەڵێـــت شۆڕشگێڕان چاکە کارن و فەرمانداران خراپە کارن، دەگـــاتە ئەو ئەنجـــامەی لایەنێـــک بنبـــڕ بکرێـــت و کۆمەڵگە وێران بکرێت و جەمسەرگری دروست بێـت، کە بەهیچ شێوەیەک پڕۆسەی دیموکراسی لەم کەش و هەوایەدا دروست نابێت.

بەڵکو رژێمێکی بنبڕکارو وشکەباوەڕی دروست دەبێت و حاڵەتەکـــانی پـــاککردنەوەی دەوڵەت لە نەیـــارانی

(شۆڕش) سەرهەڵدەدات، لەم حاڵەتانەدا رۆشنبیری شۆڕشگێڕ دەبێت بوێرو ئازابێت و رەخنە لەم پێشێلکارییانە بگرێت و هەر دیاردەیەک رەخنەی لێ نەگیرێت لەم پێشێلکارییانە، رەگ دادەکوتێت و تەشەنە دەکات.

ئەرکی رۆشنبیری لایەنگری دیموکراسی ئەوەیە باوەڕی بەوە هەبێت کەوا دیموکراسی بە وتووێژو رێگاچارەی نێوەندی و سازانی بەرژەوەندییە جیاجیاکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێکدێت، لەسەر نەهێشتن و لابردن و بنبڕکردن و نەرێکردن دانامەزرێت و فرەیی دروست نابێت، فرەیی لەوەوە دروست دەبێتهەموو لایەنەکان لەسەر بنەما دیموکراسییەکان رێک کەون-جگە لەوانەی بە دیموکراسی رازی نین-دەکەونە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، لەبەرئەوەی گەر کۆمەڵگە لەسەر هەموو شتێک جیاواز بن ئەوە واتای شەڕی ناوەخۆیە.
کەواتە رێک کەوتن لەسەر قەوارەی نیشتمانی و بنەماکانی دیموکراسی فرەیی سیاسی دابین دەکات.

هەر لایەنێک لەبەرئەوەی هەڵگری چەکە واتای وانییە، لەبەرئەوەی هەڵگری چەکە، شایانی حوکمڕانییەو توانای فەرمانداری هەیە، چەک پێوەری توانای فەرمانداریی نییە.

وەک ئەوەی دەکەوێتە بەندیخانە یا خەباتی چەکداری دەکات، واتای وانییە لەبەرئەوەی کەوتۆتە بەندیخانە واتە توانای حوکمڕانی هەیەو شایانی حوکمکردنە.

لەبەرئەوەی بەندیخانە رووی دڕندەیی رژێمی سیاسی دیاردەکات نیشانەی نەبوونی ئازادییەو بە بن بەست گەیشتنی رژێمەو ستەمی دکتاتۆری پێشان دەدات کە بواری کاری سیاسی نەداوە تەنیا بۆ خەباتی چەکداری و کەتنە بەندیخانە واتە نەکەوتنە بەندیخانەو نە خەباتی چەکداری لێهاتوویی و ناسنامەی توانای حوکمڕانی نین.

کەسێک لەسەر واژووکردنی بەیاننامەیەک بیست ساڵ زیندانی دەکرێ، ئەوە دڕندەیی رژێم پێشان

دەدات نەک ئەوەی ئەو کەسە لێهاتوویی حوکمڕانی هەبێت بەو بەندبوونە.

زۆر رەفتارو هەڵسوکەوت و بڕیار هەن شایانی رەخنەلێگرتنن، لەبەرئەوەی شۆڕش لە دژی دکتاتۆرییەتی بۆ هێنانەکایەی دیموکراسییە، ئامانجی شۆڕش دیموکراسی و بەختەوەری کۆمەڵگەیەو پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤە.

لە هەندێ قۆناخدا، دەستەڵاتداران لە گەندەڵی و خراپەکاری و دزینی سامانی نەتەوەیی رۆدەچن، خۆیان یا منداڵەکانیان دکەونە رازاندنەوەی دزێوییەکانیان بە چالاکیی خێرخوازی، رۆشنبیری، هونەری، ئەدەبی، فیستیڤاڵ. . هتد.

لەم کاتانەدا هەندێ لە رۆشنبیرو هونەرمەند دەبن بە بووکەڵەی دەستی ئەوانە بۆ رازاندنەوەی رووکەشی خراپەکارییەکانیان، کە جێی رەخنەن، ئەمانە لە رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبی دادەماڵدرێن، دەبن بە بووکەڵەی دەستەڵاتداران.

پرۆسەی گۆڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا لەنێوان زۆردارو زۆرلێکراو و چەوسێن و چەساوەو ستەمکارو ستەملێکراودا نییە، بەڵکو دەوڵەتان دەست لەم پرۆسەیە وەردەدەن و لەسەر ئاستی جیهان ململانێ بەردەوامە، پلانی نێودەوڵەتان لەم بوارە زۆر کاریگەرترەو گشتگرترە، دیارە رێگای ئازادی و دیموکراسی هیچ کات بە گوڵ و رەیحان نەڕازاوەتەوە.

## لەبارەی دەوڵەتی دیموکراسیی لیبراڵی

دەوڵەت (state) وشەیەکە لە (الدولة)ی عەرەبی وەرگیراوە، لە (لسان العرب) دا بەواتای دەستکەوتی سامان وسەرکەوتن لە جەنگ هاتووە، (الدوله فی الحرب) واتە لە جەنگدا لایەنێک سەرکەوێت بەسەر لایەنەکەی دیکە.

لەئینگلیزی (state)، بەواتای دەوڵەت، ئوستان، حاڵەت، دەستەڵاتی فەرمانداری دێت. لە لیستی یەکەمی زاراوی کارگێڕی- کۆڕی زانیاری کورد- گۆڤاری کۆڕ- بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم ١٩٧٣، لاپەڕە (٤٧٠)، بەرانبەر (دولة) زاراوی (کیشوەر) بەکارهاتووە. دواتر لە بەرگی دووەم بەشی یەکەم ١٩٧٤، لاپەڕە (٨٩٠)، زاراوی (دەوڵەت)ی بۆ بەکارهاتووەو دەنووسێت (هەموو کوردێک دەیزانێ و لە (کیشوەر) زۆرباوترە).

**دەوڵەت لەڕووی زاراوەوە، وا پێناسەکراوە:**

قەوارەیەکی خاوەن سەروەرییە، مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەل دەنوێنێت، رووبەرێکی خاکە، گەلێک لەسەر ی دەژیێت، دەستەڵاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەڕێوەی دەبات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانراوە.

**دەوڵەتی دیموکراسیی لیبراڵی**

زاراوەی دیموکراسیی لیبراڵی (Liberal democracy) بەشێوەیەک لە شێوەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتی دەوترێت، بیری فەلسەفیی سیاسی لیبراڵ پەیرەو دەکات وپاراستنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت، وەک لە دەقە یاساییەکاندا هاتووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەیەی فەرمانڕەوایی، هەڵبژاردنی پاک و ئازادو هاوچاویی ورکابەری نێوان حزبە سیاسییەکانە، هاوکات جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانی یاسادانان و

جێبەجێکـــردن و دادوەری و پاراســـتنی هاوســـەنگی نێوانیان.

تایبەتمەنـدیی دیـکەی سـەروەری یاسـایە لـە ژیـانی ڕۆژانـەدا، وەک بـەشـــێک لـە کـــۆمەڵگەی کـــراوەو پاراســتنی یەکســانی مافەکــانی مــرۆڤ و ئــازادییە شارستانیی و سیاسییەکان بۆ هەموو کەسێک.

بـەگشـتی سیسـتـەمی دیموکراسـیی لیبراڵــی پشـت بـە دەسـتوور دەبـەسـتێت بـۆ دیـارکردنی دەسـتـەڵاتـەکانی حکـوومـەت و بنـەجـێ کردنــی پەیوەنـدی کـۆمـەڵایـەتـی. هاوکـــات دەســـتوەرناداتە چـــالاکییە ئـــابووری و کۆمـەڵایـەتییەکـــان، لـەکـــاتی پێشـــێلکردنی مـــاف و بـەرژەوەندییەکان نـەبێت.

دیموکراسـیی لیبراڵــی هـەر لـە ســەدەی بیسـتـەمەوە هـەنگـــاو بـە هـەنگـــاو بـە هـەمـــوو لایـەکـــی جیهـــان بڵاوبـــوویەوەو لـە ســـەدەی بیســـت و یەک بـــووە بـە شێوازی باوی فـەرمانڕەوایی.

**دیموکراسیی لیبراڵی دەشێ شێوەی دەستووریی جیاوازی هەبێت:**

-دەشێ کۆماریی دەستووریی بێت.

-دەشێ  پاشا یەتی دەستووریی بێت.

-دەشێ سیستەمی پەرلەمانی بێت.

-دەشێ سەرۆکایەتی و نیمچە سەرۆکایەتی بێت.

ئەم شێوەی دیموکراسیی لیبراڵی لە فەرمانڕەواییدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان بایەخ و پێگەی خۆی هەیە.

**گرنگترین ئازادییەکانی لە لیبرالییەتدا هەن:**

-ئازادبوون و نەهێشتنی کۆیلایەتی.

-ئازادیی رادەربڕین.

-ئازادیی رۆژنامەنووسی.

-مافی ژیان و سەلامەتی کەسی.

سنووری ئەم ئازادیانەی هەر کەسێ، تا سنووری ئازادی کەسێکی دیکەیە.

# بنەماکانی لیبراڵیەتی

لیبراڵیەتی باوەڕی بە تاکگەرایی هەیە، کە لەسەر دەستەبەرکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دامەزراوە، وەک:

-ئازادیی بیر.

-لێبوردەیی.

-پاراستنی سەرفرازی مرۆڤ.

-هێنانەدی دادپەروەریی و یەکسانی لەبەردەم یاسا.

بە سروشت و پێکهاتەی دەوڵەتی دیموکراسیی لیبراڵی هەڵوێستێکی بێلایەنانەی هەیە، دوور لە لایەنگری بۆ توێژێک لە توێژەکانی گەل.

لیبراڵیەتی سیاسی واتە، یاسا سەروەر بێت، مافی ئازادییەکانی هاوولاتی بپارێزێت لە پێشێلکردن چی لەلایەن حکوومەتەوە بێت یا هەر جۆرە پێشێلکردنێکی دیکە.

ئەو ماف و ئازادیانەی لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی (لایەنە سۆشیالیستییەکەی) دیکەی لەبەرئەوەی مرۆڤە دەبێت هەیبێت، لە رێگەی سیستەمی دیموکراسییەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت و دەبن بە یاساو ئەرکی پەیڕەوکردنی لەسەر هەمووانە، واتە سیستەمی دیموکراسی وەک پەیوەندیی دیالەکتیکی بە لیبراڵیەتی مافەکانی هاووڵاتییان دەپارێزێت لە هاوبەشیکردن لە ژیانی سیاسیدا.

بەم جۆرە دیموکراسی پەیوەنداره بە لیبراڵییەتی و پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەی مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن لەلایەن هەر سیستەمێکی سیاسیەوە بێت سیفەتی دیموکراسی بەم سیستەمە دەبەخشێت.

دەستووریی دیموکراسیی لیبراڵی لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە دەنووسرێتەوەو دەستەبەری هێنانەدی مافەکان دەکات و لە هەر پێشێلکارییەک دەیانپارێزێت و هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی دەهاوێژێت.

## دەوڵەتی دیموکراسیی لیبرالی

بە کورتی دەوڵەتی دیموکراسی ئەو دەوڵەتەیە لەسەر بنچینەی هاووڵاتێتی و فەرمانڕەوایی (حکم) دیموکراسی دامەزراوە.

بنەڕەتەکانی دیموکراسی (شێوەی هەرە پێشکەوتووی ڕێکخستنی ئازادی ژیانی هاووڵاتیان) لەسەر پاراستنی مافە شارستانی و سیاسی و مافە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ڕۆنراون:

-مافە شارستانییەکان (واتە لیبرا ڵییەتی).

-ئازادییە سیاسییەکانی پەیوەست بە هاوبەشی لە بڕیاری سیاسی.

-مافە کۆمەڵایەتییەکان.

-سەربەخۆیی دادوەریی.

-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و چاودێری و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان.

-ئازادی میدیا، لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسی وکۆمەڵگەی شارستانی جۆرێک دیموکرسیی میللی دەسەپێنێت وهاوسەنگی دەبەخشێتە سێ دەستەڵاتەکە. کەواتە ژێدەری فەرمانڕەوایی بنەما دیموکراسییەکانە هەرچەند لە کۆمەڵگەدا:

-پێلی چەپگەری ژێدەری ئایدیۆلۆژی خۆی هەبێت.

-پێلی راستگەری ژێدەری ئایدیۆلۆژی خۆی هەبێت.

-پێلی نەتەوەخوازی (قومي) ژێدەری خۆی هەبێت.

-پێلی ئیسلامی سیاسی ژێدەری خۆی هەبێت.

-پێلی لیبرالییەتی سیاسی ژێدەری خۆی هەبێت.

ئایدیۆلۆژییەکان ژێدەرن بۆ حزب و پێل (تیار) ـە سیاسییەکان، نەک بۆ فەرمانڕەوایی دیموکراسیی، ئەمە رادەی هەرە کەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی دیموکراسییە.

## شۆڕش و چاکسازی

جیاوازی نێوان شۆڕش و چاکسازی ئەمەیە: شۆڕش لە دەرەوەی رژێمی سیاسی دەکرێت بە هێزو گوڕی جەماوەری و لە دەرگای دەستەڵاتی خود بەسەرو دکتاتۆری دەدات، وەک لە شۆڕشی فەرەنسی (١٨٧٩) و روسی (١٩١٧) روویدا، لەهەردوو شۆڕشدا دژی دەستەڵاتێکی دیکتاتۆریهاوپەیمان لەگەڵ (دەستەڵاتی پیاوانی ئایینی) وەستانەوەو سەرکەوتن، لەرووسیا کۆمەڵەیەک شۆڕشگێڕ دژی دامەزراوەی ئایینی وەستانەوە ولەفەرەنسا لە (١٩٦٠) ئاین لە دەوڵەت جیاکرایەوە، شۆڕشدەشێ هەر لەو ئاستەدا بمینێتەوە کە ئاستیلە دەرگای دەستەڵاتی خود بەسەرو دکتاتۆری دانە، تەنیا داواکاری چاکسازی بێت واتە چاوەڕوانیچاکسازیی دەوڵەت بکەن، کە زۆربەی جاران وەک (تەکتیک) بۆهێمن کردنەوەی خەڵک وریگرتن لە گۆڕانکاری بەکاردێت.

یـا لـه نێـو دەسـتـەڵاتدا درز پەیـدا دەبێـت و شـۆڕش سـەردەکەوێت لـه گەیشـتنـه دەسـتـەڵات، وەک چـۆن لـه ئـەزمـوونـی میسـری سـوپا بـێلایەن وەسـتـاو بەیـانـی ژمارە یەکی دەرکرد.

واتـه لـه ئـەزمـــوونـی میســـری خۆپێشـــاندان دژی (بنـەمـاڵـەی حوسـنـی موبـارەکی دەسـتـەڵاتدار) کـرا (کەشێوازی باوی دەستـەڵاتدارانـی دکتـاتۆریی وڵاتـانـی رۆژهـەڵاتـــی ناوەڕاســتـه)، بـه پشتبەســتن بـه دەزگــا ئـەمنییەکـــان، ئـەوانـەی لـه بـــواری ئـەرکەکەیـــان دەرچووبـوون بـەرەو سیاسـەت، ئـاوێتـه بـه ئـابووری و پیـاوانـی کـاری نـوێی لـه پەراوێـزی بنـەماڵـەیحوسـنـی موبـارەکی دەستـەڵاتداردروسـت بـوو بـوون. خـاون پەیوەنـدی و لاگـری سیاسـی و خزمـایەتـی راسـتـەوخۆ لـەگەڵ بنـەماڵـەی دەستـەڵاتدار ئـەم ئـاوێتـه بـەرچـاوەی دەســـتـەڵاتـی دکتـــاتۆری و خـــود بـەســـەری بنـەماڵـەیحوسـنـی موبـارەکی دەسـتـەڵاتدارواپکرد، خـەڵک بڕژێنـه سەر شـەقام و بەخۆپیشـاندان و خـەڵک هانـــدان دژی ئـەم زۆرداریيـــانـەو تـــا شۆڕشـــی سەرتـاسەری و سـەرکەوتن بـەسـەر دکتـاتۆرییەتـی ئـەم

پێکهـــاتە بـەرچـــاوەی زۆرداری و دکتـــاتۆرییەتی لـە هەندێ جـێ بـە تووندی و لـە هـەندێ جـێ لـەو نـەرمتـر هەیە.

لـە ئـەنجــامی ئـەم بـەریەککـەوتــنە لـە تـرووکـەیەکــی مێژوویــی شــۆڕش دروسـت دەبێـت بـە خۆپێشــاندان دەسـتپێدەکات لـە کۆتاییـدا دەبێـتە هــۆی گــۆڕانـی گەورەتــر لـە کــۆمەڵگەدا هەرچەنـــد تونـــدوتیژی و درنـدەیی دیکتاتۆرەکـان تونـدتر بێـت، ئـەفسانـەکانـی قوربانیـدان و ئــازادی و شــەهیدبوون لـەنێـو خـەڵکـدا زۆرتر دەبن و کلتووری بـەرگری میللـەتییەشوێندا دێت و خواســتی فرەوانتــر بــۆ ئــازادی و دادپەروەری و ژیانێکی باشترتەشەنەدەکات.

دەســتەڵاتی سیاســیدەکرێ دەستپێشــخەر بێــت لـە چاکســـــازی، بـەڵام لـەبـەرئـەوەی زۆربـەی جـــــاران خۆیئامــــانجی چاکســازی یە، بەهــا و دامودەزگـــا دیموکراسییەکان رەت دەکـاتـەوە وگـەنـدەڵی فرەوانتـر دەکــــــات و بـەربــــــژاری چەکــــــدارانەی دکتاتۆریانەهەڵدەبژارێت دژی دیموکراسی خوازان.

شــۆڕش پرۆســەیەکە بــۆ بەرەو پێشــەوەچوون بەرەو ژیانێکی باشتر ئەو رژێمەی نەیەوێت بگۆڕێت خەڵک دەیگۆڕێت، لەبەرئەوەی ئامـانجی شـۆڕش بنیاتنـانی دیموکراسییەو ئازادکردنی مرۆڤە.

بنەماکانی دیموکراسی دەبێت کۆڕای لەسەر بێت لای دەستەبژێری سیاسی، بەجۆرێک کەس نەوێرێت دژی ئەم بنەمایانە هەنگاو بنێت. یا نادیموکراسی بێت وبۆچوونی دژە دیموکراسی پەیرەوبکات وبڵاوبکاتەوە و لەهەمـان کـات (بەسـاختە) هاوبەشـی پرۆسـەی سیاسی بکات.

دانە دادگـای تاوانبـارانی رژێمـی دیکتـاتۆری دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش، واتە بە تـاوان دانـانی ئەوەی پێشتر بە سیاسەت و لێزانی دەزانـدرا، تاوانبـاران لـە دادگـــایەکی دادپەروەرانە نەک رووکەشــانە ســزا بـــدرێن، ئەم ئەرکە هەنگـــاوێکە پێویســتییەکی دیموکراســییە، لەبەر ئەوەیـنەدانە دادگـا بەنـاوی (خـودا لەوەی رابـردوو خـۆش بـووە- (عفـی اللـه عمـا سـلف))، واتە هێشـتنەوەی تاوانەکـان بـێ سـزادان،

گەندەڵی سیاسی و ئابووری پێش شۆڕش دەبێ بە تاوان دابندرێن.

دیموکراسی پرۆسەیەکی ناچارەکی نییە لە مێژوودا، بەڵکو داخوازییەکی سیاسییە لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، دیارە زۆربەی دانیشتوانی گۆی زەوی لەژێر دەستەڵاتێکی نادیموکراسی دان و ئەوکاتە هەوڵی دیموکراسی دەدرێت تیایدا کۆمەڵگە دەگاتە قۆناخێک لە پێشکەوتن داوای هاوسەنگی نێوان مافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ڕێکخستنی پرسی ئازادی و سەرفرازی مرۆڤ دەکات.

تا ئەمڕۆکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سیستەمێکی باشتر لە دیموکراسیی لیبراڵی بەردەست نییە بۆ تێکۆشانی خەڵک بۆ چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتییان و دابین کردنی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان و مافە سیاسییەکان و پاراستنی ئازادییەکانی مرۆڤ و دەستدرێژی نەکردنە سەرجەستەو سەرفرازی مرۆڤ وپێگەیشتنی وشیاری

کۆمەڵگەو وشیاری گەل بۆ سیستەمی دیموکراسیی لیبراڵی لە رۆژهەلاتی ناوین.

ئەم قۆناخە لە ئارادایە کەوا ئەوەی دەیەوێت لە گەندەڵی و زۆرداری دکتاتۆری رزگاری بێت، جگە لە پرۆسەی دیموکراسی هیچی دیکەی لەبەردەست دا نییە، لەبەرئەوەی کەس نایەوێت دکتاتۆرێک بە دکتاتۆرێکی دیکە بگۆڕێت، ئەم پرۆسەیە لە وشیاری ئەم پرسە دێتە ئاراوە.

شۆڕش، بەرانبەر دەستەڵاتێکی دکتاتۆری هەموو جومگەکانی هێزی لەبەردەست دا بێت، بەبێ پشتگیری دەرەکی سەرناگرێت. بۆ نموونە: شۆڕشی ئەمەریکی دژی ئینگلیز، پاشا کانی فەڕەنسا پشتگیریان کردو یارمەتیان دا، شۆڕشەکانی رزگاریی خوازیی جیهانی سێیەم، یەکێتی سۆڤیەتی لە ململانێی لەگەڵ رۆژئاوا پشتگیری کردن. واتە شۆڕش گەر هات و رێک بوو لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتە بەهێزەکان وا دەکات یاریدەدانی شۆڕش لەئارادابێت. دەشێ دەوڵەتان بۆ

بەرژەوەنـدی خۆیـان پشـتگیری شـۆڕش بـکەن، بەڵام هـیچ شۆڕشـێک بـێ یـارمەتی دەرەوە سـەرکەوتوو نابێت، چـی دژی ستەمکاری و دکتـاتۆریەتی نـاوەخۆ بێـت یـا دژی داگیـرکەری بیـانی بێـت، هەمـوو شۆڕشەکان پێویستیان بە پشتگیری دەرەوە هەیە.

پرسیار ئەوە نییە ئایا ئەم پشتگیرییە خیانەتە یا نا، کە نییە. بەڵکو پرسیار ئەوەیە:

-ئایا داواکاریی و داخوازییەکانی شۆڕش دژی رژێمی دکتاتۆری دادپەروەرانەن یا نەخێر؟

نابێـت شۆڕشـی دادپەروەرانە، بخەیـتە دەریـاوەو بڵێیت نابێت تەڕ بێت.

-ئایا شۆڕش دادپەروەرانەیە یا نەخێر؟

-ئایـا سـەرکردایەتی شـۆڕش بـێلایەن و سـەربەخۆ و نیشتمانپەروەرو دیموکراسین یا نەخێر؟

-ئایـا سـەرکردایەتی شـۆڕش دەتوانێـت سـەربەخۆیی خۆی بپارێزێت وسەروەری خـۆی بپارێزێت لەبەردەم پشـتیوانی دەرەوە بـۆ شـۆڕش دژی دیموکراسـی راستەوخۆ پەیوەنـدی بە داگیـرکەرەوە نییە، دەشێ

دەوڵەتی دیموکراسی داگیرکەر بێت وەک چۆن دەوڵەتی دکتاتۆری دەشێ داگیرکەر بێت.

دیموکراسی سەروەری گەل دەنوێنێت واتە ناکرێ دیموکراسی بیت و نیشتمانپەروەر نەبیت، لەبەر ئەوەی سەروەری گەل لە دیموکراسی دەردەبڕدرێت.

دیموکراسی بینینی بەرژەوەندیی نیشتمانە بەگشتی و دەربڕینی ئەم سەروەرییە لەبەرئەوەی دیموکراسی بەجێهێنانی راستەقینەی سەروەری گەلە.

پەیڕەوکردنی دیموکراسی باشترین کوانوە بۆ دروستبوون و پەرەپێدانی رۆشنبیریی دیموکراسی، رۆشنبیریی دیموکراسی پێش پەیڕەوکردنی دیموکراسی نایەتەدی، رۆشنبیریی دیموکراسی لە پرۆسێسی بەجێگەیاندنی دیموکراسی دێتەدی.

کەواتە چارەی دکتاتۆری و جیاکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەداو گەندەڵی و جیاوازی کردن لە نێوان هاوولاتییان و ناهەمواری باریگوزەران وتەندروستی و پەروەردەیی و هەموو رووکارەکانی ژیان چییە؟ چارە تەنیا دیموکراسییە.

لەسەر ئەم بنەمایە، پرسی بنچینەیی ئەوەیە هەڵوێستی سیاسی یەکلایی بکرێتەوە سەبارەت بنەماکانی دیموکراسی و لیبراڵی و ڕێککەوتن لەسەر ڕێساکانی کاری دیموکراسی و فەرمانڕەوایی دیموکراسی لە نێوان پێل (تیار) و بزووتنەوە جیاجیاکانی هزری و سیاسی و دواتر ڕکابەرکی و هاوچاوی کردن لەژێر ئەم چەترە هاوبەشەدا، بەبێ ئەم ڕێککەوتنە دیموکراسی بوونی نابێت.

چڕکردنەوەی جیاوازی و گرژی لە نێوان توێژە جیاجیاکان و ڕاڕەوە هزرییە جیاوازەکان و ڕەوتی عەلمانی و ئایینی و ناکۆکی نژادی و ڕۆشنبیری، گۆڕانی دیموکراسی دوادەخات، لەبەرئەوەی هەڵوێستەکان دەبنە (ناسنامە، واتە تاک لەدایک دەبێت وەک بەشێک لەم ناسنامەیە)ی ئەم لایەنانەو هەریەکە هەوڵ دەدا بواری ژیوەری خۆی پەرەپێبدات و بپارێزێت و بواری بەرانبەر بەرتەسک بکاتەوە چی بەناوی عەلمانیەت یا ئایین یا چەپگەری یا ڕاستگەری یا تائیفی یا مەزهەبی یا هەر بۆچوونێکی دیکە بێت و هەوڵدەدات بەناوی پیرۆزی بنەما

هزرییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکات، ئایینبەشێکە لە رۆشنبیریی کۆمەڵگەو لە چوارچێوەی بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ-نەک دژی ئەم بنەمایانە-دەکرێ ئازادانە پەیڕەو بکرێت.

دەوڵەتی دیموکراسیی لیبراڵی، گەلێک (نەتەوەییێک) لە هاوولاتییان پێکدێنێت، لە هەمانکات دانەدەنێت بەتایبەتمەندیی بە کۆمەڵ (گرۆگەری)، واتە هاوولاتی لە سێبەری بنەما دیموکراسی و لیبراڵییەکان، مافی خۆیەتی لە ریزی ناسنامەی گرۆیەک بێت چی وارگەیی یا رۆشنبیری.

دیموکراسی داندەنێت بە مافی کۆمەڵەکان (الجماعات)، بۆ پێشێلکردنی بنەماکانی دیموکراسی و پاراستنی بواری تاکەکەس و گشتی و جیاوازی نێوانیان.

بەپێچەوانە گەر تەنیا دان بە مافە گرۆییەکان بنرێت لەبری مافە تاکەکەسییەکان و دیموکراسییەکان، لەمبارەدا سازانی سیاسی لە ئارادەبێت، سیستەمی سازان لەئارا دایە، نەک

دیموکراسی، هەرچەندە وەک دیموکراسی دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی هاوسەنگی لە ئارادایە لە ئەنجامی سازانی گرۆیی، ئازادی بە تاکەس دەدات، بەڵام لە چوارچێوەی گرۆکەیدا، واتە مافە گرۆییەکان گەر لە سێبەری بنەماکانی دیموکراسی دانەبێت رێگرە لە گەیشتنی دەوڵەت بە تاک بۆ دابینکردنی مافەکانی و پەیڕەوکردنی پڕۆسەی دیموکراسیی لیبڕاڵی.

سیستەمی دیموکراسی پشت بە مافە یەکسانەکانی هەموو هاووڵاتییان دەبەستێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی تویژ، ئایین، نژاد، رەگەز، راڕەو و نەتەوەیان.

هاوکات لە سیستەمێکی فیدراڵیدا مافە رۆشنبیری و نەتەوەییەکان دابین دەکات لە چوارچێوەی بنەماکانی دیموکراسی لیبڕاڵدا. کەواتە نەتەوەی هاوڵاتییان جیایە لە نەتەوەخوازی (قومی).

ناسیۆنالیستی دەکرێ نەتەوەکانی دیکە لە قالب بدات بەپێی ستانداردی دیدی نەتەوەیی خۆی بەتایبەتی کەمینە نەژادی و رۆشنبیرییەکان.

سیستەم هەیە لە ئەنجامی دەستوەردانی دەرەکی پەیدا بووە، پشت بە سازانی سیاسی دەبەستێت لە نێوان پێلە سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و تائیفییەکان ئەوەیش دەگاتە ئەو ئەنجامەی هێزەکانی چەکدار (سوپا-پۆلیس-ئاسایش..) بەهێز بێت تا رادەی خۆ بە گەورەتر زانین لە بنەما دیموکراسییەکان و دان بە پڕۆسەی دیموکراسی و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان نەنێت هەرچەندە (هەڵبژاردن وراپرسی کرۆکی دیموکراسی لیبڕاڵی نین، بەڵکو سیستەمی هەڵبژاردن وراپرسی ئامرازی دیموکراسین، بەڵام بێ سیستەمیدیموکراسیی لێبراڵی (پرۆسەی هەڵبژاردن وراپرسیی دیموکراسینابێت).

چوارچێوەی ژێدەری (المرجعي) پڕۆسەی دیموکراسی هاولاتێتی یەو دەولەتی نیشتمانی، واتە نەتەوەی

هاوڵاتییـــان، نـەک نـەتـەوەی نـــژادی یـــا ئـــاییـنی یـــا ڕۆشنبیری. . هتد.

هاووڵاتێتی، سیفەتێکی گشتییە، ژن و پیاو، ئایندارو بێ ئـاییـن موسڵمان و ناموسڵمان. . هتد. دەگرێتەوە بزووتنەوەی سیاسی دیموکراسی لیبڕاڵی هاووڵاتییان دابەش ناکـــات لـە نێـــوان چەپـــگەری و ڕاســـتگەری، ئیماندارو بێ ئیمان و موسڵمان و ناموسڵمان، بەڵکو بە سیفەتی هاووڵاتی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات.

سیفەتی هاووڵاتی بوون دەبێت هەموو لایەن و پێلە سیاسی و کولتوورییەکان پێیەوە پابەند بن و دانی پێدابنێن، هاووڵاتییەکە ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەی. . هەرچی بێت.

ئەمە بنچینەی دەوڵەتی دیموکراسی لیبڕاڵییەو هەر ئەوەشە دەبێتهەموو لایەک لەسەر ی ڕێک بکەون و لەســـەر ئەم بنچیـــنەوە، مافەکـــانی دیـــکە وتـــووێژی لەسەر دەکرێت.

جیاکردنەوەو دیارکردنی و پاراستنی بواری تایبەت و بواری گشتی، ئەوەیئاکارو باوەڕ وئازادیی هەڵبژاردن

دەگرێتەوە و بزووتنەوەی دیموکراسیی سیاسی دەستی تێوەرنادات، تا ئەو رادەی ناکۆک دەبێت لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی دیکە.

## لەبارەی مافەکانی مرۆڤ

## مافەکانی مرۆڤ بنچینەی بەها مرۆییە هاوچاخەکانن

بەها مرۆییە هاوچاخەکانی ئەمڕۆ لەسەر تاسەری جیهان ڕەفتاری مرۆڤ ئاڕاستەدەکەن، وەک: مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ئازادییەکان، ئاشتی و یەکسانی، ناتوندوتیژی، ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی دەربڕین. . هتد. وادەکات مرۆڤی هاوچاخ لەسەر تاسەری جیهان خاوەنی هەمان بەها بن. ئەوەیش وادەکات لە وشیاری و ڕەفتاردا و لەکردار و گوتاردا هاوئاست و هاوشێوەبن.

ئامانجیش رزگاربوونە لە هۆکارەکانی ڕەفتاروگوتاروزانیارییەکانی زیان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و ئاشتی و پێکەوەژیان دەگەیەنن.

## بنەماكانی مافی مرۆڤ

لەو كاتەی مرۆڤ پەیدا بووە، مافەكانی لەگەڵ ئەودا پەیدابووینە، بەڵام ئاگاداربوون و دان پێدانان بەم مافانەو سوودوەرگرتن لەم مافانە، رۆژگارێكی دوورودرێژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خایاند، كاروانی مافەكانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت لە بەرەو پێشچوونی تا مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بوونی هەبێت، هەنگاو بە هەنگاو بایەخدان و وشیاری بەم مافانە زێدە دەبن، واتە مافی نوێ پەیدا دەبن بەرەو ئازادانە ژیان و هێنانەدی بەختەوەری.

### مافەكانی مرۆڤ چین؟

پێناسەی مافەكانی مرۆڤ لە كۆمەڵگەیەك تا یەكێكی دیكە جیاوازە و دەگۆڕێ، بەڵكو لە رۆشنبیرییەك تا رۆشنبیرییەكی دیكە جیاوازە.

لەبەرئەوەی چەمكی مافەكانی مرۆڤ یا جۆری ئەو مافانە پەیوەستن بە بۆچوونمان لەبارەی مرۆڤەوە.

بەگشتی کۆمەڵە ماف و داخوازییێکن پێویستە بێنەدی بۆ هەمـوو مرۆڤێـک بە یەکسـانی و بـێ هـیچ جیاکـارییەک. ئەو مافـانەش بەرجەسـتەی بەهـا مـرۆییە باڵاکـان دەکەن، بەتـایبەتی مـافە بنچینەییەکانی مانەوەو ئازادی و بەردەوامی مرۆڤ دەنوێنن.

## پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان

## بۆ مافەکانی مرۆڤ

مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵەکان، دەستەبەری یاسایی جیهـانین بـۆ پاراسـتنی تـاکە کەس و گرۆکـان لە رێکـاری حکوومەتەکـان کەوا پەیوەستن بە ئازادییە بنەڕەتییەکان و سەربەرزی مرۆڤ.
حکوومەتەکان پابەند دەکات بە هەندێ شت و رێی نادات هەندێ شتی دیکە بکەن.

لەبەرئەوەی مافەکانی مرۆڤ پەیوەستن بە سروشتی مرۆڤ و بەبێ ئەو مافانە ناتوانێت وەک مرۆڤ بژییێت.

بۆ بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی مافەکانی مرۆڤ لە هزرو بیری مرۆڤایەتیدا یونیسکۆ رایسپاردووە ئەم مافانە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن بوترێنەوە، تا ببێتە بەشێکی کەسێتیان و ببێتە رۆشنبیری هاوبەشی سەرجەم مرۆڤایەتی و هاوبەشی بکەن لە پەرەپێدانی.

**قۆناخەکانی هاتنە دی مافی مرۆڤ**

**یەکەم**: (بەرەی یەکەم): مافە شارستانی و سیاسییەکان (رامیارییەکان).

**دووەم**: (بەرەی دووەم): مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان

**سێیەم**: (بەرەی سێیەم): مافی ژینگەیی و پەرەپێدان

یەکەمیان: پەیوەستە بە ئازادییەکان وەک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایش و ئاسوودە بوون و دووچاری ئازارو ئەشکەنجە نەهاتن و بە کۆیلەنەکردن و هاوبەشیکردن لە فرمانە گشتییەکاندا.

دووەمیان: پەیوەستە بە کارو فێرکردن و ئاستی ژیانێکی گونجاو و تەندروستی وخاوەنداریێتی و بازرگانی و پیشەسازی.

سێیەمیان: پەیوەستە بە ژیان لە ژینگەیەکی پاک و گونجاودا پارێزراو لە تێکدان و مافی پەرەپێدانی رۆشنبیری و سیاسی و ئابووری.

لیژنەی دارِشتنی جارِی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.
لیژنەکە لە (١٨) ئەندام پێکهاتبوو زۆربەی وڵاتان بەشداربوون تیایدا.

**بە سەرۆکایەتی:**

١-ئیلیا نور رۆزڤلت (ئەمەریکی)

٢-پرۆفیسۆری یاسایی کەنەدی (جون پیتەر همفری) دارِێژەری سەرەکی جارِنامەکە بوو.

٣-پارێزەری فەرِەنسی رینیە کاسان-کاریگەری هەبوو لە دارِشتنەوەی بەندەکان دوای ئەوەی همفری رەشنووسێکی لە (٤٠٠) لاپەرِە نووسی بوو لیژنەیەکی سەرۆکایەتی پێکهات لە رۆزڤلت، شانگ، مالیک بۆ کورت کردنەوەی، کاسان لەبەر رۆشنایی (جارِنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی) فەرِەنسی ١٧٨٩ ئەم کارەی کرد.

٤-چارلز مالک-لوبنان-لە لیژنە سێ قۆڵیەکەدا بوو کاریگەری هەبوو لەسەر نووسینی پێشەکی جارِنامەکەو بەندی پەیوەست بە ئازادی بیرو باوەرِو ئایین.

٥-ئەلکسەندەر بو گومولوف (یەکێتی سۆڤیەتی).

٦-بینگ چینگ (چین).

٧-چارلس دیکوس (بەریتانیا).

٨-ولیام هودگسون (ئوستralیا).

٩-هیرنان سانتا کرۆز (چیلی).

داننان بە مافەکانی مرۆڤ بە چەندان قۆناخی جیاجیادا رەتبووە، هەر لە قۆناخی نەریتی، لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، کەوا باوی کۆمەڵگەو رەوشت سەرچاوەی مافەکان بوون تا قۆناخی یاسایی واتە یاسا تۆمارکراوەکان.

یاسای حامورابی، یاساکانی سوڵون، (٦٤٠-٥٦٠ پ. ز)، دوازدە گەڵاڵەکە (نیوەی سەدەی پێنجی پ. ز) ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ ز) لە کتێبی (السیاسە) (پۆلەتیک) (یاساکان نابێت نەگۆڕ بن هەتا گەر بنووسرێنەوەش).

یاسای رۆمانی لە ماوەی ١٤ سەدەدا، واتە لە دامەزراندنی شاری رۆما لە سەدەی (٨ پ. ز) تا مردنی ئیمپراتۆر یوستیانوس لە سەدەی شەشی زایین

یاساکان هەنگاوی گەورەیان نا بەتایبەتی کۆقانوونی ((کۆزانی مافە شارستانییەکان)) بەتایبەتی بیرۆکەی دیموکراسی و رەوایەتی و یەکسان و ئازادی.

## قۆناخی دەستووری

زۆربەی دەستوورەکانی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لەژێر کاریگەری راپەڕینی هزری کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاست هاتەدی، زۆربەیان نەنووسرابوونەوە، وەک یاسا ئینگلیزییەکان، رۆژئاواییەکان وشەی (کونستیتوشیو)ی لاتینیان بۆ بەکارهێنان Constitutio کە لە پێشدا بە فەرمانی ئیمپراتۆرەکانی رۆمانی دەوترا، دواتر لە ئیتاڵی نوێ بە بەشی قانوونی بنەڕەتی دەوترێت، لەوێوە کەوتە زمانە ئەورووپییەکانی دیکە.

وشەی دەستوور، لە فارسییەوە هاتووە بە واتای یاساکانی پاشا و لە دەوڵەتی عوسمانیش هەر بەم واتایە بەکاردەهات لە بری یاسای بنەڕەتی وشەی

(المشروطيه) بەکارهات کەوا دەستەڵاتی سوڵتانی سنوودار دەکرد، واتە مەرجی بۆ دادەنا.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وشەی دەستوور بۆ قانوونی بنەڕەتی بەکاردێت. هەرچەندە دەستووری ئینگلیزی نەنووسراوەتەوە، بەڵام (بەڵگەنامەی گەورە Magna Carta)ی لە ١٢١٥ز دەرچووە، هەروەها بەڵگەنامەکانی دواتر زۆر لایەنی مافەکانی مرۆڤی تیایە وەک مافی گەل و دیموکراسیەتی پەرلەمانی و ڕەوایی و سەروەری یاسا.

گرنگترین بەڵگەنامەکانی ڕۆژئاوا جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمەریکی بوو ١٧٧٦، بنەمای یەکسانی هەموو مرۆڤەکانی تێدایەو مافی ژیان و ئازادی و هەوڵدان بۆ بەختەوەری.

دواتر بەڵگەنامەی دیکە دەرچوون بەتایبەتی (جاڕنامەی مافەکان) ١٧٨٩-١٧٩١ کە باس لە ئازادی باوەڕ دەکات و ئازادییەکانی دیکە.

دوای شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ ((جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانی)) دەرچوو کە بوو بە بەشێک لە

دەستووری ١٧٩١ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی تێدایەو ئەرکی دەوڵەتی بە پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ زانی.

هەروەها شۆڕشی رووس ١٩١٧ ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی راگەیاند، لە دەستوورەکانی دواتر ئەم دانانانە دووبارە دەبوونەوە.

لە سەدەی نۆزدەی زایینی دەوڵەتی عوسمانی هەندێ چاکسازی راگەیاند، بەناوی (چاکسازی و رێکخستنەکان) لە ١٨٣٩ (خەتی کولخانەی شەریف) دەرچوو دواتر بەڵگەنامەی دووەم لە ١٨٥٦ بەناوی (خەتی هەمایونی) دەرچوو کەوا هەندێ لە مافەکانی مرۆڤی تیادا بوو وەک ئازادی کەسی.

دواتر دەستووری عوسمانی لە ١٨٧٦ دەرچوو بەناوی (مەشروتیەی یەکەم) دواتر لە (١٩٠٨) بەناوی (مەشروتیەی دووەم) کاری پێکرایەوە، دانی نا بە مافەکانی مرۆڤ، دواتر دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا ١٩٢٤ ئامارژە بە مافەکانی مرۆڤ کرا، دواتر

لە دەستوورەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە رەنگی دایەوە.

## پوختەی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ

ئەم جاڕنامەیە پێش هەموو شتێک تایبەتمەندیی جیهانی بەخشی بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی کۆڵەگەکانی: سەرفرازی مرۆڤ، یەکسانی و ئازادی، بەندەکانی مافی مرۆڤ لە (٣٠) بەند پێکهاتووە، سەرەتا بە دووپاتکردنەوەی ئازادی و یەکسانی مرۆڤایەتی هەر لە دایک بوونیانەوە، هەروەها تایبەتمەندی دۆستایەتی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک. دواتر مافە بنەڕەتییەکانی دیکە بە وردی باس دەکات.

**ئازادییە بنەڕەتییەکان:**

جاڕنامەکە ئاماژەی بە ئازادیی کەسی و ڕێنەدان بە بەندایەتی و کۆیلەکردن و پاراستنی کەسێتیی یاساییداوە، هەروەها ڕێگرتن لە ئازارو ئەشکەنجەدان و سزا دڕندەییەکان و بێڕێزی کردن بە مرۆڤ و ئازادی بیروبۆچوون و باوەڕوئاین، چی باوەڕبوون بە ئایینێکی دیارکراو یا بێ باوەڕبوون یا بێدین بوون یا وازهێنان لە ئایینێکی دیاری کراو و پەسندکردنی ئایینێکی دیکەو بە نهێنی و بە ئاشکرا ڕاگەیاندنی.

(بەندی (١٨) هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایینی هەیە، ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین و باوەڕ دەگرێتەوە. هەروەها ئازادە لە دەربڕینی، بە فێرکردن و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بە پەنهانی یا ئاشکراو بە تەنێ یا بە کۆمەڵ).

هاوبەشی کردن لە کۆبوونەوەو کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان و مافی خاوەنداری و پارێزبەندی خێزان و ژیانی تایبەتی و سەربەرزی و شکۆو ناوبانگ.

**لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا:**

جارنامەکە ئامازەی بە یەکسانی هاووڵاتییانداوە لەبەردەم یاسادا. جیاکاری نەکردن لە نێوان مرۆڤەکان بەهۆی رەگەزو نەژاد یا رەنگ یان جیاوازی ئایین ،واتە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان ئیماندارو بێئیمان یا مەزهەبی سیاسی. مافی گەل لە ژیانی گشتی و دامەزراندن لە پایە حکوومییەکان مافی رەگەزنامە پێدان و ئازادی هاتوچۆ و هەڵبژاردنی جێنشین. مافی پەنابەری ئەوانەی لە چەوسانەوە هەڵاتوون.

**لە بنەمای رەوایەتیدا:**

جارِنامەی بنچی بێتاوانی و ئەستۆپاکی داناو رێنەدان بە گرتن یا دەستبەسەراگرتن یا دوورخستنەوە بە زۆرە ملێ.

مافی دادسەندنی ئاشکرای دەستپاک و پابەندبوون بە تاوانبارکردن و سزادان و رێنەدان بە سزای درندانەی وەک سەربڕین.

**لە ئاستی خێزاندا:**

راگەیاندنامەکە مافی هاوسەرگیری داناو رێگری کرد لە هاوسەرگیری لەگەڵ نارەسیو (منداڵ) خوار هەژدە ساڵی، هاوکات ئامازەی بە یەکسانی ئافرەت کردووە لەگەڵ پیاو ئازادی ئافرەت و رێنەدان بە لێدان و

سووکایەتی کردن بە ئافرەت یا دەستدرێژی کردنە سەر، واتە مافی لە ژیان و ئاسوودەیی و ئازادی کەس و مافی دایک و منداڵ و ئازادیی داوە وباوک بۆ هەڵبژاردنی جۆری پەروەردەی منداڵەکانی.

**سەبارەت دادی کۆمەڵایەتی:**

جارنامە ئامارژەی بە مافی کارکردووە و مافی پشوو و ئاستی گوزەرانی پێویستە، بەخۆڕایی خوێندن وفێرکردن و هاوکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هونەریی و ئەدەبی، پەروەردە ئاراستەکردنی پەروەردە بەرەو پەرەپێدانی کەسێتی.

## لەبارەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانەوە:

جارنامە پابەندبوونی تاکە کەس بە بەجێهێنانی ئەم ئەرکانە کردووە بە ئامانجی پەرەپێدانی کەسێتی و رێنەدان بە سنووردانان بۆ مافەکان تا سنووری دابینکردنی مافی کەسێتی و ئازادی و رێزگرتنیان و هێنانەدی دیموکراسی و ئاکارو سیستەمی گشتی و باشیی گشتی.

دوو پەیماننامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بۆ پشتیوانی و لەسەر هەمان بنچینە گشتییەکانی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیاندن و رێککەوتننامەو پەیماننامە دەرچوون.

گرنگترینیان دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتین، کە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندی کردوون.

یەکەمیان لە ١٦ی کانوونی یەکەم ١٩٦٦ بەناوی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی و ئەوەی دووەم، پەیماننامەی

تــــايبەت بە مــــافە ئــــابووری و کــــۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

پەیماننــــامەی یەکەم لە (٥٣) بەنــــد پێکهــــاتووە: گرنگترین شت پێکهێنانی (لیژنەی مافی مرۆڤ)ی ســــەر بە ڕێکخــــراوی نەتەوە یەکگرتووەکــــان و سەرپەرشتی هاتنەدی ئەم مافانە.

پەیماننامەی دووەمی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە (٣١) بەند پێکهاتووە بەگشتی ئاماژەی داوە بە:

مافی کار، مافەکانی کرێکار، پاراستنی کرێکاران، بەتــــایبەتی ئــــافرەت و منــــداڵی کرێکــــار، مــــافی سەندیکایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و گوزەرانی باش.

جاڕنــــامەو دامەزراوی نێــــودەوڵەتی هەرێمــــی پەیماننــــامەی نەتەوە یەکگرتووەکــــان ڕێــــی داوە ڕێکخــراو یــا ئاژانســی هەرێمــی پرســی ئاشــتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی چارە بکەن بە مەرجێ گونجاو

بێت لەگەڵ مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم چوارچێوەیەدا رێکخراوی هەرێمیی دامەزران:

کۆبەندی دەوڵەتانی عەرەبی (١٩٤٥)، ئەنجوومەنی ئەورووپی (١٩٥٠) (رێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان)ی دەرکرد لە (١٩٥٣) وە کاری پێدەکرێت.

هاوکات دامەزراندنی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ. رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمەریکی (١٨٩٠) و دواتر لە ١٩٤٨ جاڕنامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤی راگەیاند، لە ١٩٦٩ رێککەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەرچوو.

رێکخراوی دەوڵەتانی ئەفەریقی ١٩٥٨، چالاکی مافزانان لەسەر ئاستی جیهان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ بە تاکە کەس و بە کۆمەڵ لە بەرچاو و کاریگەرە.

لە باسكردنی مافەكانی مرۆڤ، پێویستە باسی سێ تەوەری سەرەكی بكەین:

١-سەرچاوەكانی مافی مرۆڤ.

٢-جۆرەكانی مافی مرۆڤ.

٣-دەستەبەرەكانی مافی مرۆڤ.

## سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ،
## هەر ئەوانیش جۆرەکانی مافی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن:

**سەرچاوەی یەکەم:** سەرچاوەی لیبڕاڵی.

**سەرچاوەی دووەم:** سەرچاوەی سۆشیالیستی.

سەرچاوەی لیبڕاڵی، لە بنجدا پەیوەست بوو بە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکی لە ٤ی تەمموزی ١٧٧٦، جاڕنامەی سەربەخۆیی ئاماژەی بە مافەکانی مرۆڤ تێدایە، لەژێر دروشمی (مافی ژیان و ئازادی و هەوڵدان بۆ هێنانەدی بەختەوەری)، ئەم شۆڕشەی سەربەخۆیی ئەمەریکای لە بەریتانیا راگەیاند، هاوکات کۆمەڵە بنەمایەکی تێدا بوو ئاماژەیان بۆ بۆچوونی گشتی دەکرد سەبارەت مافەکانی مرۆڤ.

لە هەمان سەرچاوەی لیبڕاڵێتی، شۆڕشی فەڕەنسی لە ١٧٨٦ هات ئەو شۆڕشەی تیایدا جاڕی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی راگەیاند، راشکاوانە هەڵوێستی بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ راگەیاند،کە لەبەر رۆشنایی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفان جان جاک روسو، گرێبەندی کۆمەڵایەتی راگەیاند و ئازادی

لەبەر رۆشنایی ڤولتیرو جون لوك ئازادی راگەیاند و جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی مونتیسکیوی راگەیاند ، لەم جاڕنامەیەدا رایگەیاند (نەتەوە سەرچاوەی دەستەڵاتەکانە)، بەڵام مافی ئافرەتانی تێدا نەبوو تا ١٩٤٦ ئینجا دان بە مافی ئافرەتان نرا، و کۆیلەیەتی قەدەغە کرا.

سەرچاوەی دووەم شۆڕشی بەلشەفی لە رووسیا لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، کە بووە هۆی دامەزراندنی یەکێتی سۆڤێت. کەواتە کە باس لە سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین باس لەترووکە مێژووییەکان و پێچی گەورەی مێژوویی دەکەین لە مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی کە تیایدا ئاماژە بە گرنگی هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ کراوە.

ئەم سەرچاوانەش جۆرەکانی مافی مرۆڤ دەستنیشان دەکەن، چی شارستانی و سیاسی بن وەک لە لایەنی لیبراڵییەوە ئاماژەی بۆ کراوە، یا مافەکانی پەیوەست بە ئابووری و کۆمەڵایەتی بن ،کە لەلایەن سەرچاوەی

سۆشیالیسیتەوە ئامارژەیان بۆ کراوە،کە خاوەن فەلسەفەیەکی جیاوازە لە فەلسەفەی لیبڕاڵی. مافەکانی مرۆڤ بەرە بەرە لە بازنەی وارگەیی (محلي) دەرچوو بەرەو جیهانی بوون، یا گەردوونی یا نێودەوڵەتی. بەتایبەتی لە رێگەی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە (١٠) کانوونی یەکەمی ١٩٤٨. لەم بەروارەوە مافەکانی مرۆڤ دوو ئاڕاستەی بنەڕەتی بەخۆوە بینیوە، یەکەمیان پەیوەست بە مافەکانی شارستانی و سیاسی ، دووەم پەیوەست بە مافە ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان. تا رادەیەک هەردوو سەرچاوە کاریگەریان لەسەر جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ هەبوو، دەکرێ بڵێین ئاوێتەیەکە لە هەردوو ئاڕاستە.

هەردوو سەرچاوە گرنگی لایەنەکەی دیکەیان زانی و هەوڵیاندا جاڕنامەکە دەوڵەمەندتر بێت. ئەوەشیان بەتایبەتی لە دەستووری چوارەمی فەڕەنسی رەنگی داوەتەوە، ١٩٤٦، دەبینین دیباجەی ئەم دەستوورە بە وردی ئاماژە بە رێبازی لیبڕاڵی دەکات سەبارەت مافەکانی مرۆڤ و لە تەک ئەودا داخوازییەکانی

سۆشیالیستی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤی لەبەرچاو گرتووە. ئەم ئاڕاستەیە یەکەم هەنگاوی دەوڵەمەندکردنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤن. ئاڕاستەی دووەم پەیوەندی پتەوی ئەوەی خۆجێیی و وارگەییەو ئەوەی جیهانییە لە مافەکانی مرۆڤ، ئاڕاستەیەک زاڵە کە باس لە گەردوونیی بوونی مافەکانی مرۆڤ دەکات.

هەرچەندە هەندێ دەوڵەت خۆپاریزی دەکەن لە داننان بە هەموو بڕگەکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام شۆڕشی ئەلیکترۆنی و پێلی جیهانگەرایی (گلۆبالیزێشن) وای کردووە ئاڕاستەی بە گەردوونی بوونی مافەکانی مرۆڤ زاڵ بێت بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ تایبەتمەندی وارگەیی. بەم جۆرە هەموو دەوڵەتەکان دەبێت ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکانیان رەنگ بداتەوە. بەم جۆرە دەکرێ ئامازە بە دوو ئاستی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ بکرێت و ئێستا کەوتووینەتە ئاستی سێیەم لە مافەکانی مرۆڤ، ئاستی سێیەمی مافەکانی مرۆڤی پەیوەست بە مافی مرۆڤ، ژینگەی دروست یا ناسراو

بە پەرەپێــــدانی بەردەوام، گەر لە ئاســـتی یەکەم، لەبارەی مافەکانی پەیوەست بە مافە لیبرالّییەکان دەدواین، مافەکانی شارستانی و سیاسی، ئاستی دووەم پەیوەستە بە سەرچاوەی سۆشیالیستی ،واتە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

ئێستا ئاستی سێیەمی مافەکانی مرۆڤ لە ئارادایە، پەیوەستە بە مافی مرۆڤ لە ژینگەیەکی دروست و پەرەپێــــدانی بەردەوام، بەڵکــو ئێســـتا ئاخــــاوتن سەبارەت ئاستی چوارەم دەکرێت لە مافەکانی مرۆڤ، کە تەنیا پەیوەست نییە بە مافەکانی تاک، وەک سەرچاوەی لیبرالّی بایەخی پێدەدا، بەڵکو پەیوەستە بە رۆشنبیری و ماف و تایبەتمەندییەکانی کەمینەکـــان (کەمیـــنەی ئـــایینی، نەتەوەیـــی) لە نێودەوڵەتدا واتە بایەخدان بە مافەکانی کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان، واتە ئەو گرۆیانەی خاوەن رۆشنبیری تایبەتن، لەنێو دەوڵەتدا. واتە پێڵێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهێز هەیە فشار دەکات بۆ پاراستنی ئەم مـــافە تایبەتیـــانە، واتە ئاســـتی چـــوارەمی مافەکـــانی مـــرۆڤ بـــایەخ بە مافەکـــانی کـــۆمەڵەو

گرۆکـان، چـی نـەتـەوەیـی یـا رۆشـنبیری یـا ئـایینی دەدات. ئەم چەشنانە یـا ئـەم جـۆرانە، پەیوەست بە سەرچاوەکانی ئامـاژەیان پێکـرا، ئەوا هیچ واتـایەک نابەخشن گەر لـە نێو دەوڵـەتدا دەستـەبەری **(ضمان)** جێبەجێکردنیـان لە ئـارادانە بێت، لەبەرئەمە تەوەرەیەکی گرنگی دیکەی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەرییەکانی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤە، بە تۆمارکردنی لە دەستوور و یاساکانی دەوڵەتەکان.

لێرەدا ئاماژە بە دوو جۆر و چەشن لە دەستەبەرییەکان دەکەین، چی دەستەبەری یاسایی یا سیاسی بێت. کەواتە دەستەبەری خاوەن سروشتی سیاسی هەیەو دەستەبەریی خاوەن سروشتی یاسایی (دادوەری) واتە پەیوەست بە سەربەخۆیی دادوەری، لەبەرئەوەی دادوەری رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ.

لەبەرئەوەی دەزگای دادوەری و دەسەڵاتی دادوەری چاودێرە بەسەر لایەنەکانی جێبەجێکردن بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان. سەربەخۆیی

دەسـتەڵاتی دادوەری واتە ئـەم دەسـتەڵاتە توانـای جێبەجێکردنـی بڕیارەکـانی لەبەردەسـت دابێـت، جارنامەی جیهانی سەربەخۆیی دادوەری کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە لە ١٩٤٨ دەرچـووە، لە کەنەدا، کۆمەڵێک پێوەری تیایە بەبێ ئەم پێوەرانە سـەربەخۆیی دادوەری دابـین نابێـت. پەیوەنـدی مافەکانی مرۆڤ بە ئازادییە گشتییەکان. ئاشکرایە ئازادییە گشتییەکان بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ.

هەرچەندە ئازادییە گشتییەکان پەیوەستن بە لایەنی دووەم کە دەوڵەتە. کەواتە مافەکانی مرۆڤ گشتگرە چـی لە پەیوەنـدی مـرۆڤ بە کەسـانی دیـکە یـا بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، مافەکانی خاوەن سروشتی تاکەکەس یا مافەکانی پەیوەست بە بواری گشتی و دەوڵەت.

جێـی ئامـاژە پێکـردنە باسـی مافەکـانی هـاووڵاتی بکەیـن، هەر لە شۆڕشـی فەڕەنسـی کە ئامـاژەی بە مافەکـانی مـرۆڤ و مافەکـانی هـاووڵاتی دا بـوو ئەم

تێبینییە لە ئارادایە، واتە تایبەتمەندییان داوە بە مافی هاووڵاتی.

## جیاوازی لە نێو مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی هاووڵاتی چییە؟

کە باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین باس لە بوونەوەرێکی رەها دەکەین خاوەن مافە، یەکەم مافیش لە مافەکانی مرۆڤ مافی ژیانە، لەبەرئەوەی مرۆڤ کە هەیە دەبێ ژیانی بپارێزرێت، چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ زۆربەی باس لە مافە نموونەییەکان دەکات، سەبارەت یەکسانی دەدوێت، سەبارەت ئازادی مرۆڤ دەدوێت، بەڵام لەو کاتەی باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەین وەک هاووڵاتی ئەوا باس لە مرۆڤێک دەکەین پەیوەستە بە دەوڵەت، کۆمەڵەیەکی سیاسی کارا. هاووڵاتی پابەندە، ئەرک و مافی دیارکراوە بە یاسا، لە چوارچێوەی دەوڵەتدا.

لە مافەکانی مرۆڤ کە باس لە ئازادی دەکەین، ئەوا لە چوارچێوەی دەوڵەت سنووردا دەکرێت بەپێی

یاسای ئەم دەوڵەتە، واتە ئازادی هاووڵاتی سنووردارە.

ئازادی هاووڵاتی لە سنووری ئازادی کەسی دیکە دەوەستێت، کە باس لە مافی ژیان دەکەین بەگشتی، ئەوا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەشێ سنووردار بکرێت، بە نموونە لە زۆر دەوڵەتاندا سزای لە سێدارەدان ماوە، ئەم سزایە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ دەکرێت و مافی ژیان لەو مرۆڤە دەسێنێتەوە، هەرچەندە کۆمەڵەی شارستانی هەن دژی ئەم سزایە خەبات دەکەن و هەوڵی نەهێشتنی دەدەن.

زۆر لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا هێشتا سزای لە سێدارەدانی تیادا پەیڕەو دەکرێت. کە باس لە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی بکەین و باسی یەکسانی مرۆڤ بکەین، ئەوا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەبێ باس لە یەکسانیی یاسایی بکەین، کەواتە دەبێ ئەم دوو ئاستە تێکەڵ نەکەین لە مافەکانی مرۆڤ دا.

ئایـــا دەوڵەت، لـە بـەرانـــبـەر مافـەکـــانـی مـــرۆڤ چ ئـەرکێکـی لـەسـەر شانـە ؟ بەگشتی دوو ئاڕاستە لە ئارادان:

**ئاراستەی یەکەم** :بۆ ئـەوە دەچێت کەوا دەوڵـەت مافـی خـۆیـەتـی سـنوور بـۆ مافـەکـانـی مـرۆڤ دابنێـت، بـە بیـانووی پاراسـتـی سیسـتـەمـی گشـتـی و بـەرژەوەنـدی گشتـی و سەقامگیری.

**ئاراســـتەی دووەم** :پەیوەســـتە بە ســـەرچاوەی لیبراڵیەتـی، بـۆ ئـەوە دەچێت کەوا دەوڵـەت هـەیە بـۆ ئـەوەی مافـەکـانـی مـرۆڤ بپارێزرێـت ،واتـە مافـەکـانـی مرۆڤ سروشتین و پێش دروست بوونـی دەوڵـەت خاوەن ئـەو مافانـەیە. جون لوک- ی فـەیلـەسووف یـەکـەم کـەس بـوو باسـی لـە مـافـە سروشـتییەکانی مـرۆڤ کـردووە، هـەروەها جان جاک رۆسۆ باسـی لـەو مافـانـە کـردووە. بـۆ ئـەوە دەچـوون کـەوا مـافـەکـانـی مـرۆڤ سروشـتین و دەوڵـەت نـاتوانێت ئـەم مافانـە پێشێل بکات.

# جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ (١)

## دێباچە

لەبەرئەوەی دان پێدانان بە سەربەرزیی ڕەگداکوتاو و مافی پایەدارو وەکیەکی هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی بناخەی ئازادی و دادو ئاشتییە لە جیهاندا.

لەبەرئەوەی پشتگوێخستنی مافی مرۆڤ و ڕێزنەگرتنی بوونەتە هۆی کاری دڕندانەی وا کە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتی داوە، ئاواتی بەرزی خەڵک بەگشتی ئەوە بووە جیهانێک پەیدا ببێ کە مرۆڤ تێیدا ئازادی ئاخاوتن و باوەڕیان هەبێ و لە ترس و نەبوونی ڕزگار ببن.

(١) سوود لە دەقی بەندەکانی جاڕنامەکەو چەندلایەنێکی کتێبی (جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ)وەرگیراوە ،کەوا ئەنستیتوی کورد، بە هاریکاری فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و دەزگای (فەڕەنسا-ئازادی)ی خاتوو دانیەل میتەران و بازاڕی هاوبەشی

ئەورووپا، ئەم بەڵگەنامە گرنگەیان پێشکەش بە خوێنەرانی کورد کردووە.

لەبەرئەوەی پێویستە مافی مرۆڤ بە بنەمای قانوونی بپارێزرێ، تاکو مرۆڤ ناچار نەکرێ، وەک دوایین داڵدە، پەنا بباتە بەر یاخیبوون دژی زۆرداری و چەوساندنەوە. لەبەرئەوەی پێویستە گەشەکردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان یارمەتی بدرێ.

لەبەرئەوەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیمانەکەدا بڕوای خۆیان جەخت کردووەتەوە سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە سەربەرزی و بەها ی تاکە کەس و بە مافی یەکسانی پیاوان و ژنان و بڕیاریان داوە پشتگیری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پلەیەکی باشتری گوزەران لە سایەی ئازادیی فراوانتردا بکەن.

لەبەرئەوەی دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیان داوە کە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بکەن بۆ

پێشخستنی رێزگرتن و چاودێریکردنێکی گشتلایەنەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان. لەبەرئەوەی تێگەیشتنی گشتی لەم ماف و ئازادییانە گەورەترین بایەخی هەیە بۆ تەواو وەدیهێنانی ئەم پەیماندانە.

## ئەنجوومەنی گشتی
## ئەم جارنامە جیهانییەی
## مرۆڤ رادەگەیەنێت

وەک ئاستێکی هاوبەشی کە دەبێ ئامانجی هەموو گەل و نەتەوەیەک بێت و گشت تاکە کەس و دەستەیەکی کۆمەڵگەش هەموو دەم ئەم بانگەوازە لەبەر چاو بگرن و لە رێگەی بار هێنان و خوێندن و پەروەردەوە تێبکۆشن بۆ چەسپاندنی رێزی ئەم ماف و ئازادییانەو کۆشش و تەقەلالای نەتەوەیی و جیهانی زێتر بکرێت بۆ دابین و مسۆگەرکردنی رێزلێگرتن و دان پێدانان و پەیڕەوکردنی

بەشێوەیەکی جیهانی و کاریگەر لە نێو خودی دەوڵەتانی ئەندام و گەلانی بندەستی خۆیاندا.

بەندی ١

هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک دەبن و یەکسانیشن لە سەربەرزی و مافەکاندا، خاوەن هۆش و ویژدانن و دەبێ بەگیانێکی برایانە رەفتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

بەندی ٢

- هەموو مرۆڤێک شیاوی سوودوەرگرتنە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون، بەبێ هیچ جیاوازییەک وەک جیاوازی بەهۆی بنەچە (نژاد)، رەنگ، رەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر رایەکی دیکەو بنگە (ئەسڵ)ی نیشتمانی،

کۆمەڵایەتی، دارایی و لە دایکبوون، یان هەر شتێکی دیکە.

- سەرەڕای ئەوانەش نابێ پایەی سیاسی، قانوونی، یان نێونەتەوەیی ئەو وڵاتە، یان ئەو ناوچەیەی کە مرۆڤەکە خەڵکی ئەوێیە، بکرێتە بناخەی هیچ جۆرە جیاوازییەک، ئیدی ئەگەر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەربەخۆ بوو یان لە سایەو لەژێر چاودێریدا بوو یان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نەبوو یان سەروەری و سەربەخۆییەکەی گرێدراوی هەر چەشنە مەرج و بەندێک بوو.

بەندی ٣

هەموو مرۆڤێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی کەسیی خۆی هەیە.

بەندی ٤

نابێت هیچ کەسێک بکرێت بە کۆیلە، هەموو چەشنە کۆیلەیەتی و بازرگانیی کردن بە کۆیلە رێپێنادرێت (قەدەخەیە).

بەندی ٥

هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجەو سزا نادرێت و رەفتاری توندو تیژو دڕندانەو ئاوڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت.

بەندی ٦

هەر کەسێک لە هەر شوێنێک بێت، مافی دانپێدانانی کەسایەتی قانوونی هەیە.

بەندی ٧

هەموان لەبەردەم قانووندا یەکسانن و مافی ئەوەشیان هەیە کە وەکیەک (چوونیەک) و بێ

جیاوازی لەلایەن قانوونەوە بپارێزرێن. هەروەها هەمووان مافی پاراستنی یەکسانیان هەیە دژ بە هەر جیاوازییەک کە بە پێچەوانەی ئەم بانگەوازەوەیەو دژ بە هەر هاندان و ئاژاوەنانەوەیەکیشە کە ئاوها جیاوازییەک رەچاو دەکات.

بەندی ٨

هەموو کەسێک بۆ دادوەریکردن و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی کە دەستوور وقانوون پێی داوە، لە دەستدرێژی کردنە سەر، مافی پەنا بردنەبەر دادگە نیشتمانییەکانی هەیە.

بەندی ٩

هیچ مرۆڤێک نابێت بەشێوەیەکی رەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یان دوور بخرێتەوە.

بەندی ١٠

هەموو مرۆڤێک، بە تەواوی یەکسانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بۆ جویّ کردنەوەی ماف و ئەرکەکانی و هەر جۆرە تۆمەتێک کە وە ئەستۆی دەخریّ، مافی ئەوەی هەیە کە کێشەکەی بەشێوەیەکی ڕەواو ئاشکرا لەلایەن دادگەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنەوە ببینریّ.

بەندی ١١

-هەموو مرۆڤێکی تۆمەتبار کراو بە تاوانێک، بێتاوانە، تاکو لە دادگەیەکی ئاشکرادا، کە هەموو هەلومەرجێکی پێویستی داکۆکی لەخۆکردنی بۆ دابین دەکات، بەپێی قانوون تاوانەکەی دەسەلمێندرێت.

-هیچ کەسێک لەبەر کردن یان نەکردنی کارێک تاوانبار ناکرێت، مەگەر لەکاتی پیّ هەستانی بەگوێرەی قانوونی نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی بەتاوان داندرابێت. هەروەها نابێت سزایەکی توندتر لەو سزایە بدرێت کە لەکاتی کردنیدا دەدرا.

بەندی ١٢

نابێت هیچ کەسێک ژیانی تایبەتی و خێزان و ماڵ و نامە گۆڕینەوەی بە ڕەمەکی دوچاری دەستتێوەردان ببێت و ئاوڕوو نێوبانگیشی وەبەر پەلامار بکەوێت، هەموو کەسیش مافی خۆپاراستنی قانوونی لەو جۆرە دەستتێوەردان و پەلامارداانە هەیە.

بەندی ١٣

١-هەموو کەسێک ئازادیی هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی لەنێو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەیە.

٢-هەموو کەسێک مافی بەجێهێشتن و بۆ گەڕانەوەی هەر وڵاتێکی، تەنانەت وڵاتەکەی خۆیشی، هەیە.

بەندی ١٤

١-هەموو کەسێکی لە چەوساندنەوە هەڵاتوو مافی پەنا بردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنابردنەبەر وڵاتێکی دیکەی هەیە.

٢-كەسێك كە بە تاوانی ناسیاسی یان كردەوەی نەگونجاو لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا درابێتە دادگە، سوود لەم مافە وەرناگرێت.

بەندی ١٥

١-هەموو كەسێك مافی هاونیشتمانێتی (رەگەزنامە) هەیە.

٢-نابێت بە زۆر هاونیشتمانێتی (رەگەزنامە) لە كەسێك بستێندرێتەوە یان مافی گۆڕینی نەدرێتێ.

بەندی ١٦

١-پیاو و ژنی رەسیو مافی ژن و مێردێتی و دامەزراندنی خێزانیان هەیە، بێگوێدانە رەگەزو نەتەوەو ئایین و كاتێك كە دەبنە ژن و مێردو كاتی ژن و مێردێتی و كاتی هەڵوەشاندنوەیشی مافی یەكسانیان هەیە.

٢-مـــاره بـــڕین تـەنـــێ بـه قـایــل بـــوون و سـەربـەســتـی تـەواوی ژن و مێردەوە دەکرێت.

٣ -خێـــزان یەکەیەکـــی سروشـــتیی و بنـەڕەتیـــی کۆمـەڵگـەیەو مـافـی ئـەوەی هـەیـه کـه لـەلایـەن کۆمـەڵگـەو دەوڵـەتـەوە بپارێزرێ.

بـەندی ١٧

١-هـەموو کـەسێک چ بـه تـەنـێ یـان بـه هـاوبـەشی لـەگـەڵ خـەڵکــــی دیـــــکـەدا مـــــافـی موڵکـــــداری هـەیـه.
٢-نـابێـــت بـه رەمەکـــی موڵـــک لـه هـــیچ کـەســـێک بستێندرێتـەوە.

بـەندی ١٨

هـەموو کـەسێک مـافـی ئـازادیی بیرکـردنـەوەو ویـژدان و ئـــایینـی هـەیـه، ئـەم مـــافـه ئـــازادی گـــۆڕینـی ئـــایین و بـاوەڕ دەگـرێتـەوە. هـەروەهـا ئـازادە لـه دەربـڕینـــی، بـه فێرکردن و خـەریکبـوون و ئـەنجـامـدان و پـەیڕەوکردنـــی

داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بە پەنهانی یا ئاشکراو بە تەنێ یا بە کۆمەڵ.

بەندی ١٩

هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروبۆچوون و دەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبێ خۆتێکەڵکردنی کەس ولایەنێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵ و بیربۆچوون و بڵاوکردنەوەیان بە هەر شێوەیەک و بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە.

بەندی ٢٠

١-هەموو کەسێک مافی ئازادیی بەشداربوونی کۆمەڵەو دەستەو گرۆ ئاشتیخوازەکانی هەیە.

٢-نابێت هیچ کەسێک ناچار بکرێت بۆ چوونە رێزی هیچ کۆمەڵەیەکەوە.

بەندی ٢١

١-هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتەکەیدا، ڕاستەوخۆ یا بەهۆی نوێنەرگەلێکەوە کە ئازادانە هەڵدەبژێردرێن.

٢-هەموو کەسێک چوونیەک مافی وەرگرتنی کارو فەرمانبەرییە گشتییەکانی لە وڵاتەکەیدا هەیە.

٣-خواستی گەل سەرچاوەی دەستەڵاتی حوکومەتە، ئەم خواستەش بەشێوەی هەڵبژاردنێکی دروست و دیاریکراودا لەسەر بناغەی دەنگدانی نهێنی و یەکسانی هەمووان دەردەبڕدرێ، یان بە هەر چەشنێکی دیکە کە ئازادی دەنگدان بپارێزێت.

بەندی ٢٢

هەموو کەسێک کە ئەندامی کۆمەڵگەیە مافی دەستەبەری (بیمە) کۆمەڵایەتی هەیەو لە ڕێگەی داهاتی میللی و هەرەوەزی نێونەتەوەیی و بەگوێرەی سیستەم و داهاتی هەر دەوڵەتێک دەبێ مافی

ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کە پێویستن بۆ سەربەرزی و گەشەکردنی ئازادانەی کەسێتی، دابین بکرێت.

بەندی ٢٣

١-هەموو کەسێک مافی کارکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاری هەیە لە سایەی مەرجگەلێکی رەواو پەسندکراودا، هەروەها مافی پاراستنی لە بێکاری هەیە.

٢-هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی مافی کرێی (مزی) چوونیەکی لە کاری چوونیەکدا هەیە.

٣-هەموو کەسێک کە کار دەکات مافی مووچەیەکی رەواو جێپەسندی هەیە، مووچەیەک کە ژیانێکی شیاو و لەبارو وەک مرۆڤێکی سەربەرز بۆ خۆیی و خێزانی دابین بکات و لەکاتی پێویستیشدا ئامرازی دیکەی بخرێتە سەر بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی.

٤-هەموو کەسێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مافی دامەزراندن و بوون بە ئەندامی سەندیکای هەیە.

بەندی ٢٤

هەموو کەسێک مافی پشوودان و کاتی ڤالاو بەتایبەت مافی دیاریکردنێکی لەباری کاتژمێرەکانی کارو مافی پشوودانی خولەکی بەکرێوە هەیە.

بەندی ٢٥

١-هەموو کەسێک مافی ژیانێکی تێرای هەیە کە بەشی پاراستنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆیی و خێزانی بکات، ئەوەش خۆراک و پۆشاک و خانوو و چاودێریی پزیشکی و هەروەها خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستییەکان دەگرێتەوە. هەروەها مافی دڵنیاکردنی ژیانی هەیە لەکاتی بێکاری و نەخۆشی و پەککەوتەیی و بێوە (ژنی و پیاوی) و پیری و لە

دەستدانی ئامرازی ژیان و بەهۆی هەلومەرجی دەرەکییەوە کە لە دەستەڵاتی مرۆڤ بەدەرە.

٢-دایک و منداڵ مافی یارمەتی و چاودێرییەکی تایبەتییان هەیەو هەموو منداڵانیش ئەگەر بە رێگەی رەوا یان نارەوایش لە دایک بووبن دەبێ هەمان پارێزگاریی کۆمەڵایەتییان هەبێت.

بەندی ٢٦

١-هەموو کەس مافی فێربوونی هەیەو دەبێ بەلای کەمەوە پلەی سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خوێندن بە خۆڕایی بن و دەبێ خوێندنی سەرەتایی بە زۆر بێت و خوێندنی هونەری و پیشەییش بڵاوبکرێتەوەو وەرگرتن لە خوێندنی بەرز، بە یەکسانی تەواو بۆ هەمووان و بەپێی لێهاتویی، ئاسان بکرێت.

٢-دەبێ ئامانجی پەروەردە، پێگەیاندنێکی تەواوی کەسایەتی مرۆڤ و پتەوکردنی رێزی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و گەشەپێدانی لە یەک تێگەیشتن و چاوپۆشیکردن و دۆستایەتی لە نێوان هەموو گەلان و کۆمەڵە رەگەزیی یان ئایینییەکانداو زێدەکردنی کۆششی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی، بێت.

٣-باوکان و دایکان خاوەنی مافی یەکەمن لە هەڵبژاردنی شێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا.

بەندی ٢٧

١-هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی، هاوبەشیی ژیانی رۆشنبیری کۆمەڵگە بکات و چێژ لە هونەر وەرگرێ و بەشداری پێشکەوتنی زانستی بکات و سوود لە بەرهەمەکانی وەرگرێ.

٢-هەموو کەسێک مافی پاراستنی بەرژەوەندی مەعنەوی و مادیی کە دەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمە زانستی یان ئەدەبی یان هونەرییەکانی خۆی، هەیە.

بەندی ٢٨

هەموو کەسێک شایستەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییە کە لە سایەیدا هەموو ماف و ئازادییەکانی کە لەم بانگەوازەدا نووسراون بە تەواوی وەدی بێت.

بەندی ٢٩

١-هەموو کەسێک بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە بە تەنێ لەوێ دەرفەت بە کەسایەتی ئەو دەدرێت کە گەشەیەکی ئازادی تەواو بکات، بەرپرسیارە.

٢-بۆ مسۆگەرکردنی دان پێدانان و رێزلێگرتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی دیکەو بۆ وەدیهێنانی ئەنجامی رەوای داب و قانوون و بەرچەوەندی گشتی و ئاکار لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، هەموو کەسێک لە بەکارهێنانی ماف و ئازادییەکانیدا دەکەوێتە ژێر

ئەو مەرج و چوارچێوانەی کە تەنیاقانوون بڕیاری دەدات.

٣ -نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەم ماف و ئازادییانە دژ بە ئامانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاربهێنرێن.

بەندی ٣٠

هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێت وا لێکبدرێتەوە کە رێگە دەداتە دەوڵەتێک یا کۆمەڵێک یا تاکە کەسێک کەچ مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چالاکی یان کارێک بکەن بە مەبەستی تێکدانی ماف و ئازادییەکانی نێو ئەم بانگەوازە.

# (٤)

## لەبارەی ژیان و مردنەوە

بایەخدان بەژیان وهەوڵدان بۆمانەوە، شتێکی سروشتییە، هەموو زیندووان لەوەدا یەکسانن: مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەک. .. . لەهەوڵدان لەژیاندا بە ردەوام بن وخۆ لە لەناوچوون بپارێزن.

بایەخدان بەژیان و ویستی ژیان خەوشی تێدانییە، هەموو زیندووان لەوەدا هاوبەشن، ئەوەی مرۆڤ لە زیندووانی دیکە جیادەکاتەوە، پێکهاتەیەکی هزریی پێشکەوتوو، کاروئامراز خستنە خزمەتی مانەوەو پێشکەوتن وخۆشگوزەرانی مرۆڤ، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات -لەهەموو سەردەمەکاندا- بەهەموجۆرە ژیانێک ڕازی نەبێت، (تەنیا ژیان) بەس نییە، ئەمڕۆ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە-مرۆڤ ژیانێکی دەوێت تیایدا سەر بەرزبێت، ئازادبێت، هەمووبەها گەردوونییەکان و مافەکانی دابینکرابن:

(ئازادييەكـــان، مافەئابوورييەكـــان، مافەسياســـى وكۆمەڵايەتييەكان. .)ى، پارێزراوبن، ملكەچ وكۆيلەى كەس نەبێت و لەلايەن كەســەوە نەچەوسـێندرێتەوە وكەس نەچەوسێنێتەوە.

لەژيانيدا دەستى بگات بەتازەترين زانيارى زانستى وپێشكەوتنى تەكنۆلۆژى وسوودلەتازەترين زانيارى زانستى ببينێت، بەپێـى تـازەترين شـێوازى ژيـانى سەردەمييانە، شارستانيانە، ژيرياريانە، ژين وژيارى رێك بخات وبەخۆشـى وخۆشگوزەرانى وبەختەوەرى وئاسوودەيى، سەربەرزبژيێت.

هەرشێوازێكى ديكەى ژين وژيار ئەوا دەكەوێتە خوار ئەم ئاستەوەو كەموكورتى خۆى هەيە، لەنەگەيشتنە ژين وژيارى سەردەميانەومرۆڤ شايانى لەوەزياترە.

هەروەهـا ژيـان-لەخـوار ئەم ئاسـتەوە-دەبێـتە هـۆى بەرتەسك كردنەوەى بە خۆشى ژيان و بە ختەوەرى و بەرتەسك كردنەوەى بازنەى داهێنان وخزمەت.

هەروەهـــا ژيـــان-لەخـــوار ئەم ئاســـتەوە- تـــژييە لە تـــاوگيرى نەرێنـــى- ســـلبى، وەك: تـــرس، تۆقانـــدن،

رکـوکینـه، تـووڕەیی، خۆویسـتی. .. . کەوا دڵتەنگـی وئـازاری لێدەکەوێتەوە.

لـەنێـوان بـوون ونـەمانـدا ژیـان هەیە، واتـە ئێسـتا لـەژیانـدابوون، لـەژیـان هەرهەڵوێسـتێکت هەبێـت، بوونـی خۆت دیاری دەکەیت، کـات کـۆنترۆل دەکـەیت، لـەهەمـوو تـرووکـەو سـاتێکدا هـەوڵـدەدەیت خزمـەتـی زیاتر پێشکـەش بکـەیت، بەئامـانجی ئەوەی لـەڕێگـەی ئـەم خزمـەتـانـەوە بـە خۆشـی و بـە خـتـەوەری بژیـت ونـەمری بـەدەست بێنیت. تـاوگیری ئـەرێنـی- ایجـابی، وەک: خۆشی وشادی وئـاسوودەیی، ڕەزامەندی لـەژیـان پـەیـدا دەکـەن. مـرۆڤ ژیـانـی خـۆش دەوێـت، لـەبـەر ئـەوەی کێڵگـەوبواری خـزمـەت ونـەمرییە، مـرۆڤ هیـواو واتـایـەکی دەبێـت بـۆ ژیـان، بـەدوای ژیـانێکی پـڕ ئـەولـەهی وجێگیر وئـاسوودەدا دەگـەڕێت.

واتـە، لـەجیهانـدا ئـەوەی دەمینێـت: کـارو ڕەفتاروهەڵوێسـت وخزمـەتـەکـانـی مـرۆڤـە بـەکـۆمەڵگـە وبـەمرۆڤـایـەتـی، واتـە کـارە کۆمەڵایـەتییـەکـان، مـرۆڤ ئـەوەنـدەی پانتـایی سـوودوخزمـەتەکانی بۆکـۆمەڵگـە

وبۆمرۆڤایەتی گەورەتربێت ئەوەندە زیاتر لەیادگەی تاك و كۆمەڵگە ومرۆڤایەتی دەمێنێت وئەوەندە نەمردەبێت.

ژیان لەسەر -ئاستی ماددی- لەزانیارییە زانستییەكاندا، كەواهەمیشە لە گۆڕان وبەرەوپێشەوەچووندان:

مرۆڤ (یا هەر زیندووێك) -لەڕووی مادییەوە-لە پرۆسەیەكی سروشتیدا، (ڕۆژانێك نەبووەو دواتربووەو پاشان لەناوچووە. (مرۆڤ، ژیان ومردن بەدوو رواڵەت ودیاردەی سروشتی دەزانێت وژیان بە كێڵگەو دەرفەت وبواری خزمەت كردن دەزانێت، بەم جۆرە ، لەگەڵ سروشت ئاشت دەبێتەوە.

مردن وەك ژیان بەپرۆسەیەكی سروشتی دەزانێت، ئەوترس وتۆقینەی لەهەندێ بیرو بۆچووندا هەیە سەبارەت بەمردن، كاریگەرییان نامێنێت. واتە، ژیان و مردن-لەڕووی مادییەوە-دەبن بە دیاردەو رواڵەتی پرۆسەیەكی سروشتی، واتەچۆن رەوتی ژیان-لەڕووی مادییەوە-لە مایەی نازیندووەوە وبەپرۆسەی گۆڕانی

سروشتیدا ڕەت بووەو بۆتە مایەی زیندوو، هەربەپرۆسەی گۆڕانی سروشتی وپەرەسەندن چەندان جۆری پەرەسەندووی زیندووان پەیدابوون، هەرجۆرێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ئاپۆرەبوون وبەیەکەوەژیان. هەرجۆرێکیان دەشێ هەزاران ساڵ بمێنن.

لەم ئاپۆرەبوون وبەیەکەوەژیانەی مرۆڤەوە، واتە ژیان لەکۆمەڵگەدا، پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان ودیاردە کۆمەڵایەتییەکان پەیدابوون بۆپاراستنی جۆروبەردەوامیی ژیان، هەرلەکارکردن بۆپەیداکردنی بژێوییەوە تا کارەکۆمەڵایەتیەکانی دیکە، هەرلەدروستکردنی جلوبەرگەوە تا بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە. ئەمەیان قۆناخی کۆمەڵایەتی بوونە لە ژیاندا ولەگۆڕان وپەرەسەندنی بەردەوام دایە، بەئەزموونی بەردەوام مرۆڤ زانیاری زیاتر پەیدا دەکات وئامێری تەکنۆلۆجی نوێ بەرهەم دێنێت، لەڕووی زانیاریی زانستیی ئەزموونەکی وبەهامرۆییە گەردوونییەکان وبەخۆشی وشادی وبەختەوەری ژیان، ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبات. کەواتە ژیان

ومــــردن-لـەڕووی مـــادییەوە-، دووڕواڵـەت ودیـــاردەی گۆڕان و پەرەسـەندنـی سروشـتین ودووئـاسـتـی گـۆڕان و پەرەسەندنـی سروشـتیی ئـاوێتـەبوون وهـەڵوەشـانـەوەی مـایـە (مـادە)ن.

## لەبارەی مردنەوە

## مردن لە روانگەی پزیشکییەوە

هەموو بوونەوەرە زیندووەکان بەچەندان قۆناخی جیاجیادا دەڕۆن، بەئامانجی مانەوەوزۆربوون، مرۆڤیش هەروایە، بەقۆناخەکانی: منداڵی، گەورەبوون، پیریدا دەڕوات، دەشێ لەهەریەک لەم قۆناخانەدا ڕووبەڕووی مردن بێتەوە.

دوای مردن، مرۆڤیش جەستەی شی دەبێتەوە، بۆتوخمە بەراییەکانی لێیانەوە پێکهاتووە و ون دەبێت. ئەوەی سوودلەم شی بوونەوەیە دەبینێت بوونەوەری زیندووی دیکەن، وەک بوونەوەرە شیکەرەوەکان وڕووەک و. .. . پرۆسەکە بەردەوام دەبێت.

**پێناسە:**

لەڕووی پزیشکییەوە، مردن کۆتایی هاتن یا کۆتایی هێنانە بە هەموو ئەرکە بایۆلۆژییەکانی بوونەوەرێکی زیندوو.

**قۆناخەکانی مردن:**

**- مردنی کلینیکی**

**- مردنی بایۆلۆژیی**

**مردنی کلینیکی**: وەستانی لەناکاوی خولی خوێن لە دڵ وهەناسەو وشیاری، ئەوەیان بە (مردنی کلینیکی) ناسراوە، ئەو زاراوە (مصطلح) پزیشکییە بۆ وەستانی لەناکاوی خولی خوێن لە دڵ وهەناسە- کەدووهۆکاری سەرەکی ژیانن بەکاردێت، لەوحاڵەتەشدا چوونی خوێن بۆ دڵ دەوەستێت، دڵوەستانی بەدوادا دێت.

**مردنی بایۆلۆژیی**: لەئەنجامی وەستانی خولی خوێن لە دڵ وهەناسە ونەمانی ئۆکسجین، مێشک توانای کۆنترۆڵ کردنی نەویستانەی (اللاارادی) ئەرکە ژیوەرییەکانی (الحيوية) لەدەست دەدات.

کەسی کە دوچاری مردنی بایۆلۆژی بووە، دەشێ بۆماوەیەک دڵی هەرلێبدات، هەتا گەر مێشکیشی وەستابێت، بەڵام دواتر لەکاردەکەوێت.

**مردنی خانەیی**: دوای مردنی خانەکانی مێشک و وەستانی خولی خوێن و وەستانی دڵ وهەناسە، هەمووخانەکانی جەستە دەمرن.

## قۆناخەکانی

## شی بوونەوەی جەستە:

جەستەی مرۆڤی مردوو بەچەندان قۆناخ شی دەبێتەوە تاهەمووئەندامەکانی دەگرێتەوە، ئەوەشیان لەسەر توندو ڕەقی و پتەویی ئەندامەکان و ئاستی بەرگەی لەش و سەرەتای ژیانی بوونەوەرانی زیندووی دیکە لەسەر ئەم جەستەیە و ژینگەی دەوروبەری تەرمەکە دەوەستێت، تەرمی لەبەر هەوای کراوە داندراو هەشت جاران خێراتر شی دەبێتەوە لەوەی لەنێوخۆڵ نراوە. سروشت وخێرایی شی بوونەوە، شوێنی گۆڕەکەوشێوازی ناشتنەکە وجۆری خۆڵەکە کاریگەرییان لەسەر هەن.

## شی بوونەوەی جەستە:

پرۆسەیەکی کەرت بوون ولەت بوونی مایە زیندەڵەکانە (المواد العضوية) بۆ سادەترین توخم یا پاژیلەی (جزىء) شیاو، ئەم پرۆسەیەش ڕێدەگرێت لە کەڵەکەبوونی مادەی زیندوو دوای مردن (تەرمەکان)،

لەسەر گۆی زەوی وگەڕاندنەوەی توخمەگرینگەکانە بۆسروشت (خۆڵ وهەواوئاو) وئامادەبوونیانە بۆبەکارهێنانەوە. هەروەها بۆ ڕێگرتن لە پیسبوون ونەخۆشییەکان، بۆ خۆڵ پێکهێنان وزێدەکرنی بەپیتییەکەی و چەندان توخمی پێدەبەخشێت کە پێویستن بۆرووەک و پاراستنی زنجیرەی خۆراک لەسروشتدا. جەستەی مرۆڤ لە شی بوونەوەدا بە (٥) قۆناخ تێدەپەڕێت:

**ساردهەڵگەڕانی تەرم:**

ئەم قۆناخە یەکسەر دوای مردن ڕوودەدات، پلەی گەرمیی جەستەی مردوو خێرا دادەبەزێت، لە هەر کاتژمێرێکدا بەڕادەی یەک یا دووپلە دادەبەزێت، تایەکسان دەبێت بە پلەی گەرمیی شوێنەکەی تەرمەکەی لێیە. ساردهەڵگەڕانی تەرم، بەڵگەیەکە لەسەر مردن.

## شین هەڵگەڕانی تەرم:

پرۆسەی شین هەڵگەڕانی بەشێکی تەرمەکە، لەئەنجامی خوێن نیشتنەوە لە بەشی شۆڕبووەوەی جەستە، بەم جۆرە رەنگی پێست مۆر هەڵدەگەڕێت ودواتر شین هەڵدەگەڕێت.

ئەم قۆناخە دوای سێ کاتژمێر تا شەش کاتژمێر دوای مردن دەست پێدەکات. پزیشکیی دادی وتاوان دۆزەرەوەکان زۆر پشت بەم قۆناخە دەبەستن بۆدیاری کردنی کاتی مردن وبۆئەوەی بزانن ئایا تەرمەکە لەشوێنی خۆی لابراوە یا نا. ئەم قۆناخە بەهۆی وەستانی ماسوولکەی دڵەوەو نیشتنەوەو کۆبوونەوەی خوێن ونەخولانەوەی لەجەستەدا روودەدات.

## وشک و ڕەق هەڵگەڕانی تەرم:

لەئەنجامی وەستان ونەخولانەوەی خوێن لە ماسوولکەکاندا، وشک ورەق دەبن وناجووڵێن. جەستە بەرەبەرە وشک ورەق هەڵدەگەڕێت وتا (١٢) کاتژمێر دوای مردن دەگاتە ئەوپەڕی وشک ورەق هەڵگەڕان.

## کەڵەکەبوونی گەزندەکان (مێرووەکان)

### لەسەر تەرم:

قۆناخێکی پێشکەوتووە لە شی بوونەوەوسەرەتای شی بوونەوەی کرداریی جەستەیە.

وردە بوونەوەرە زیندووە هەواییەکان، بەخێرایی ئۆکسجین لەجەستەدا ناهێڵن، بەم جۆرە تەرمەکە ئامادە دەبێت بۆزۆربوونی خێراو چڕی بوونەوەرە زیندووە نا هەواییەکان.

لەکاتی گەنی بووندا، زیندەوەرەکان هێلکۆکەکانیان لە کونەکانی جەستە دادەنێن، وەک: دەم و لووت، گوێ، ئەندامەکانی زاووزێ، لەماوەیەکی کورتدا ئەم

هێلکۆکـــانـە دەتـــرووکێن وملیۆنـــان لـەژێوەبڕەکـــان بـەرهـەم دێـــــنن وتـەرمـەکـە دەبێـــــتـە ســـــەرچاوەی خۆراکیان.

لـەکاتـی گـەنـی بووندا، مێرووەکـان روودەکـەنـە شـوێنـی بۆگـەنیـــــوی لێـــــدێت. پزیشـــــکیی دادی، پشـــــت بـەجۆروژمـــارەی مێرووەکـــانـی جـەســـتـە دەبـەســـتێت بـۆزانینی کـاتـی مردنـەکـە. ئـەم زانستـەش بـە زانستـی مێرووەتاوانییەکان ناسراوە.

## هـەڵئاوسان (ئـەستووربوون):

جـەســــــتـەی مـــــرۆڤ لـەئـەنجـــــامـی زێـــــدەبوونـی زینـــــــدەوەرەجیاجیاکـانـی نـــــــاوەوەی جـەســـــــتـە هـەڵدەئـاوســێ، جـەســتـە پڕدەبێـت لـەگـازەکـان، وەک: میسان، دووەم ئۆکسیدی کـاربۆن، ئـەمۆنیـا، کبریتیـدی هایدرۆجین، هـەڵئاوسان لـە سک و ریخۆڵـەکان دروست دەبێت.

**شی بوونەوەی خۆکارانە (ذاتی):**

ئەوکرداریەیە لەئەنجامی خۆویرانکردنی خانەکانی جەستە دروست دەبێت، خانەکان خۆیان خۆ شی دەکەنەوە. نیشانەی ئەم پرۆسەیە- دوای رەت بوونی رۆژێکی تەواوە بەسەرمردندا-دەرکەوتنی پنکی سەوزە لەناوچەی سک، خوێنەڕۆکانی سک و سینە گەورەتردەردەکەون، چاوگۆڕانکاری بەسەردا دێت گلێنەی تاریک دەبێت.

دوای دوورۆژتا پێنج رۆژهەڵئاوسان سک وهەناو دەگرێتەوە، لەدەم ولووتەوە کەفی تێکەڵ بەخوێن دێتەدەرەوە، خاڵەسەوزەکانیش سک وسینە دەگرنەوە، گازەکان لە ژێر پێست کۆدەبنەوەودەبێتە هۆی هەڵئاوسانی دەم و چاووجەستەبەتەواوەتی، هەردووچاودەردەپەڕن وزمان دێتە دەرەوە، ئادگاروسیمای مردوو نامێنێت. ئەم گازانەی نێوتەرمەکەبۆنێکی گەنیوی لێ دێت.

دوای شی بوونەوەی زۆربەی ئەندامەکانی جەستە، ئێسکەکان شی دەبنەوەوکاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ شی بوونەوە.

شی بوونەوەی ئێسکەکان لە تەرمێکەوەبۆتەرمێکی دیکە جیاوازە، هەیە چەندان مانگ دەخایەنێت، هەیە چەندان ساڵ دەخایەنێت، لەبەر چەندان هۆکارەوە:

فشاروپلەی گەرما وقووڵایی وشوێنی تەرمەکە، بۆنموونە لەناوچە ساردەکان، ئێسکبەندی مرۆڤ دەشێ شی نەبێتەوە، کەچی لەناوچەکانی کەمەرەی زەوی دەشێ شی بوونەوە یەک مانگ نەخایەنێت.

شایانی باسە، جەستەی منداڵی تازەلەدایک بوو، بەقۆناخی شی بوونەوەی خۆکارانەدا ناڕوات، لەبەرئەوەی هیچ خۆراکی رووەکی نەخواردووە، خۆراکی رووەکی میکرۆبێکی ناوەوەیی تێدایە یارمەتی شی بوونەوەی جەستەدەدات.

## هۆكارەكانی مردن

بەگشتی، بەشێک لە هۆکارەکانی مردن، ئەمانەن:

پیربوونی بایۆلۆژی.

بەدخۆراکی و برسی کردن.

نەخۆشییەکانی دڵ.

نەخۆشیی شێرپەنجە.

جەڵتەی مێشک.

ئەلزەهایمەر.

نەخۆشییەکانی گورچیلە.

نەخۆشییەجیاجیاکانی ڕشتە (جهاز)ی هەناسە.

خۆکوشتن یا کوژران.

بوونە نێچیری دڕندان.

ڕووداو و زەبروزەنگ.. و هۆکارانی دیکەش.

**ئامار:**

بەگشتی لەهەموو جیهان، ڕۆژانە نزیکەی (١٥٠٠٠٠) کەس دەمرن.

**نیشانەکانی مردن:**

نەمانی هەناسەدان.

نەمانی کوتەی دڵ.

زەردهەڵگەڕانی دوای مردن.

شین هەڵگەڕانی بەشی خوارەوەی جەستە.

سارد هەڵگەڕانی جەستەی مردوو.

وشک ورەق هەڵگەڕانی جەستەی مردوو وشیبوونەوەی جەستە، کەوا بۆنێکی گەنی پەیدادەکات.

سوودی زانیارییە زانستییەکان لەبارەی مردن وشی بوونەوەی جەستە:

ئەم زایارییانە ئەوەدەسەلمێنن، کەوا (زیندووەکان بەگشتی) و مرۆڤ بەتایبەتی لەهەر کات وشوێنێک دابێت بە هەمان شێوە شی دەبێتەوەو لەناودەچێت.
پارە هەڵوەشاوەکانی جەستە، تێکەڵ: خاک وئاووهەوا دەبن وزنجیرەی خۆراک لەسروشتدا دە پارێزن.
لەجیهاندا ئەوەی مرۆڤ دەیمێنێت: کارو رەفتاروهەڵوێست وخزمەتەکانیەتی بەکۆمەڵگە وبەمرۆڤایەتی، واتە کارە کۆمەڵایەتییەکان وئەوەندەی پانتایی سوودوخزمەتەکانی بۆکۆمەڵگە وبۆمرۆڤایەتی گەورەتربێت ئەوەندە زیاتر لەیادگەی تاک و کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی دەمێنێت وئەوەندە نەمردەبێت.
یادگار واژەیی،دەڵێت:
(هەمووشتێک هەر وەک چۆن سەرەتای هەیە کۆتاییشی هەیە،
کۆتایی، هەمان ئەو فۆڕمە سەرەتایەی نییە ،کە شتێکی نوێت بۆ بهێنێتە گەردوونەوە بەڵکوکەس و

شـتێکت بـۆ دەخـاتە دۆخێکـی دیـکەوە و لـە بەرچـاو وونـی دەکات.

مـــردن نـــاوی ئەو کۆتـــاییەیە کە بەســـەرمرۆڤ و گیانـەوەراندا دێت، هەڵبەت نـاوی لـەنـاوچوونیش یـان بەسەرچوونیش بۆ شتـەکان. )

بـا مـردن سـەرەتاییێک بێت بـۆ مـانـەوەییێکی نـوێ ، بـا ئەوپەڕی رێـــز لـەمردووانمـــان بگـــرین ،بەرێـــز و شکۆمەندییەوە بۆگۆڕستان بەرێیان بکەین، بەرێـزەوە بەخاکیان بسپێرین.

باگۆڕستان ،سەرەتاییێک بێت بۆ یـادکرنـەوەو رێزگـرتن لـە کـــارو چـــالاکیی و خزمەتەکـــانی ئەوانەی ژیانئاواییان لێ کردووین.

باگۆڕســتان وەک ئـــارمگەو شـــوێنی ئاســـوودەیی بناســـێنین و لـەبەرچـــاوبگرین وگـــۆڕ وەک ئارامگەوشـــــوێنی یـــــادکردنەوەی ئەوانەی دواماڵئاواییان لێ کردووین ببینین.

خۆشەویستیی بەسەر ترس لە مردن زاڵ دەبێت








مرۆڤ بە پلەیەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ,لە دیمەنێکی دەگمەندا ، لاوێک دایکی بە کۆڕۆنا نەخۆش دەکەوێت و بەرە بەرە لێی توند دەکات ، تا هەناسە بە زەحمەت دەدات ، سواری تەکسیەکی دەکات دەیبات بۆ نەخۆشخانە (هەر لەناو تەکسیەکە ) لە ڕێگا دایکی هەناسەی زۆر تەنگ دەبێت و جار جار هەناسە بڕ دەبێت و لەهۆش خۆی دەچێت ، کوڕە

دەستبەجێ هەوڵی رزگارکردنی دایکی دەدات بە زارهەناسە پێدان (...ئەم دیمەنە دوو شت کۆ دەکاتەوە ، یەکیان خۆشەویستی کوڕەکەیە بۆ دایکی ، دووە میان نەمانی ترسی دووچاری کۆرۆنا بوون و ئیحتمالی مردن ، واتە خۆشەویستی ڕاستەقینەی کوڕەکە-واتەسروشتی کەسێتی و و هێزی ئەم هەست و سۆزەی - بۆ دایکی وای کرد بەسەر ترسی دووچار کرۆنابوون و شیاوی پێ مردن زاڵ بێت.

واتە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەسەر ترسی مردن زاڵ دەبێت بوونی خۆشەویستی ترس لەناو دەبات ، پێچەوانەی ترس خۆشەویستییە ، گەر ترسای واتە ، دووچاری کەمی خۆشەویستی بوویت .

لەم قۆناخەدا هەموو هەست و نەستێک گرنگن ، شیان بکەوە ، ئەزموونی مرۆیی گرنگن ، چاودێری هەستەکانت بکە .

لە دیمەنێکی دیکەدا ، لە زموونگە(مختبر)یەکی خوێن پشکنین ، پیرەمێردێکی حەوتا ساڵ هاتبوو بۆ پشکنینی کرۆنا ، لەوێ لێیان پرسی ، تۆ هیچ نیشانەی نەخۆشیت هەیە ، تا ، کۆکە ؟

وتی : نەخێر

-ئەی بۆ پشکنین دەکەیت ؟

وتـی :لـەماڵـەوە کوڕ و کچێکم هـەیە ، کچەکـەم نیشانـەی نـەخۆشی لـێ دەرکـەوتووە ، دەترسین کرۆنا بێت ، بردمانـە زموونگـە و پشکنینـی کردووە ، وتیان دوای دوو رۆژی دیکە دەردەچێت و من و دایکیان ، رێک کـەوتین لـەسەر ئـەوەی بچینـەی لای کوڕەکـەی دیکـەم ، کە ماڵـی خۆی هـەیە، بـەکوڕەکـەی دیکـەم وت :یا ئـەوەتا خوشک و براکـەت ببـەلای خۆت و خـەرجی چارەکردن چی هـەیە من دەیدەم ،یا من ودایکت دێین بۆ ماڵـی ئێوە تا خوشکـەکـەت چاک دەبێتـەوە،باخوشکـەکـەت لـەماڵـەوە چارەبکرێت.کوڕەکـەی دیکـەم وتـی : دەبێ پشکنین بکـەن و لـەماڵـی خۆتان ماڵنشین بن! (رێی نـەدا لـەماڵـی ئـەوان بمێنیتـەوە).

بۆیـە وا هاتووم پشکنین دەکـەم !

کۆرۆنا وەک هـەر هۆکارێکـی نـەرێنـی دیکـە، کـەلـە چـەندان حالـەتدا دەبنـە هۆی مردن ، ئـەویش هـەروایـە ، تۆ ئۆتـۆمۆبێل لێدەخورێت ، تۆ هاژۆ (سائق) ی ئۆتۆمبێلـەکـەیت ، گـەر ئۆتـۆمۆبێلـەکە ناتـەواوبێت ، کـەمو کوریـەکی هـەبێت و تۆ وشیاری هاژۆشتن دروستت نـەبێت ، یا لـەبـەر نـەخۆشیـەک کۆنترۆڵـی

ئۆتۆمۆبێلەکەت لەدەستدا ، لەم رووداوە ، گەر زەبرەکە توند و دژواربێت ، دەشێ مردنیش رووبدات. واتە ئۆتۆمۆبێل لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانی دیکەشییەوە – هۆکارێکە لە هەندێک حاڵەتدا دەبێتە هۆی مردن .

کەواتە هاژۆی ئۆتۆمۆبێل پێویستە سەرەتا وشیاریی تەواوی هەبێت بە یاساو ڕێساکانی ئۆتۆمۆبێل هاژۆتن و خۆشی لە بارودۆخێکی دروستی تەندروستی دابێت و ئۆتۆمۆبێلەکە دروست و بێ کەمو کورتی بێت ،واتە هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی رووداو . سەربارەی ئەوەی هۆکاری دیکەش هەن بۆ رووداو لە دەرەوەی ئەم هۆکارانەی باسکران و لە زۆر حاڵەتدا مردنی لێ دەکەوێتەوە .

کۆرۆناش هەر وایە ، دەبێت خۆی لێ بپارێزیت و گەر دوچاری بوویت بە پێی رێنماییە تەندروستییەکان چارەسەری خۆت بکەیت.

## بیرهات

ژیاندۆست بە، بیرو وتارو کردارت ژیاندۆستانە بێت. بایەخ بە دروستیی جەستەت، دروستیی دەروونت، دروستیی کۆمەڵایەتیت بدە. هەر وتارو کردار و بیروباوەڕێک ژیان بە ژیان بگەیەنێت، کاری پێ نەکەیت وبەپووچەڵی بزانە.

هەر بە ژیاندۆستی ماڵئاوایی لە ژیان بکە، لەدڵ و هۆشتەوە بڵێ: ژیان ئاوەدان و بەردەوام و هەمیشەیی بێت.

**بیرهات**

ژیاندۆستم، بیرو وتارو کردارم ژیاندۆستانەیە. بایەخ بە دروستیی جەستە، دروستیی دەروون، دروستیی کۆمەڵایەتیم دەدەم. هەر وتارو کردار و بیروباوەڕێکی زیان بە ژیان بگەیەنێت، کاری پێ ناکەم وبەپووچەڵی دەزانم. هەر بە ژیاندۆستی ماڵئاوایی لە ژیان دەکەم، لەدڵ و هۆشمەوە دەڵێم: ژیان ئاوەدان وبەردەوام و هەمیشەیی بێت.

شادم بەوەی ژیاندۆستم
وتارو کردار پەسندم
بیر و ئاکاری جوانن
نەمرن لای دۆستەکانم
بەهای بەرزی مرۆدۆستی
چرا و ئامانجی ژینمن
بەچاوی زانست دەڕوانم
گەشاوەیە گشت ژیانم

یادنامە

پەپوولەی یاد هەموو رۆژێ

لەسەر گۆڕت   هەڵدەفرێ

مرۆڤ رۆژێ کەس نەخواستە

پێشکەش بەخاک وگڵ دەکرێ

خۆشی لەتۆ هاوبیرەکەم

هیچ کەس جێگەی تۆناگرێ

جیهان تاسەر بۆکەس نییە

مردن وژین خۆزاییە

خۆشی لەتۆ ژیان دۆست بووی

وتاروکردار پەسندبووی

بیروئاکاری جوانتان

نەمرن لەیادی هەمووان

خۆشی لەتۆ هاوبیرەکەم

گشت ساتێ یادی تۆدەکەم

ژیان ئاوەدان ومالئاوا

بۆ هەمیشەو هەتاهەتا

بولبولی شادی هەمیشە

بەچل ئاواز بۆت دەخوێنێ

خۆشیی ژیان هەمەچەشە

بەهەزار رەنگ خۆی دەنوێ

ژیاندۆست بە ئازیزەکەم

وتە کردارت پەسندبێ

بەهای بەرزی مرۆدۆستی

چرا و ئامانجی ژینت بێ

بیر و ئاکاری جوانن

نەمرن لای دۆستەکانت

بەچاوی زانست بڕوانە

گەشاوەیە ئەم جیهانە

# خۆشی بۆ ئێوه

خۆشی بۆ ئێوه، خەڵكتان خۆش دەوێت،ئێوه مرۆستن.

خۆشی بۆ ئێوه، بەدوای ڕاستیەوەن، ئێوه ڕاستگۆن.

خۆشی بۆ ئێوه،ئاشتی بڵاودەكەنەوه، ئێوه ئاشتی خوازن.

خۆشی بۆ ئێوه،چاكەدەكەن، ئێوه چاكەخوازن.

خۆشی بۆ ئێوه،لەخەڵك خۆشدەبن ولەهەڵە دەبوورن، ئێوه لێبووردەن.

خۆشی بۆ ئێوه،بیرو وته و كردارتان ژیاندۆستانەیە ، ئێوه نەمرن ،یادتان هەمیشە زیندووه.

# خۆشی بۆ ئەوان

خۆشی بۆ ئەوانەی خەڵکیان خۆش دەوێت،ئەوان مرۆستن.

خۆشی بۆ ئەوانەی بەدوای ڕاستیەوەن، ئەوان راستگۆن.

خۆشی بۆ ئەوانەی ئاشتی بڵاودەکەنەوە، ئەوان ئاشتی خوازن.

خۆشی بۆ ئەوانەی چاکەدەکەن، ئەوان چاکەخوازن.

خۆشی بۆ ئەوانەی لەخەڵک خۆشدەبن ولەهەڵە دەبوورن، ئەوان لێبووردەن.

خۆشی بۆ ئەوانەی بیرو وتەوکرداریان ژیاندۆستانەیە ، ئەوان نەمرن ،یادیان هەمیشە زیندووە.

## خۆشی بۆ ئێوه

خۆشی بۆ ئێوه، خەڵکتان خۆش دەوێت،ئێوه مرۆستن.

خۆشی بۆ ئێوه، بەدوای ڕاستیەوەن، ئێوه راستگۆن.

خۆشی بۆ ئێوه،ئاشتی بڵاودەکەنەوه، ئێوه ئاشتی خوازن.

خۆشی بۆ ئێوه،چاکەدەکەن، ئێوه چاکەخوازن.

خۆشی بۆ ئێوه،لەخەڵک خۆشدەبن ولەهەڵە دەبوورن، ئێوه لێبووردەن.

خۆشی بۆ ئێوه،بیرو وتە و کردارتان ژیاندۆستانەیە ، ئێوه نەمرن ،یادتان هەمیشە زیندووه.

هەندێ قسەو پەند

خاوەن زانست بە هەم ژیاندۆستی
ژین و هەرمانت بۆدابین دەبی

ژیان جوانە دزێوی نەکەیت
دەرد بەدەرد دەرمان نەکەیت

جفات گرینگە هەوڵی بۆبدە
لەچاکەکاری هەرگیزکۆڵمەدە

ژیانی ئاسوودە کۆششی دەوێ
ئایندەبین بە چاکەی تۆم دەوێ

بەهەموو ژینێ قەت نەبی رازی

ژیان بەس نییە بێ سەرفرازی

لەزیندوەتیدا گشتمان دەزانین

مرۆ و ژیانداران هەموویەکسانین

لووزەوی ژیان ڕێسازیی گشتە

ژیانئاوایی زادەی سروشتە

دەستووری ژیار بکەسەرمەشقت

بەهای مرۆیی ببێتە نەخشت

ئەوەی دەمێنێ ژیان گە شییە

کارو بەرهەم و یاداوەرییە

## سەرچاوەکان


- العفيف الاخضر، من نقدالسماء الى نقدالارض، دار افاق، تونس، ط١، ٢٠١٤ . ل١٢٤-١٢٥ -

محمد مروان، مفهوم القيم الإنسانية، ٢٠١٦

https: //mawdoo3. com

- الإعلان العالمي لحقوق الإنسان

https: //www. un. org/ar/universal-declaration-human-rights/index. html

- حقوق الإنسان - **https: //ar. wikipedia. org/wiki/حقوق_الإنسان**

---

- ما تعريف حقوق الإنسان

- الاء جرار- ٢٠١٨ https: //mawdoo3. com/ما_تعريف_حقوق_الإنسان

---

- علمانية- **https: //ar. wikipedia. org/wiki/**

- ما هي العلمانية- شيرين أحمد ٢٠١٩

**https: //mawdoo3. com/**

--اصالة عثمان، ماهو الموت،

/https: //dkhlak. com/what-is-death

- أسامة خميس، الموت، ٢٠١٨،

https: //mawdoo3. com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%AA

- الدولة العلمانية والمسألة الدينية: تركيا نموذجًا بقلم صادق جلال العظم (مداخلة فكرية تحليلية – الجزء الأول).

https: //www. ibn-rushd. - org/typo3/cms/ar/magazine/12th-issue-winter-/20112012/sadiq-jalal-al-azm

- علي العميم، "العلمانية والممانعة الإسلامية: محاورات في النهضة والحداثة"، دار الساقي، بيروت، ط ٢، ٢٠٠٢، ص ١٦٣ .

- العلمانية والمسألة الدينية، صادق جلال العظم ، الحوار المتمدن-العدد: ٥٣٥١ - ٢٠١٦ / ١١ / ٢٤ - ٠٢: ٤٤

المحور: العلمانية، الدين السياسي ونقد الفكر الديني.

https: //www. ibn-rushd. org/typo3/cms/ar/magazine/12th-issue-winter-/20112012/sadiq-jalal-al-azm

- محمد مروان، مفهوم المواطنة، ٢٠١٨

https: //mawdoo3. com/

- د. علي المرهج، من هو المثقف العضوي؟ قراءة نقدية للشائع حول مفهوم غرامشي، ٢٠١٨

-https: //al-aalem. com/article/47128

-عزمي بشارة، الدين والعلمانية في سياق تاريخي، ج١، المركز العربي للابحاث، ط١، بيروت ٢٠١٣. الجزء الثاني، ٢٠١٥.

-عزمي بشارة، المجتمع المدني، دراسة نقدية، المركز العربي للابحاث، ط٦، بيروت ٢٠١٢.

-الأتجاه المعاكس-الدين والعلمانية-الشيخ يوسف القرضاوي والعلماني جلال العظم

https: //www. youtube. com/watch?v=I1YitjrzwkA

-صادق جلال العظم-معوقات العلمانية في الدول العربية

https: //www. youtube.
com/watch?v=2rjiCCaW9k4

-في معنى المواطنة-عزمي بشارة

https: //www. youtube.
com/watch?v=E__920kAnGg

**-في العمق |عزمي بشارة الديمقراطية ومفهومها ٢٠١٢\٧\٢٣**

https: //www. youtube.
com/watch?v=fyinVjttDtM

-عزمي بشارة-محاضرة عن المجتمع المدني في الوطن العربي

https: //www. youtube.
com/watch?v=71FqtN28EbY

- عزمي بشارة، مقالة في الحرية،المركزالعربي للابحاث،ط١،بيروت-٢٠١٦.ص ٢٨-٢٩-٣٠.

-مادة حقوق الإنسان [المحاضرة ١] ذ. محمد ضريف

https: //www. youtube. com/watch?v=DYo3Drl3v3w

-مادة حقوق الإنسان [المحاضرة ٢] ذ. محمد ضريف

https: //www. youtube. com/watch?v=q4dA5Lz9OXM



**محەمەد وەسمان عەزیز**

**لەدایکبووی:** ١٨_١_١٩٥٣_ هەولێر

**ئاستی خوێندن:** بکالۆریۆس لە یاسا

**کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:**

* بواری کارکردن: نووسەر و رۆژنامەنووس: سەرنووسەری گۆڤاری داد.

* (٢٠)ساڵ لەرۆژنامە(هەرێم)وگۆڤاری(هەرێمی کوردستان)کاری کردووە.

* ئەندامی لیژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە(٢٠٠٨ )ەوە تا(٢٠١٩)

* ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

_ دەروازەیەکی زیندەوەرزانی، چاپخانەیوەزارەتیپەروەردە،چ١،هەولێر، ٦٤ لاپەڕە، ١٩٩١.

_ بەرەو رۆشـــنبيرى هــاوچەرخ،هەولێر،٤٨ لاپەڕە چاپى يەكەم، ١٩٩٢.

_ د. شــێرزاد نــەجار، لــەبارەی ڕۆشــنبیری سیاســی، وەرگێــڕان لــە عەرەبییــەوە، لــە بڵاوکراوەکــانی ڕێکخــراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

_ چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشــنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠٠٤، ٢٣٢ لاپەڕە.

_ کەســــــــــێتی تــــــــــاکی عێراقی،نووســـینی:د .عەلیوەردی،وەرگێڕان لە عەرە بییەوە،لەبڵاوکراوەکانیکتێبخـــانەیزانکۆ،چ١، چاپخـــانەیوەزارەتیپەروەردە، هەولێـــر ، ٧٢ لاپەڕە .چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

_ م. رۆزنتال، ب. یوردین، ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، ٥٥٠ لاپەڕە.

_ گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ٧٥ لاپەڕە، قەبارە: (٢١×١٤.٥)سم.

_ ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی،لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ، ٢٠٠٥.

_ من گەورەبووم، ڕێبەری کچان،وەرگێڕان،لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ کراوە، (٢٠٠٥)

_ نوێگەری، کۆمەڵێك وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران_ هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ١٠٧ لاپەڕە.

_ کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

_ د. شێرزاد نەجار، هزر و سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o.p.l.c)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ٥٠ لاپەڕە.

_ ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، کۆمەڵە نووسەرێك، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

_ نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە،بڵاوکراوەکانی دەزگایوەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

_ ئێرك فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران_ هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

_ ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان)، وەرگێڕان، هاوبەش ، ژوورەبازرگانییەکانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧. ، ١٧٢ لاپەڕە.

_ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحموددا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

_ دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ٦٢ لاپەڕە.

_ کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

_ ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٧٦ لاپەڕە، قەبارە: (٢٢×١٥.٥)سم، نرخ: (٢٠٠٠)دینار.

_ د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، مێژوو و شارستانیەتی کورد، لە لایەن دەزگای زهرە الرافدین بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بەهاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ٣٦٧ لاپەڕە.

_ ئینگلیـزی گشـتگیر _ ڕێبـەرێکی گشـتگیر بـۆ ڕێزمـانی ئینگلیـزی، وەرگێـڕان، هاوبـەش، لـە بڵاوکراوەکـانی کتێبخانـەی ئاوێر، چاپی یەکـەم، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.

_ رێبەر بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠.

_ بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کـوردی، بەشـی یەکـەم، زمـان بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠وەکئەندامێکیلێژنەیبیبلۆگرافیا.

_ رەخنـــــەودەقی ئەدەبی،لـــــە بڵاوکراوەکـــــانی کتێبخانەیتەبایی،هەولێر، ٢٠١٠.

_ فەرهـەنگی زاراوە سـەربازییەکان، چـاپی ئـەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١.

_ یاسـای سـزاکانی عێراقـی ژمـارە ١١١سـاڵی ١٩٦٩، تیایـدا هـــەموو هەموارکردنـــەکان دەستنیشـــانکراون کـــە لـــە هـــەرێمی

کوردســـتانعێراق تـــا کــاتی چـــاپکردنی کـــارپێکراون، وەرگێـــڕان لەعەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.

_ ئیتێکـی ڕۆژنامەنووســی، لــە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتــی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ٩١ لاپەڕە.

_تــو ێژینـەوەکــانی کۆنفرانســی زانســتیی زمـانی کوردی ٢٠١١،، هاوبەش، رۆڵــی رەگـی کـار لـە زاراوەدانانـــدا، ل ٢٤٥ -٢٨٢ ،چاپخـــانـەی رۆشنبیری چ١،هـەولێر ٢٠١٢,٣٧٠ لاپەڕە

_ ســوقرات، وەرگێــڕان،، لــە بڵاوکراوەکـانی کتێبخانــەی ئاوێر، چاپی یەکـەم، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.

_ فەلسەفەی سۆفیگەری،، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.

_ لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون،لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەیتەبایی ،هەولێر، ٢٠١٣.

_ زمانی یاسا،لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٣.

_ فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان،لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەیتەبایی،هەولێر، ٢٠١٤.

_ دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن،لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەیتەبایی، هەولێر، ٢٠١٤

_ ڕێبەری داواشارستانییەکان،وەرگێڕان، هەولێر،٢٠١٥.

_ یاسای بازرگانی تیۆری گشتی، وەرگێڕان ،نووسینی :د.باسم محمدصالح محمدسامی ، چاپخانەی رۆژهەڵات،چ٣،هەولێر،٢٠١٨,٤١٥ لاپەڕە

_یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان،وەرگێڕان، نووسینی :د.فوزی محمدسامی ود.فائق محمودالشماع ،بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی، چاپخانەی هێڤی،چ١،هەولێر٢٠١٩,٤٣٠ لاپەڕە

_ قاموس نەوەکان- الاجیال، چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩. ٢٩٤ لاپەڕە

_ ژیاندۆستی، چاپییەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (٥٩٦)، ٢٠١٩، ٢٧٥ لاپەڕە.

- لەژیاننامەی فەیلەسووفان، تیراژ: ٥٠٠ دانە،
نۆرەی چاپ: یەکەم، چاپ:سنوور-هەولێر،
٢٠٢٠

**فەیسبووک: MohamadWasmanژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٦١٦٦٢٨**